# هاوڕێیەتی
# مۆبینگ
# بەرپرسیاریەتی

لە

پرۆسەی فێرکاریدا

نووسینی

کەریم مستەفا

٢٠١٢

ناوەڕۆک

پێشەکی

مۆراڵ و ئێتیک ، ئێمپاتی و سێمپاتی

بەشی یەکەم هاوڕێیەتی
هاوڕێیەتی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە
هاوڕێیەتی لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە
هاوڕێیەتی لە پرۆسەی فێرکارید
سەرنج و تێبینی چەند لاو و فێرخوازی نەرویجی سەبارەت بە هاوڕێیەتی

بەشی دووەم مۆبینگ
مۆبینگ لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە
پەنجەرەی جۆ – هاری
مۆبینگ لە ڕونگەی فەلسەفییەوە
فۆرمی ڕوماڵکردنی مۆبینگ
سەرنج و تێبینی چەند لاو و فێرخوازی نەرویجی سەبارەت بە مۆبینگ
گرینگیدان بە کێشەی مۆبینگ
پرۆگرامی ئۆلڤێۆس

بەشی سێیەم بەرپرسیاریەتی
پەروەردەکردن
بەرپرسیاریەتی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە
گەشەی ئێتیکی منداڵ
پلیکانەی کۆهلبێرگ
جۆرەکانی بەرپرسیاریەتی

ئەزموونێک
سەرچاوەکان

## پێشەکی

پرسی فێرکاری ئاڵۆزترین و هەستیارترین پرسی جڤاتە. فێرکاری و سیستەمی فێرکاری نیشاندەری ئاستی زانیار(مەعریفی) پێشڕەفتەیی هزری جڤات و هەر گەل و وڵاتێکە.
تا سیستەمی فێرکاری دیموکراتی و مۆدێرن نەبێت، ناوەڕۆک و بابەتی فێرکردن بۆ ئامانجی مرۆڤدۆستی، ژیاندۆستی، یەکدی قبوڵکردن، پێشڕەفتچوونی زانست و ژینگەدۆستی نەبێت؛ تا منداڵ بە شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە و لۆجیکییانە ڕانەهێنرێت؛ ئیدی هەر بانگاشە و باسکردنێکی کۆمەڵگەی سڤیل و دیموکرات و پێشڕەفتە و سەروەری یاسا ، هیچ مانایەکی نییە!
لە کتێبی (( پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی )) لە لاپەڕە ٩ دا نووسراوە :
*((ئەرکی سیستەمی فێرکاری*
*- ئامادەکردن و ڕاهێنانی منداڵان و لاوانە بۆ ژیان، تا بەهاوکاری لەگەڵ یەکدا بتوانن ڕووبەڕووی پێشهات و گرفت ببنەوە. فێرکاری دەبێت هێندە هونەر و زانست بدات بە منداڵ، کە توانای هەبێت ژیانی خۆی بەڕێوەبەرێت و ئەوجا بۆ جڤاتیش کارابێت.*
*- فێرگە دەبێت کاربکات بۆ ئامادەکردنی کادری شارەزا و بەتوانا، بۆئەوەی فێرخواز لە داهاتوودا جێی خۆی لە بازاڕی کاردا بکاتەوە. دەبێت پەرە بە توانا و لێهاتوویی منداڵ بدات و هێندە کارایان بکات، لە ئاییندەدا بتوانن کەسانی داهێنەر بن.*
*- فێرگە دەبێت منداڵ هانبدات، گەشبینانە لە ژیان و ئاینده بڕوانن و هەڵبژاردنیان ژیرانە بێت. دەبێت فێری بەرپرسیارییەتییان بکات، تا بیر لە کاریگەری هەڵسوکەوتیان لەسەر کەسانی دیکە بکەنەوە. کاتێک دید و ڕای خۆیان دەربارەی کەسانی دی و بابەتەکان دەدەن، دەبێت و ویژدانزیندوو، ئاگامەند و ڕەوشتبەرزانە بێنەپێش.*
*ئەرکی خوێندن و فێرکردن نابێت هەر ئەوەبێت کەسێکی تایبەت (دیاریکراو) بۆ کارێکی تایبەت (دیاریکراو) ئامادەبکات. بەڵکو دەبێت کەسێکی فرەتوانا و فرەلایەن ئامادەبکات؛ چونکە گۆڕانکارییەکانی سەردەم فرەچەشن و فرەلایەنن. بەو شێوەیەش دەبێت هەردەم ئامادەگی تازەکردنەوەی زانیار(مەعریفە) لە ئارادابێت.*
*- پاشخانی جڤاکی و ئابووری و فەرهەنگی، لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێک و لە کەسێکەوە بۆ کەسێک، جیاوازە. ئەو جیاوازییەش کاردەکاتە سەر دید و شێوازی بیرکردنەوەی منداڵان. ئەرکی سیستەمی فێرکارییە، دید و فەرهەنگێکی هاوکۆ لەنێو فێرخوازاندا پێکبهێنێت. ))*
( کتێبی پلانی فێرکاری هاوچەرخ، کەریم مستەفا. ٢٠٠٩ کۆمەک، ماڵپەڕی www.p4ckurd.net )
دەکرێ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەی لەو کتێبەدا ئاماژەیان پێدراوە، کە لە بۆچوون و دیدی پێشرەفتانەی سیستەمی فێرکاری سکەندناڤیادا هەڵهێنجراوە، لەخۆمان بپرسین، ئایا لەمڕۆدا ئەم ڕژێمە پەروەردەییەی، کە لە خوارووی کوردستاندا، پیادەدەکرێت، چەند لەو پرنسیپانە فێری منداڵ دەکات؟ گەر نەتوانین بەها گەڵێکی لەو جۆرە فێری منداڵەکانمان بکەین، گەر منداڵ تەنها فێری

خوێندن و نووسین بکەین، چ کەڵکێکی هەیە؟
پرۆسەی فێرکاری ئێمە، گەر نەتوانێت لەماوەی ١٢ساڵی خوێندندا، هێندە هۆشیاری لەلای فێرخواز بخەملێنێت، کە لەم گێژەنی زیادەمەسرەفی و ژینگە پیسکردنەی ئەمرۆکەی کوردستاندا، هەندێک لە بەکارهێنانەکانی کەمبکاتەوە. بۆ نمونە، ڕۆژی دۆلارێک مەسرەف کەمبکاتەوە، لەکاتێکدا زیاتر لە ملیاردێک مرۆڤ داهاتی ڕۆژانەیان کەمتر لە دۆلارێکە. لیترێک ئاو و چەند واتێک کارەبا کەمتر بەفیڕۆبدات، لە کاتێکدا ٢ملیارد مرۆڤ ئاوی پاکیان بۆ خواردنەوە دەستناکەوێت و داگیرکەرانی کوردستانیش هەرکاتێک بیانەوێت سەرچاوەی ڕووبارەکان، وشکدەکەن، یان ڕێڕەوەکەی بەخواستی خۆیان دەگۆڕن. وەک ئەوەی ئێران بە ڕووباری ئەڵوەندی کرد و ئەو بەنداوە گەورانەی تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە و فوڕات دروستیکردوون. ( ١ لە ٥ ) مرۆڤیش لەم جیهانەدا لە کارەبا بێ بەشە. تا ئێستاش، چەند ناوچەیەکی کوردستان کارەبا لە ئێران و تورکیا، دەکڕێت.
گەر پرۆسەی فێرکاری نەتوانێت هێندە هۆشیاری هزری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و نەتەوەیی لەلای فێرخواز دروست بکات، کە بڕوای بە تواناکانی خۆی هەبێت و ببێتە کەسێکی مرۆڤدۆست، وڵاتپارێز، نەتەوەدۆست و پەیڕەوکاری یاسا و توانای بەرهەمهێنان و ئەفراندنی هەبێت؛ ئیدی ئەو گشتە ئەرک و هەرایە لە بواری پەروەردەدا بەکەڵکی چی دێت؟!
بەدڵنیاییەوە، بەم ڕژێمی فێرکارییەی ئێستاکەی کوردستان و بەو کەمی ڕۆژانەی خوێندن لەساڵدا، ئەوا کوردستان، هەرگیز ناگاتە ئاستی وڵاتێکی پێشڕەفتە! گەر پشووە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان لە ساڵنامەی خوێندن دەربکەین، نزیکەی (١٠٠) ڕۆژی خوێندن هەیە. بەو (٢ تا ٣) سەعات دەوامەی فێرگەش، ئەوا فێرخوازێکی کوردستان، (٤٠%) ی فێرخوازێکی نەرویج دەخوێنێت!

ئەم کتێبە، لە سێ بەش پێکهاتووە. هاوڕێیەتی، مۆبینگ ( چەپاندن، Bullying ، البلطجە) و بەرپرسیاریەتی. ئەم سێ بوارە لە پرۆسەی فێرکاریدا زۆر گرنگن. هەر یەکێکیان چەندین کتێبی دەوێت، تا ڕەهەندەکانیان شیبکرێنەوە و کاریگەرییان لە پرۆسەی فێرکاری بەدیاربخرێت.

هاوڕێیەتی. مێژووی پەیدا بوونی ئەم پەیوەندییە مرۆڤایەتییە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش شارستانی بوون. بۆ ئەو سەردەمەی، کە مرۆڤ تێیدا ڕاوچی بووە. مێژووە تیئۆرییکەشی هێندەی تەمەنی نووسینەکانی ئەریستۆ کۆنە. کاتێک ئەو هاوڕێیەتی لە کتێبی ئاکاری نێکۆماخۆسی ، یان کتێبی(٨) دا شیکار دەکات.
هاوڕێیەتی پانتاییەکی فراوان لە پرۆسەی فێرکاریدا لە قۆناخی بنەڕەتی، بە هەر سێ بەشە قۆناخەکان ( ١ تا ٣، ٤ تا٦ و ٧ تا ٩ ) داگیردەکات. پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان فێرخوازاندا، لە لایەک و لە نێوان فێرخواز و فێرکاردا(مامۆستا) کاریگەری زۆری لەسەر گەشەی فێربوون هەیە.
مۆبینگ (لەم کتێبەدا چەمکە سکەندناڤییەکەی بەکاردەهێنم) دیاردەیەکی دەروونی و ڕەوشتی، مرۆڤانەیە، بڕوادەکرێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ کاتی پەیدابوونی کۆمەڵگەی مرۆڤ؛ بەڵام مێژووە

تیئۆرییەکەی لە سەرەتای ١٩٧٠ وە لە سوید و نەرویج، دەستپێدەکات.
بەرپرسیارەتی، هزرێکە، کە مرۆڤ لەسەرەتای مێژووی گردبوونیەوە لە دەستە و گروپدا، واتە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگەوە، سەرقاڵیەتی و بۆتە بەشێکی گرنگ لەکردەی بیرکردنەوەی.
مێژووی تیئۆری بەرپرسیاریەتی، لە مێژووی تیئۆری هاوڕێیەتی کۆنترە. پلاتۆن، دید و بۆچونی سۆکراتمان سەبارەت بە هاوپەیوەستی نێوان پەروەردە و بەرپرسیاریەتی، لە دیالۆگی کۆماردا، بۆ دەنووسێت.
ئەم سێ بابەتە، سێ بواری زۆر بەرفراوانن. بۆ نمونە تەنها لە نەرویجدا، سەدان کتێب و هەزاران گووتار و لێکۆڵینەوە، لەسەر هەریەک لەم بابەتانە نووسراون. چەندان ماڵپەڕی تایبەت بە هەریەکێک لەو بوارانە هەیە. سەد مخابن، بە کوردی، نووسین لەسەر ئەم بابەتانە دەگمەنە !
هاندەرم بۆ نووسین و کۆکردنەوەی ئەم سێ بابەتە پێکەوە سێ پاڵنەر بوون:
١- وەک، ئاماژەم پێدا، دەستکورتی پرۆسەی فێرکاریمان لەم بوارانەدا.
٢- من خۆم وەک منداڵ و وەک فێرخوازێک، ڕووبەڕووی گرفتەکانی ئەو هەر سێ بوارە بوومەتەوە و کاریگەری دەروونی زۆری لەسەرم هەبووە.
٣- بۆ ئەوەی بتوانین، چ وەک باوان، چ وەک مامۆستا و فێرکار، لە ڕەهەند و ڕوانگەیەکی نوێوە ئەم بوارانە فێری منداڵانی کوردستان بکەین، تا ئەم بۆچوونەی ژان ژاک ڕۆسۆمان بەسەردا نەچەسپێت، کە لە کتێبی ئێمیل دا دەنووسێت :
*(( مەگەر هەر خودا بزانێت، چەندەها منداڵ بونەتە قوربانی گەمژەیی ئەو باوک و مامۆستایانەی، کە خۆیان لە منداڵان پێ ژیرترە. پەروەردە و فێرکاری ئێمەی خۆبەزل زان، هەمیشە شتێک فێری منداڵ دەکەین، کە خۆیان باشتر دەتوانن فێربین. ))*
ماوەتەوە بڵێم، کە سەرەتای کتێبەکەم بە ڕوونکردنەوە و پێناسەیەکی کورتی چەمکەکانی مۆراڵ و ئێتیک، سێمپاتی و ئێمپاتی دەستپێکردووە؛ لەو ڕانگە و بۆچوونەوە، کە ئەم چەمکانە لە هەرسێ بەشەکەی کتێبەکەدا چەندبارە دەبنەوە، بۆیە ڕوونکردنەوەیانم بە پێویست زانی.
لە کۆتایی کتێبەکەشدا، بەکورتی ئەزموونێکی خۆم لەبارەی هاوڕێیایەتی و مۆبینگ(( کەلە ڕاستیدا، بەسەرهاتەکە پەیوەندی بە کچەکەمەوە هەیە، بەڵام لەسەر ڕەزامەندی خۆی و دوای ئەوەی ڕێگەی پێدام)) گێڕاوەتەوە. مەبەستم لەو گێڕانەوەیە، نووسینی یاداشت نییە، بەڵکو دەمەوێت ڕۆڵی دایک و باب و مامۆستا لە کەمکردنەوەی مۆبینگ و کۆمەککردنی منداڵ- فێرخواز لەو کێشانەدا نیشان بدەم.

کەریم مستەفا
بەهاری ٢٠١٢
ئۆسلۆ – نەرویج

## مۆراڵ و ئێتیک، ئێمپاتی و سێمپاتی

ئەم کتێبە تایبەت نیە بە ڕاڤە و شیکارکردنی ڕەهەندە فەلسەفی و دەروونییەکانی ئەم چەمکانە، بەڵام هاوکات مەحاڵە باسی پرۆسەی فێرکاری بکرێت و تیشک نەخرێتە سەر ئەم چەمک و بابەتە گرنگانە.

### مۆراڵ، ڕەوشت

لە وشەی( Moralis ) ی لاتینیەوە هاتووە، کە لە بنەڕەتدا چەمکێکی بایۆلۆجییە و لە وشەی مۆراڵیس- مۆرێس وەرگیراوە.

مۆراڵ، سیستەمێکە لە دید و بۆچوون و تێڕوانینی، تاکە کەسی و هەندێک جاریش گروپ، بۆ مرۆڤ و بەهاکان و خوەکان(عادەتەکان) و هەڵوێستگرتنە بەرانبەریان. مەرجیش نییە ئەو دید و بۆچوونانە پابەندبن بە دین و یاساوە، بەڵام زۆربەی جارەکان، بە تایبەتی لە مۆراڵی گروپدا، دین و یاسا، ڕۆڵی گەورە دەبینن.

لە زمانی کوردیدا، وشەی ڕەوشت، زۆربەی جار دوای وشەی خو، دێت. دەڵێن (( خو و ڕەوشت)) بەڵام بۆ ئاسانکردنی وشەکە، واوی پەیوەندییەکە کزبووە. یان ناگووترێت، بۆیە وەک یەک وشە دێتە گوێ (( خورەوشت))

### ئێتیک، ئاکار

لە وشەیEthos ئێتۆس(خو، عادەت) ی یۆنانییە وە هاتووە.

لە نێوان مۆڕال و ئێتیکدا کەمە جیاوازییەک هەیە. ئێتیک زانستی تیۆریانەی مۆڕاڵە و مۆڕالیش هەڵس و کەوت و کاردانەوەی مرۆڤە، لە هەمبەر پێشهات و ڕووداوەکانی ژیانی رۆژانەدا. ڕۆشنتر بڵێین، ئێتیک تیۆری و مۆڕاڵ پراکتیکە. لە فەلسەفەدا هەر مۆڕاڵێک لەسەر بنەمای ئێتیکێکی تایبەت دامەزراوە. پرسیارە سەرەکییەکانی. ئێتیک ئەمانەن:

- چاکە و خراپە، ڕاست و هەڵە، جوانی و ناشیرینی، ئەرک(بەرپرسیاریەتی) و ماف، چین؟ لە کوێوە، یان چۆن پەیدادەبن؟ ئێمە چۆن تێیاندەگەین؟

-- ئایا مرۆڤ دەبێت چ بەرسڤ و کاردانەوەیەکی لە هەمبەر ئەم پرسانەدا هەبێت؟

- مرۆڤ چۆن لەم پرسانە دەڕوانێت و بە چ شێوازیک، هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم پرسانە دەکات؟

- ئایا ڕێگەچارەگەلێک هەیە، تا وەک شێواز و بەرسڤ بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی هەبێت؟

- ئایا، لە بەرسڤ وکاردانەوەکانمان، بۆ ئەم پرسانە، ڕازین؟

- ئایا، ئێمە بەرپرسی دید و بۆچوون و تێڕوانینەکانمانین، لە هەمبەر ئەو پرسانەدا؟

واتە دەبێت بەو دید و بۆچوونانەی خۆمانەوە پابەندبین ؟

## کێشەی (( هەیە)) و (( دەبێت)) لە باس و بابەتی مۆراڵ و ئێتیکدا

سەختە، گەر نەڵێین مەحاڵە، لە باس و ڕاڤەکردنی پرسی مۆراڵ و ئێتیکدا، خۆت لە کێشەی ((هەیە)) و ((دەبێت)) نەدەیت. کێشەکەش ئەوە پرسەیە، کە ئایا :

- دەشێت، هۆ و بەرسڤی ژیرانەمان بۆ نۆرمە مۆراڵییەکان ( ڕەوشتی باو) هەبێت؟

بەبڕوا و بۆچوونی فەلسەفیانەی سەردەم، هیچ ڕاڤەیەکی لۆژیکمەندانە بۆ پرسی مۆراڵ نییە و گشت هەڵوێستێکی مۆراڵی، هەڵوێستێکی تاکەکەسی و دەروونی هەر مرۆڤێک خۆیەتی!

وەک دەزانین، گشت بۆچوونە لۆجیکییەکانی مۆراڵ، لەسەر ئەگەری ((هەیە)) وە بنیاتدەنرێت، بەڵام مرۆڤ بەو پێیەی زیندەوەرێکی بیرکەرەوەیە و هەمیشە لە هەوڵداندایە بۆ خۆتەواوکردن لە پرۆژەی بووندا(( بەگوێرەی ڕاڤەی فەلسەفەی بوونگەرایی، مرۆڤ بوونێکی ناتەواوە و لە هەوڵی تەواوکردنی بوونی خۆیدایە)) هەمیشە هەوڵدەدات، کە مۆراڵی خۆی بەرەو (( دەبێت)) بەرێت.

(( هەیە)) چییە؟

هەیە، ئەو مۆراڵە لۆجیکییە باوەیە، کە ((ئێستا و لێرە)) لە ئارادایە و باوە. بۆ نمونە، سزای مەرگ (ئیعدام)، یان چەوساندنەوە، هەیە.

(( دەبێت )) چییە؟

دەبێت، ئەو مۆراڵەیە( ئەو ئامانجەیە)، کە مرۆڤ کاری بۆ دەکات و هەوڵی بۆدەدات، تا لە ئایندەدا بیگاتی. بە واتایەکی دیکە، گۆڕینی داکەوتێکە لە ڕێگەی هەڵوێستی مۆراڵییەوە، بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی ئێتیکی. بۆنمونە ((هەوڵدان بۆ نەهێلان و لابردنی سزای مەرگ و نەهێشتنی چەوسانەوە.))

## ئێمپاتی

لە وشەی((Empathia )) ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە ڕاستەوخۆ مانای (( لەناو هەستدا )) دەدات.

ئێمپاتی دەرککردنی هەست و دیدی کەسانی دیکەیە. بەواتایەکی ڕۆشنتر، تێگەیشتنە لە هۆکار و پاڵنەری کردەوە، دانوستاند، دنیابینی و هەستی کەسانی دیکە.

ئێمپاتی، مانای (( هاودەردی)) دەدات. واتە خۆت بخەیتە ئەو بارودۆخەی کە کەسێکی دیکەی تێدایە، تا بەتەواوەتی هەمان هەست و بۆچوونت هەبێت.

## سێمپاتی

لە وشەی(( Sympathiea )) یۆنانیەوە هاتووە، کە مانای ((هاوسۆزی )) دەدات. زۆر لە وشەی ئێمپاتی نزیکە و هەندێکجار لەبری یەکدیش بەکاردەهێنرێن.

# بەشی یەکەم

## هاوڕێیەتی

هاوڕێیەتی، پەیوەندییەکە لەنێوان دوو، یان چەند مرۆڤێکدا، لەسەر بنەمای خۆشویستن و متمانە دادەمەزرێت. ئەم مرۆڤانە- هاوڕێیانە، دەبێت هاوکات پەیوەندی هاوسۆزی (ئێمپاتی) و پەیوەندی هاوخەمی- هاودەردی(سێمپاتی) لەنێوانیاندا هەبێت و لەگەڵ یەکدیدا ڕاستگۆبن. بە هەبوونی ئەو پەیوەندییە و بە نزیکی لەیەکدییەوە، ئەم هاوڕێیانە، شاددەبن.

## هاوڕێیەتی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە

ئێتیک (ئاکار) ڕاڤەی کردەی هەڵسوکەوت و پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکانە، لەبەرهەندێ دەبێت بەشێکی گرنگی ئەم تێرمە، بۆ شیکارکردنی هاوڕێیەتی تەرخانبکرێت، چونکە هاوڕێیەتی کردەیەکی ئێتیکییە.

دەشێ هاوڕێیەتی جۆرێک لە خودبینی، یان جورێک لە جۆرەکانی هاوسۆزی بێت. هاوڕێییەتی شێوازێکی خۆ ڕاهێنانە بۆ فێربوون و دەرککردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵکردنە لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

پیتاگۆراس(٥٦٩ - ٤٧٥ پ.م.) بڕوای وابوو کە، هاوڕێ خودێکی (خۆیەکی) دیکەیە، یان خۆ بینینە لە کەسێکی دیکەدا.

ئەو لە هاوڕێیەتیدا یەکسانی و بەرابەریەکی هارمۆنی دەبینی. پێتاگۆراس مامۆستا بوو، لە فێرگەکەی خۆیدا لە شاری کرۆتۆن، دوو مەرجی هەبوو بۆ وەرگرتنی خوێندکار:

یەکەم، دەبووایە لە تاقیکاریەکانی پێش وەرگرتن دەرچوبا.

دووەم، دەبووایە پەیمانی هاوڕێیەتی لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا ببەستێت.

ئێپیکێور ( ٣٤١- ٢٧٠ پ. ز. )

بەبڕوای ئێپیکێۆر، دەرککردنی هەستەکان و لەزەتبردن لەو هەستانە، شاڕێگەی بە شادی گەیشتنە.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لە هاوڕێیەتی دەڕوانێت. بۆیە دەڵێت :

(( گشت مرۆڤێک حەز لە هاوڕێیەتی دەکات، چونکە هاوڕێیەتی، خۆی لە خۆیدا، ئامانجێکە، ئەویش بوونی هاوڕێیە. بەڵام ئەو ئامانجە وەک پێداویستییەک سەرهەڵدەدات! ))

لە دیدی ئێپیکێۆردا، هاوڕێیەتی ڕاستەقینە، یەکدی ( هەڕەتاندن – ئیستیغلالکردن) نییە، بەڵکو لەزەتبردن و شادبوونە بە هاوڕێیەتیکردن.

بە بڕوای پلاتۆن (٤٢٧- ٣٤٧ پ.م.)، هاوڕێ ئەوکەسەیە کە سودمان پێدەگەیێنێت. هاوڕێیەتی چاکەکردنە. لە دیالۆگی ( لیسیس) دا لەسەر زاری سۆکرات و هاودیالۆگەکانییەوە، پلاتۆن، بەم شێوەیە باسی هاوڕێ و هاوڕێیەتی دەکات:

(( - مەبەستت لە هاوڕێ ئەوکەسەیە، کە بۆ ئێمە چاک و سودبەخشە، یان بۆ هەمو کەسێک وایە؟
- بێگومان تۆ ئەو کەسەت خۆشدەوێت، کە چاک و سودبەخشە و ڕقت لە کەسێکیشە، کە خراپ و زیانبەخش بێت. بەڵام دڵنیام خەڵکی لەم بارەیەوە هەندێکجار توشی هەڵە دەبن؛ زۆر کەس بە چاک و سودبەخش دەبینن، کە وانین. هەمان هەڵەش لە ناسینی دوژمندا دەکەن.
- بەڵێ وادەکەن.
- ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کەسی چاک بە هاوڕێ و کەسی خراپیش بە دوژمنی خۆیان دابنێن؟
- کەسێك سودبەخشبێت و ئێستاش سودبگەیێنێت، بە هاوڕێ دادەنرێت. کەسێکیش سودبەخش بووبێت و ئێستا سودبەخش نەبێت، هاوڕێ نییە. بەمجۆرەش بیر لە دوژمن دەکرێتەوە.
- دادوەری، چاکەکردنە لەگەڵ هاوڕێ و خراپەکردنیشە لەگەڵ دوژمندا. ))

بە بڕوای ئەریستۆ(٣٤٤- ٢٨٨ پ.م.) هاوڕێیەتی هۆکارێکە بۆ فێربوون و مەشقێکە بۆ دیالۆگکردن و ڕێگایەکە بۆ ئاسودەیی. هاوڕێیەتی لەلای ئەریستۆ گرنگترین و بەرزترتن پلەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. ئەو لە کتێبی هەشت (٨) دا ((ئاکاری نیکۆماخیسی)) دەڵێت:

(( هاوڕێیەتی مەرجی بەردەوامی ژیانە. کەس ناتوانێت بەبێ هاوڕێ بژی، با خاوەنی هەموو شتێکیش بێت. با بەدەستەڵاتترین و دەوڵەمەندترین کەسیش بێت، هێشتا دەخوازێت کە هاوڕێی هەبێت. سامان و خۆشگوزەرانی چییە گەر لەگەڵ هاوڕێیان و کەسانی دیکەدا بەشی نەکەین؟ هەست و سۆزیشمان دەبێت هەروا بەش بکەین. دەوڵەمەند، هەروەک هەژار، پیر هەروەک گەنج، پێویستی بە هاوڕێیە. هەروەها دایک و باوک دەتوانن، لەگەڵ منداڵەکانیاندا هاوڕێ بن.))
لە ڕوانگەی ئەریستۆوە، هاوڕێیەتی، مەرجی سەرەکییە بۆ شادی ژیان. ئەو دەڵێت :
((هەن دەڵێن، کە یەکێک گەیشتە پلەوپایەیەکی بەرز، ئیدی شاددەبێت و پێویستی بە (کەس) هاوڕێ نییە. بەبڕوای من ئەوانە هەڵەن، چونکە مرۆڤی تەنها و بێ هاوڕێ، با بەرزترین و بەهێزترین پلەوپایەشی هەبێت، هێشتا بەتەواوی شاد نابێت.))

لەدرێژەی ڕاڤەکارییەکەیدا بۆ هاوڕێیەتی، ئەو وای بۆ دەچێت، کە پەیوەندی ((ئەسیمێتیریسک)) نابەرابەر لەنێوان مامۆستا و فێرخوازدا و لە نێوان باوان و منداڵدا، نابێت وەک پەیوەندییەکی

((ئەتۆریتی)) بەزەبر، لێی بڕوانرێت، کە لایەنێک خاوەن زانیاری و زەبرە و دەسەڵاتە. لایەنەکەی دیکەش بێ زانیاری و بێ دەسەڵاتە بۆیە دەبێت لایەنی باڵادەست ( مامۆستا و باوان ) دید و بۆچوونی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن.

پەیوەندی نێوان، مامۆستا و فێرخواز و پەیوەندی نێوان باوان و منداڵان، دەبێت پەیوەندییەکی دۆستانە و هاوڕێیانە بێت، کە هەردوولا بەرابەربن و پرۆسەی فێربوون لە پەیوەندییەکەدا بۆ هەردوولا بێت. واتا مامۆستا و باوانیش دەتوانن (شت) لە منداڵانەوە فێربن. بەواتایەکی دیکە، هاوڕێیەتی ڕاستەقینە لە نێوان کەسە، یان تاکە یەکسانەکاندا دەبێت.

ئەریستۆ، سێ جۆر هاوڕێیەتیمان بۆ دەستنیشاندەکات:

- هاوڕێیەتی سودبەخش
- هاوڕێیەتی شادیبەخش
- هاوڕێیەتی چاکەبەخش

## هاوڕێیەتی سودبەخش :

ئەو جۆرە هاوڕێیەتیەیە، کە لایەنەکان تەنها بۆ  بەمەبەستی سودبەخشین (سودوەرگرتن) لەیەکدی دەیبەستن. پرسی چاکویستی و کەسایەتی (کاراکتێر) لەم جۆرە هاوڕێیەتییەدا گرنگ نیە. بە نەمانی سودەکە بنەماکانی هاوڕێیەتییەکەش نامێنێت.

## هاوڕێیەتی شادیبەخش :

ئەو جۆرە هاوڕێیەتییەیە، کە بۆ مەبەستی شادی (خۆشی) دەبەسترێت. لەم پەیوەندییەشدا جۆری کەسایەتی (کاراکتێری) هاوڕێکان بۆ یەکدی گرنگ نییە. بەهەمان شێوەی هاوڕێیەتی سودبەخش، لەدوای نەمانی بابەتی خۆشییەکە، بنەماکانی هاوڕێیەتییەکەش لەقدەبێت.

لەم دوجۆرە هاوڕێیەتییەدا، هەڵبژاردنی هاوڕێکان- کەسەکان، بەرێکەوتە و چۆنیەتی کەسایەتی هاوڕێکە ڕۆڵێکی نیە لە پەیوەندییەکەدا، گرنگ ئەوەیە کە هاوڕێکان شادی بەیەکدی ببەخشن.

## هاوڕێیەتی چاکە بەخش :

ئەم جۆرە هاوڕێیەتییە، هاوڕێیەتییەکی قوڵە و لەسەر بنەمای چاکەویستی هاوڕێکان بنیات دەنرێت. نە سود، نە شادی بەخشنین ڕۆڵێک لە بەستنی ئەم جۆرە هاوڕێیەتییەدا نابینێت. زۆربەی جار ئەم هاوڕێیەتییە، لەمنداڵییەوە دەبەسترێت و تا کۆتایی ژیانی هاوڕێکان بەردەوامدەبێت. لەم جۆرە هاوڕێیەتیەدا، خودی هاوڕێکە و کەسێتی هاوڕێکە گرنگە، نەک پلە و پێگەی هاوڕێکە. مەرجی سەرەکی و هەرەگرنگی بەستنی هاوڕێیەتی لەم جۆرە، ڕاگرتنی بەلانس و هاوتەرازکردنی هەردوو

هەستی((ئێگۆیزم)) خۆویستی و هەستی ((ئەڵترویسم)) کۆویستیە.

## ئەریستۆ، سێ مەرجی داناوە بۆ بەستنی هاوڕێیەتی چاکەبەخش:

- هەستی چاکە- چاکویستی، یان چاکخوازی
- چاکەخوازی بۆ هاوڕێکەت لە هەموو ڕوویەکەوە و لە هەموو کاتێکدا.
- سەلماندنی چاکخوازییەکەت لەلایەن هاوڕێکەتەوە.

با لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاڤەیەی ئەریستۆدا، بزانین هاوڕێی چاک- باش، کێیە؟ ئەو مەرجانە چین، کە دەبێت لە نێوان هاوڕێکاندا هەبن، تا بە هاوڕێی چاک- باش بهێنە ئەژمار؟

پەندێک هەیە دەڵێت:

(( گەر دەتەوێت هاوڕێی باش- چاکت هەبێت، دەبێت خۆت باشترین - چاکترین هاوڕێ بیت! ))

لەم چەند خاڵانەی خوارەوە، مەرجەکانی هاوڕێی چاک- باش، بەدەردەکەون :

- هاوڕێی باش، هەمیشە گوێ لەیەکدی دەگرن.
- هاوڕێی باش، هەمیشە هەوڵدەدەن لە هەست و سۆز و بیروبۆچوونی یەکدی تێبگەن.
- هاوڕێی باش، هەمیشە هاوکاری یەکدی دەکەن، تا کێشە و تەنگانەی یەکدی چارەسەربکەن.
- هاوڕێی باش، هەمیشە ڕێزی یەکدی دەگرن.
- هاوڕێی باش، هەرگیز یەکدی ناشکێنن و هەست و سۆزی یەکدی ناڕوشێنن.
- هاوڕێی باش، هەمیشە پەرۆشی یەکدین.
- هاوڕێی باش، هەمیشە بڕوایان بەیەکدی هەیە.
- هاوڕێی باش، هەمیشە لەگەڵ یەکدیدا ڕاستگۆن .
- هاوڕێی باش، کە ڕەخنە لەیەکدی دەگرن، هەرگیز کەسایەتی یەکدی ناشکێنن.
- هاوڕێی باش، هەمیشە بۆکاری باش و لەدوای ئەنجامدانی کاری باش، ستایشی یەکدی دەکەن.
- هاوڕێی باش، هەمیشە دەرفەت و هەلی گۆڕان و خۆڕاستکردنەوە بەیەکدی دەدەن.

سیسیرۆ (١٠٦- ٧٠ پ.م.)

لە نوسراوی (( دی ئەمێکیتیا= دەربارەی هاوڕێیەتی)) دەڵێت:

(( هاوڕێ منێکی دیکەیە! ))

(( دی ئەمێکیتیا )) کتێبێکە لەسەر پەیوەندی هاوڕێیەتی، بەڵام سیسێرۆ لەو کتێبەدا بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا، هەر هەمان بۆچوونەکان و بنەماکانی ئەریستۆی دووبارە کردۆتەوە و شتێکی زۆر جیاواز و نوێ تری لەوانەی ئەریستۆ، تێدانییە.

جۆن ستیوارت میڵ (١٨٠٦- ١٨٧٣) Jhon Stuart Mill

میڵ، هاوڕێیەتی لە پلەی یەکەمی خۆشی ئاستی بەرز دادەنێت. ئەو بڕوای وابوو، کە (خۆشی) دوو ئاستی هەیە:

١- خۆشی ئاستی نزم

٢- خۆشی ئاستی بەرز ( ئەمەیان دەگاتە پلەی شادی)

## ١- خۆشی ئاستی نزم

خۆشییە بایۆلجییەکان، یان خۆشییە ئاژەڵییەکانە. میڵ، بەم خۆشییانە دەڵێت، خۆشی ئاستی نزم، یان کەم بایەخ و کورت مەدا، وەک:

- خواردن
- خواردنەوە( بۆ ئاژەڵەکان، تەنها ئاوە، بەڵام بۆ مرۆڤ، جگە لە ئاو، خواردنەوەی دیکەش هەیە)
- سێکس

## ٢- خۆشی ئاست بەرز

میڵ، ئەمانە بە خۆشی ڕاستەقینە ناودەبات و بڕوای وابوو. کە ئەم خۆشییانە دەگەنە پلەی شادی. وەک:

- هاوڕێیەتی
- شیعر
- مۆسیقا (هونەر بە گشتی)

لەدرێژەی ڕاڤەکەیدا، میڵ ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەگەر ژیان، تەنها گەڕان بێت بە دوای خۆشی ئاست نزمدا، ئەوا ژیانی مرۆڤێک- کەسێک و بەرازێک. جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە! بۆئەوەی مرۆڤ، خۆی لە بەراز جودابکاتەوە، دەبێت عەقداڵی خۆشییە ئاست بەرزەکان بێت؛ لەسەرروو هەمووشیانەوە، هاوڕێیەتی.{لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەی( کەس) و وشەی(بەراز) هەردووکیان بە (پ) دەستپێدەکەن، بۆیە میڵ، بەراوردی مرۆڤ- کەس و بەرازی بەیەکدی کردووە)

هاوڕێیەتی، لە سالانی منداڵی و لاوێتیدا زۆر گرنگە بۆ گەشەی هزر و تێگەیشتن لە بەها و ئێتیک و ڕاستگۆیی. هەروەها بۆ ڕاهاتن لەسەر (تۆلێرانس) ئەوانی دیکە پەسەندکردن و کۆویستی. بەکورتی هاوڕێیەتی مەرجی کۆمەلایەتی بوونی مرۆڤە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ جۆرەکانی هاوڕێیەتی، دەبینین لەسەرەتای ژیانی فێرگەدا، لە نێوان فێرخوازانی باشوری کوردستاندا، هاوڕێیەتی سودبەخش، زۆر باوە، هۆی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە

بۆ شێوازی ڕژێمی پەروەردە لە وڵاتدا.
چونکە ئامانجی سەرەکی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستان، تەنها دەرچوون و بەدەستهێنانی نمرەیە لە تاقیکردنەوەکاندا، ئیدی فێرخواز، هەم بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و هەم بۆ ڕزگاربوون لە سزا و لێپرسینەوە و سەرزەنشت، بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەرچوونیەتی.
لەبەر ئەم هۆیە،(منداڵ) فێرخواز هەمیشە هەوڵدەدەن، ببنە هاوڕێی هاوپۆلە (*زیرەکەکانیان* ) تا سودیان لێوەرگرن و بتوانن بەهۆی ئەوانەوە لە تاقیکردنەوەکاندا دەرچن، یان نمرەی بەرز وەربگرن. ئەم جۆرە هاوڕێیەتییە، لەگشت قۆناخەکانی خوێندندا لە کوردستان، لە بنەڕەتییەوە تا زانکۆ، هەیە.
هەڵبەت، کەدەڵێن زیرەک، مەبەست لەو ڕیزبەندییە، کە لە ڕژێمی پەروەردەی کوردستاندا بۆ فێرخواز کراوە و بۆ دوو دەستە پۆلێنکراون، زیرەک و تەمبەڵ. ( تەمبەڵ بەو مەبەستەی، کە لە بواری فێرکاریدا بەکاردێت)
گەرچی هیچ منداڵێکی ساخلەم لە جەستە و دەروونداا، تەمبەڵ نییە، بەڵام ئەو شێوازەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بۆ فێرکاری پیادەدەکرێت، چونکە شێوازێکە منداڵ دەکات بە توتی، کارێکی وایکردوە، ئەو منداڵەی توانای ئەزبەرکردنی زۆربێت، بە *زیرەک* ناوزەدبکرێت و منداڵێکیش، کە ئەم توانایەی کەمبێت، بە *تەمبەڵ* ناوزەدبکرێت.

هاوڕێیەتی شادیبەخش. هاوشێوەی هاوڕێیەتی سودبەخش، لە قۆناخی بنەرەتیدا زۆرە و تاڕادەیەکیش لە قۆناخی ئامادەییدا دەمێنێت. چونکێ ڕژێمی فیرکاری لە کوردستاندا، لەسەر بنەماکانی دێموکراتی و ئازادی تاک بنیاتنەنراوە. پەیوەندییەکانی مامۆستا و فێرخواز، پەیوەندییەکی دسپلینیە و فێرگە زیاتر لە سەربازگەیەک دەچێت، نەک بنکەیەک، کە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی داهێنان لە منداڵدا کاربکات.

گەرچی یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی ۲۰۰۷ لە هەولێر، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی سزا و لێدان بوو (پێشتریش ئەم بڕیارە درابوو) بەڵام تائێستا لێدان و توندوتیژی دژ بە فێرخواز بەکاردێت و هەندێکجاریش دەبێتە مایەی کاردانەوەی نێگەتیڤانە، لەلایەن فێرخواز و خوێندکارەوە.
بۆ نموونە بڕوانە ئەم بابەتە لە سایتی ئاوێنەدا، لە ۲۰۱۱/۱/۲۵ دا بڵاوکراوەتەوە:
(بەناچاری، کەمێک دەستکاری ڕێنووس و داڕشتنەکەییم کردووە ! )

*(( دوو کەیسی بەکارهێنانی توندوتیژیی و بریندارکردنی خوێندکاران بەسوڵحی عەشایەری چارەسەر دەکرێت و بەهۆی ڕازیبوونی کەسوکاری خوێندکارە هەراسانکراوەکانەوە، بەر لەوەی کێشەکان بگەنە پەروەردە و پۆلیس، پەردەپۆش دەکرێن.*
*ڕۆژنامەی ئاوێنە: بەپێی بەدواداچوونی ئاوێنە لە هەفتەی ڕابردوودا بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی*

*بنەڕەتیی لە دەڤەری گەرمیان، توندوتیژییەکی زۆری بەرانبەر یەکێك لە قوتابییەکانی بەکارهێناوە و بوەتە هۆی ئەوەی دەستێکی قوتابییەکە بشکێنێت، بەڵام دواتر بە سوڵحی عەشایەریی کۆتایی بە کێشەکە هێنراوە و هیچ ڕێوشوێنێکی ئیداری و یاسایی بەرانبەر بەڕێوەبەرەکە، نەگیراوەتە بەر.*

*هەروەها لە ناحیەی عەربەت، نزیك سلێمانی، بەڕێوەبەرێك و خوێندکارێك پێکداهەڵپژاون و پاش ئەوەی خوێندکارەکە دەستی لە بەڕێوەبەرەکە کردۆتەوە، بەڕێوەبەرەکە چەکوشێکی بە سەری خوێندکارەکەدا داوە و بەهۆی زۆری شکاوییەکەوەی، لە نەخۆشخانە بە ١٩ تەقەڵ ( سەری ) دوراوەتەوە. پاش دەرچوونی خوێندکارەکە، لە نەخۆشخانە، کێشەکە بەسوڵحی عەشایەریی چارەسەر کراوە. ))*

جگە لە توندوتیژی و بەهیچکردنی پرۆسەی فێرکاری، سوڵحی عەشاییریش بۆخۆی، بەهەند نەگرتن و بەهیچکردنی یاسایە!

گەر منداڵ ئازاری جەستەیش نەدرێت، ئەوا تاڕادەیەکی زۆر ئازادی جوڵە و بزاوتی سنورداركراوە، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئارامی پۆل و فێرگە. جگەلەوەی زۆربەی هەرەزۆری فێرگەکانی کوردستان، هیچ هونەرێکی بیناسازی تێدا نیە و زیاتر لە زیندان دەچن، تا فێرگە. بەدیواری بەرز چواردەوردراون و دەرگای سەرەکیش لەگەڵ دەستپێکردنی دەوامدا دادەخرێت و کۆتایی دەوامدەکرێتەوە. بۆیە دەبینین لەکاتی تەواوبوونی دەوامدا، نزیکەی گشت منداڵان بە هاتوهاوار بەرەو دەرکی دەرەوە ڕادەکەن.
ئەمڕۆکە لە (باشوری) کوردستاندا، چ فێرخواز و خوێنکار، چ خەڵکی دیکەش، بە کاتی کۆتایی دەوامی فێرگە دەڵێن: ((کاتی بەربوون)). ئاشکرایە وشەی بەربوون، بۆ هاتنەدەرەوەی زیندانییە لە زیندان، نەک بۆ هاتنەدەرەوەی فێرخواز لە فێرگە. لە بارودۆخی فێرگەیەکی لەم جۆرەدا و ئەگەر لەماڵیشەوە ئازادی نەبێت، یان ئازدی منداڵ زۆر بەرتەسک بێت، ئاساییە، کە منداڵ- فێرخواز هەمیشە بۆ دەرفەتێک بگەڕێت، تا کەمێک شادی لێوەرگرێت.

Jean-Jacques Rousseau ژان ژاک ڕۆسۆ ( ١٧١٢- ١٧٧٨ )

لە کتێبی (ئێمیل) دا دەنووسێت :

*((ئەم پەروەردە زاڵمانەیە، ئێستا دەکاتە قوربانی داهاتویەکی نادیار و جێی گومان. منداڵ لە کۆت و بەندی جۆراوجۆردا دیلدەکات. ئەمڕۆی لێدەکاتە ڕۆژی ڕەش، بەو بیانوەی داهاتویەکی پڕ لە بەختەوەری بۆ سازدەکات، ......... بڕوانن، سەردەمی خۆشییەکانی منداڵان، چۆناوچۆن بەگریان و هەڕەشە تێدەپەڕێ. منداڵ ئەشکەنجەدەدەن بۆئەوەی بەختەوەربێت، هیچ بیر لەوە ناکەنەوە، کە بەم هەڵسوکەوتەیان بەرەو مەرگی دەبەن. (مەگەر هەر) خودا بزانێت، چەندەها منداڵ بوونەتە*

*قوربانی گەمژەیی ئەو باوک و مامۆستایانەی، کە خۆیان لە منداڵان(و فێرخوازان) پێ زیرەکترە. ))*
(ئێمیل، ژان ژاک ڕۆسۆ، و. ڕەسوڵ سوڵتانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ساڵی ۲۰۰۸ )
گەر منداڵێک- فێرخوازێک کەمێ چاونەترس بێت و ئەو سنورانەی ئازادییەکەی بەرتەسکدەکەنەوە، ببەزێنێت. بۆنمونە، بتوانێت مامۆستا جارِسبکات، یان کاتی وانەکە بەفیرِۆبدات، دەبێتە کەسێکی قارەمان و شادیبەخش و خۆشەویست و نزیکەی هەمووان (فێرخوازەکان) دەیانەوێت ببنە هاوڕێی.
هاوڕێیەتی کەسایەتیبەخش، ئەم جۆرە هاوڕێیەتیە، لە قۆناخی بنەڕەتیدا و لە سەرەتای چونەفێرگەدا بەشێوەی گشتی،نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە هەمو شوێنێک، کەمە. لەگەڵ هەڵچونی تەمەندا ئەمجۆرە هاوڕێیەتییە دەرِسکێت.

ئەریستۆ، لەدرێژەی راڤەکردنەکەیدا بۆ هاوڕێیەتی و پەیوەندی نێوان هاوڕێیاندا ڕوونیدەکاتەوە، کە ئاساییە منداڵ- لاو جۆری هاوڕێیەتیەکەی، یان هاوڕێکانی زووزوو بگۆڕێت، لەبەر دوو هۆ:

۱- چونکە منداڵ هێشتا لەگەڵ هەستەکانی خۆیدا ئاشنانیە و بۆ ساتەوەخت دەژی. واتە ساتەوەختی خۆشیهێن- شادیهێن بۆی گرنگە.
۲- تێکەڵکردنی (هەستەکان) پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی. لەوانەیە منداڵ، هاوڕێیەتی شادیبەخش و هاوڕێیەتی سودبەخش، لێکجودا نەکاتەوە، یان هاوڕێیەتی شادیبەخش و خۆشەویستی تێکەڵبکات.
یەکێک لە مەرجەکانی هاوڕێیەتی چاکەبەخش، چاکەخوازییە بۆ هاوڕێکەت لە هەموو ڕویەکەوە و لە هەموو کاتێکدا. ئەم مەرجە چۆن بنەمای هاوڕێیەتییەکی ساغلەمە، هێندەش مەترسیدارە گەر زیادەڕۆیی لە دەربڕین و پراکتیزەکردنیدا بکرێت.
بەتەنگەوەهاتن و چاکویستنی لەڕادەبەدەر و یەکلایەنە بۆ هاوڕێ، دەبێتە مایەی سرینەوەی کەسایەتی هاوڕێ و بە هیچکردنی. لە فەرهەنگی دەروناسیدا بە دیاردەیەکی لەمجۆرە دەگوترێت ((پاتەرناڵیزم)).

پاتەرناڵیزم، لە وشەی (پاتەر= باوک) ی لاتینییەوە هاتوە، دەکری بە (( سۆزی باوکانە)) یان ((بابسۆزی)) وەربگێڕدرێت.

گەر بەتەنگەوەهاتن و چاکویستی بۆ هاوڕێ گەیشتە پلەی پاتەرنالیزم (بابسۆزی) ئیدی لایەک لەهاوکێشەکە، یەکساندەبێت بە هیچ، واتە پرۆسەی بەشتکردن -بەهیچکردن دەستپێدەکات.
لە بەشی دووەم ، بەشی مۆبینگدا دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە (( بەشتکردن، بەهیچکردن)) ە لەلای هەریەک لە کانت و لێڤیناس.

# هاوڕێیەتی لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە

جوبران خەلیل جوبران لە کتێبی (ئەلنەبی) دا، دەنووسێت:
(( گەنجێک گوتی:
باسی هاوڕێیەتیمان بۆ بکە.
ئەمیش گوتی:
هاوڕێکەت پێداویستیەکتە و دەبێت پەیدایکەیت. ئەو کێڵگەیەکە و بە ئەڤین دەیچێنیت و بە سوپاسگوزاری دەیچنێوە. ئەو سفرە و ئاگردانتە، کە برسێتیت تێردەکات و بە گڕ و تینی دەبوژێیتەوە. کاتێک ئەو بیرێکی خۆیت بۆ دەدرکێنێ، تۆ سڵ لەوە ناکەیتەوە بڵێیت نا ، وەک چۆن ئەتۆش ناتوانیت زاری ئەو بگریت، تا نەبێژێ نا. ئەو کاتانەشی، کە بێ دەنگە، دڵت هەر دەتوانێت گوێی لە ڕازی دڵی بێت، چونکە لە هاوڕێیەتیدا بیر و ئەندێشە و خەون و ئاوات و حەزەکان، بێ پێشمەرج دەڕسکێن. .................. .
ئایا هاوڕێ بۆ ئەوەیە، کە کاتی بێکاری لەگەڵدا بەسەربەرین؟
نا، بەڵکو دەبێت ساتگەلێکی پڕ کامەرانی پێکەوە بەسەربەرین. چونکە هاوڕێ بۆ ئەوە نییە، کاتمان بەفیرۆبدات، بەڵکو بۆ ئەوەیە پێداویستییەکانمان تێرکەن! گەر لەگەڵ هاوڕێکانتدا کۆبوویتەوە، با هاوڕێیەتی ببێتە سەرچاوەی خەندە و خۆشی، چونکە دڵ بە شادی هاوڕێیان، دەگەشێتەوە.))

( النبی، ص، ٦٦ و ٦٧. جبران خلیل جبران، النوفل، بیروت، لبنان، ٢٠٠٦ ).

ئەحمەدی شاملو، لە (داستانی گلگامش) دا دەنووسێت:

*((گلگامش، نیوەشەو رابۆوە، بانگی ئەنکیدۆی کرد و باسی خەونەکەی خۆی بۆ کرد:*
*- ئەی هاوڕێکەم! من نەخشی خەونێکم بینیوە. نەخشی ئەو خەونەی بینیم بەڕاستی تۆقێنەربوو. ئێمە، من و تۆ، ڕووبەڕووی لوتکەی کێو وەستابووین، کە لەناکاو دێوەزمەیەک دەرکەوت وەک گرمەی بروسکە بۆ خوارەوە خلۆر بۆوە ................*
*ئەنکیدۆ گووتی :*
*- هۆ هاوڕێکەم، خەونی تۆ شیرینە و ڕاڤەکەی باشە ! ))*

( داستانی گلگامش، ئەحمەدی شاملو، و. ئیدریس شێخ شەرفی، چاپخانەی ڕەنج، هەلێر، ٢٠٠٤ )

ئێریک فرۆم لە کتێبی هونەری خۆشەویستیدا دەنووسێت:

*(( خۆشەویستی هێزێکە، کە خۆشەویستی بەرهەمدەهێنێت. تەنها لە جیهانی خۆشەویستیدا مانای بەخشین و وەرگرتن هاوواتا نیە، مامۆستا لە خوێندکارانەوە - خۆشەویستی- فێردەبێت، هونەرمەند لە جەماوەر. ))*

دواتر لەزاری مارکسەوە دەنووسێت:

*(( خۆشەویستی دەکرێ تەنها لەگەڵ خۆشەویستیدا بگۆڕدرێتەوە و متمانە بە متمانە ...... ))*

(هونەری خۆشەویستی، ئێریک فرۆم، و. عوسمان حەسەن شاکر، چاپخانەی ئۆفسێتی ژین، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠ )

نیتشە، لە کتێبی (ئاوهای گووت زەردەشت) دا، لە بەشی هاوڕێدا دەنووسێت :

(( بۆ هاوڕێکەت ببە بە هەوای بەربڵاو، بە تەنهایی، بە خۆراک و بە دەرمان. کەسی واهەیە ناتوانێت خۆی لەهیچ کۆت و بەندێک ڕزگاربکات، وەلێ هاوڕێکەی لەو کۆت و بەندانە ڕزگاردەکات)).

( هكذا تكلم زرادشت، فردريك نيتشه. ترجمه. فليكس فارس، دار القلم، بيروت- لبنان )

لەم چەند نمونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە هاوڕێیەتی پەیوەندییەکی مرۆڤانەیە و لەناو گشت زیندەوەرەکانی جیهاندا، تەنها مرۆڤە، کە هاوڕێیەتی دەکات و لە مانا و ئامانجی هاوڕێیەتی تێدەگات.

مەرجی سەرەکی و هەرە گرنگی هاوڕێیەتیش، لێکحاڵیبوون و دەرککردنی هەست و سۆزی یەکدی و یەکدی خۆشویستن و ڕێز لە یەکدی گرتنە و بەتەنگەوەهاتنی یەکدییە.

## هاوڕێیەتی لە پرۆسەی فێرکاریدا

پەیوەندی هاوڕێیانە لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا، مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکاری.

لەسەرەتای پرۆسەی فێرکاریدا، پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز، پەیوەندی هاوڕێیەتی سودبەخشە. چونکە لەم قۆناخەدا، فێرخواز مەبەستی، یان ئامانجی تەنها سودوەرگرتنە لە مامۆستا. لەگەڵ هەڵچونی قۆناخەکانی خوێندندا، دەشێت پەیوەندی نێوان فێرخواز و مامۆستا بگاتە ئاستی پەیوەندی هاوڕێیەتی چاکەبەخش. بەهەمان شێوە پەیوەندی لە نێوان منداڵ و باوانیشدا بگاتە هەمان پلەی هاوڕێیەتی چاکەبەخش.

پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز، منداڵ و باوان، کاتێک دەگاتە پلەی هاوڕێیەتی، کە هەردوولا تەنها هەستی چاکویستییان بەرانبەر یەکدی هەبێت. هەردوولا هەستی چاکویستی یەکدی دەرکبکەن و متمانەیان بەیەکدی هەبێت.
لەڕێگەی دەرککردنی یەکدی و متمانە و چاکویستی، بۆ یەکدی، دەتوانن پەی بە دەروونی یەکدی بەرن و لە ناخی یەکدی تێبگەن، ئەمەش خاڵی هەرە گرنگ و سەرەکییەیە، کە بۆ پرۆسەی فێرکردن گرنگە و کلیلی گشت دەرگا داخراوەکانیەتی.
متمانەکردن بەیەکدی، بنەمای هاوڕێیەتی ڕاستەقینە و چاکەبەخشە. منداڵ- فێرخواز (مرۆڤ بەگشتی) گەر متمانە بە یەکێک نەکات، ناتوانێت، یان نایەوێت، هیچیشی لێوە فێربێت.
گەر منداڵ- فێرخواز، متمانەی بە باوان و مامۆستاکەی(مامۆستاکانی) نەبێت، مەحاڵە بوێرێت پرسیاریان لێبکات، یان رازی دڵی خۆی بۆ ئەوان بدرکێنێت. یان دیالۆگێکی ڕاستگۆیانەیان لەنێواندا سازبێت. ئەم ڕێگرانەش پرۆسەی فێرکاری دەکەن بەهیچ.
زۆربەی ئەو زانیارییانەی لەم سەردەمەدا فێرخواز هەیانە، سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی فێرگە و پرۆسەی فێرکاریدان: هاوڕێ، یان هاوڕێیەتی یەکێکە لە سەرچاوە هەرەگرنگەکان. گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان هاوڕێیاندا بێ سانسۆر و بێ بەرابەرە.
زانیاریش مەرجێکی گرنگە بۆ هەڵسوکەوتی ژیرانە لە ساتە سەخت و ئاڵۆز و چارەنووسسازەکاندا. هەبوونی زانیار و ئەزمونکردنی، دەبێتە مایەی ژیرێتی، ژیریەتیش هۆکارێکە بۆ ئاسودەیی.
لەڕێگەی دیالۆگی دۆستانەی نێوان هاوڕێکاندا پرۆسەیەکی فێربوونی نافەرمی پیادەدەکرێت.
پرۆسەیەک، کە لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە لوتکەی داهێنان ((وەک هاوڕێیەتیەکەی نێوان مارکس و ئەنجلس و داهێنانە هزری و فەلسەفییە هاوبەشەکانیان))
لە پرۆسەی هاوڕێیەتیدا و لە ئەنجامی دیالۆگی هاوڕێیانەوەیە،کە دەتوانین پەی بە دنیای دەروونی هاوڕێیانمان بەرین و دەرک بە ناخیان بکەین. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات (هەندێ، یان زۆرجار) خۆمان لەبری ئەوان دابنێین و دنیا لە ڕوانگەی دیدی ئەوانەوە ببینین و ڕاڤەبکەین، (ئێمپاتی) لە کاتی تەنگانە و چەڵەمە و کارەساتدا، هەست بە ئازاری دەرونی هاوڕێکانمان بکەین (سێمپاتی).
چۆن ئەنکیدۆ لە واتای خەونەکەی گلگامش تێگەیشت (( هۆ هاوڕێکەم، خەونی تۆ شیرینە و ڕاڤەکەی باشە ! ))

## Nel Nodding نێڵ نۆددینگس(١٩٢٩- )

پێداگۆگ و فەیلەسوفی ئەمریکایی خاتو نێڵ نۆددینگ، شاکارگەلێکی نووسیوە، یەکێک لەوانە کتێبێکە بەناوی (فەلسەفەی فێرکاری). لەو کتێبەدا لە پەیوەندی هاوڕێیەتی لە پرۆسەی فێرکاریدا دەکۆڵێتەوە. بەکورتی خاتو نێل بڕوای وایە، کە هاوڕێیەتی نێوان منداڵان - فێرخوازان و مامۆستا لە پلەیەکدا دەگاتە هاوڕێیەتییەکی چاکەبەخش، کە هەردوولا، دەرکی یەکدی بکەن و هیچ لایەکیان، ئەوی دیکە فەرامۆش نەکات، واتە هاوڕێیەتیەکی هاوتەراز.

ئەو لەدرێژەی ڕاڤەكارییەكەیدا پێشنیاری ئەوە دەكات، كە فێرگە و پرۆسەی فێركاری، هەردەم لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی سەردەمدا نوێبكرێنەوە بەشێوەیەک، كە فێرخواز هەموو ئامراز و ڕێبازی مۆدێرن و سەردەمانەی بۆ فەراهەمكرابێت بۆ فێربوون و گرێدانی ئەو فێربوونە بە ژیانی ڕۆژانەی خودی فێرخواز و كۆمەڵگاوە. هەروەها هێندە زەمینە بۆ هاوڕێیەتی چاكەبەخش لە نێوان فێرخواز و فێرخواز، مامۆستا و فێرخواز، فەراهەمبكرێت، كە ببێتە مایەی بنیاتنانی ممتمانە. چونكە لەو ڕێگەیەوە پرۆسەی فێركاری ئاسانتر و توانایی فێربوونیش بەرزتر دەبێت.
( فەلسەفەی فێركاری، نێڵ ئۆددینگس- سایتی ویكەپێدیا- ئینگلیزی )

متمانە مەرجێكی گرنگی هاوڕێیەتییە، هەروەها هۆكارێكیشە بۆ ڕەواندنەوەی هەستی ئێرەییپێبردن (جێلەسی). هەستی جێڵەسی لەلایەن باوانەوە كاتێک دەپشكوێت، كە دەبینن منداڵەكانیان لەگەڵ هاوڕێكانیاندا هەموو نهێنیەكانی خۆیان باسدەكەن، كەچی هیچ لەلای دایک، یان باوكیان هیچ نادركێنن. لەبەر ئەمە زۆربەی جار باوان گلەییان لە منداڵەكانیان هەیە.
ئاشكرایە هۆی ئەم دیاردەیە، بێمتمانەیی منداڵە بە باوانی خۆی. ئەوەتا ژان ژاک ڕۆسۆ، دەنووسێت:

*((گەر منداڵەكانتان ئازاد و سەربەست پەروەردەبكەن، هیچ هۆیەک نیە، كە درۆتان لەگەڵ بكەن. ئێوە كە لۆمەی نەكەن، تەمبێی نەكەن، ئیدی ئەویش هیچ هۆ و بیانویەكی نییە، كە ئەو نهێنییەی بە هاوڕێكەی خۆی دەڵێت، لە ئێوەی بشارێتەوە. ئەو كە نهێنیەكانی خۆی لەلای هاوڕێكەی دەدركێنێت، لەبەرئەوەیە، هیچ هەڕەشە و مەترسییەكی لەلایەن هاوڕێكەیەوە لەسەر نییە. ))*
(هەمان سەرچاوەی پێشوو)

بەكورتی:
پەیوەندی هاوڕێیەتی، پەیوەندییەكی مرۆڤانەیە، لەسەر بنەمای متمانە و خۆشەویستی بنیاتدەنرێت و دیدی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی هاوڕێكان (لایەنەكان) دەگەێنێتە ئاستی كامڵبون.
مرۆڤ بەسروشتی خۆی زیندەوەرێكی كۆیستە- گەلویستە، واتە بەگەل دەژی و ناتوانێت بە تەنها بژی، لەبەرئەوە، هەردەم پێویستی بە هاوڕێ و هاودەم هەیە.
لە پەیوەندی هاوڕێیەتی ساخلەمدا لە قۆناخەكانی پرۆسەی فێركاریدا، كە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و بەرابەری یەكسانی هاوڕێكان(لایەنەكان) بنیاتنرابێت، دەبێتە مایەی فراوانكردنی زانیاری هاوڕێكان. زانیارییەک، كە نە لەفێرگە و نە لە دووتوێی كتێبەكاندا، بەڵكو لەڕێگەی دیالۆگی هاوڕێیانەوە، كە لایەنەكان بەرابەرن و متمانەیان بەیەكدی هەیە و یەكدییان خۆشدەوێت، بەدەستی دێنێت.

لە کتێبی پلانی فێرکاری هاوچەرخدا، لە بەشی، فرەزانی دەربارەی ژیان، خالی 5 – پەیوەندی و تۆڕبەندی، نووسراوە :

*(( دەبێت منداڵ فێری تۆڕبەندی سازکردن و ڕاگرتنی پەیوەندی دۆستانە و بەرژەوەندی ئامێز بێت .))*

( پلانی فێرکاری هاوجەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی، کەریم مستەفا، کۆمەک، ساڵی ٢٠٠٩ )

## هەندێک سەرنج و تێڕوانینی چەند لاو و فێرخوازی نەرویجی سەبارەت بە چەمکی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی هاوڕێیان

ئەم کۆمێنتارانە لە ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن (نەرویجی) لاپەڕەی دێبات، سی. د. دا بڵاوکراوەتەوە ( Aftenposten. Debat – si. D.)

لەو ڕۆژنامەیەدا لە ڕۆژی ٢٠١١/١١/٢٢ دا، کچێکی تەمەن ١٥ ساڵان ( ناوی خۆی ناوەکچێکی دڵتەنگ – پەست ) سەبارەت بە هاوڕێکانی دەنووسێت :

(( بابم زۆرم پێدا هەڵدەشاخێت، هەرچ هەڵسوکەت، یان کارێک دەکەم، ڕەخنەی توندم لێدەگرێت، ئیدی بەمن وایە، من توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکم نییە. ڕۆژێکیان لە یەکێک لە کاتی پشووەکانی فێرگەدا، لە گۆڕەپانەکە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا، نزیکەی حەوت کەسێک دەبوون، دانیشتبووم. چونکە ڕۆژی پێشتر دیسان بابم لێم تووڕە ببوو، ئیدی هۆنهۆن فرمێسک لە چاوانم دەبارین، هەرچیم کرد نەمتوانی بەر بە فرمێسکەکانم بگرم. زیاتر لە نیوەی کاتی پشووەکە هەر لە نێوانیاندا دانیشتبووم، کەچێ تەنها یەکێکیشیان نەسەرنجی منیان دا و نەهەستیان بەو بارە ئاڵۆز و سەختە دەروونییەی من کرد. تەنانەت ئەو دووانەشیان کە لای خۆیان، نزیکترین هاوڕێمن!
هەمووو، باسی هەمووو شتێکیان دەکرد و بۆ هەمووو بوارێک بازیان دەدا و باسی هیچی تایبەتیشیان نەدەکرد ! هەرگیز هێندەی ئەو ڕۆژە هەستم بە تەنهایی نەکردووە. ))

کۆمێنتاری ئەم کچە ١٥ ساڵانە، لەگەڵ دیدی جوبران خەلیل جوبران، لە کتێبی (النبی) بەراوردبکە.

(( گەر لەگەڵ هاوڕێکانتدا کۆبوویتەوە، با هاوڕێیەتی ببێتە سەرچاوەی خەندە و خۆشی، چونکە دڵ بە شادی هاوڕێیان دەگەشێتەوە. ))

دیسان لەهەمان ڕۆژنامەدا و لەهەمان لاپەڕەدا، لە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٦ دا ، کچێکی تەمەن ١٤ ساڵان بەناوی کاتا، کۆمێنتارێکی لەژێر سەردێڕی (( هاوڕێکان خراپترین درۆزنن! )) نووسیوە :

(( کاتێک، کە یەکێک درۆت لەگەڵدا دەکات، تا تۆ هەست بە کەموکوڕی خۆت نەکەیت و خۆتت لەلا پەسەند بێت. با ئەو کەسە، مەبەستی دڵڕاگرتنیشت بێت، ئیدی ئەوە خراپترین درۆیەکە لەگەڵتدا دەکات. جا گەر ئەو درۆیە لەلایەن کەسێکەوە بێت، کە نزیکترین هاوڕێت بێت ؟!

هەندێک لە هاوڕێکانم، نمرەکانیان لە من بەرزترە، کەچی بەدرۆوە پێمدەڵێن، کە من لەوان زیرەکترم! ئەوان لەمن شۆخ و شەنگتر و بەهێزتریشن، کەچی پێچەوانەکەی دەڵێن. لەمن سەلارتر و بەڕێزترن، کەچی خۆیان وانالێن. من دەزانم خۆم چیم. ئێوە نابێت درۆم لەگەڵدا بکەن. تکایە گەر ئێوە لێم بێزاربوون، فەرموو بە ڕاشکاوی پێمبڵێن. یان ڕاستگۆبن لەگەڵمدا، یان هیچ پێویست ناکات، خۆتان بەمنەوە سەرقاڵبکەن.

من ئەوەم، کە هەم. نە گێلم، نە قەڵەوم، نە هاروهاجم. ئیدی پێویست ناکات درۆم لەگەڵدا بکەن.

گەر هەر هەڵەیەکم هەبێت، ڕاستەوڕاست پێمبڵێن بۆ ئەوەی هەوڵبدەم خۆم ڕاستبکەمەوە.

دەزانن ئەوە زۆر زۆر ناخۆشە، کە هاوڕێیەک درۆت لەگەڵدا بکات! من دەزانم چ کاتێک درۆم لەگەڵدا دەکەن، جا تکادەکەم واز لەو درۆکردنە لەگەڵمندا بهێنن، چوونکە درۆکانی ئێوە بێبڕوام دەکات.

(( کاتا، ١٤ ساڵان ))

زۆر گرنگە، چەمکی هاوڕێیەتی جێگەی خۆی لە پرۆسەی فێرکاریدا بگرێت و وەک بەشێک لە پرۆسەکە پێناسە بکریت و کاری بۆبکرێت، چونکە ڕێگەخۆشکردن و زەمینەسازکردن بۆ هاوڕێیەتی و بەهاوڕێبوون، ڕێگە لە (( مۆبینگ = بۆلینگ، البلطجە، چەپاندن)) دەگرێت.

لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، تاڕادەیەک بەدرێژی لەسەر مۆبینگ دەوەستم.

بەبۆچوونی من، چەمکی ((مۆبینگ)) زۆر لە چەپاندن، ئازاردان و سەرخستنەسەر و هەراسانکردن، فراوانترە و گشتگرترە. هەروەها دەکرێت، ناوی بکەر (سابجێکت) و ناوی بەرکار (ئۆبجێکت) لە وشەی مۆبینگ، بەئاسانی دروستبکرێت، وەک: مۆبەکار و مۆبەپێکراو.

# بەشی دووەم

## مۆبینگ ( Mobbing البلطجە Bullying چەپاندن )

### مۆبینگ چیە؟

مۆبینگ لەم سەردەمەدا، بۆتە یەکێک لە کێشە سەخت و ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، نە بەتەنها لە فێرگەدا، بەڵکو لە ژیانی کارکردنیشدا.

لە کتێبی بەرەنگاریی چەپاندن، نووسینی، ئەرلینگ رۆنالد & گرێتە سوێرنسن ڤالاند، تەرجەمەی لە نۆروێژیەوە، محەمەد مدیری، کۆمەک، ئۆسلۆ ٢٠١١ بەم شێوەیە ڕاڤەی مۆبینگ (چەپاندن) نووسراوە:

*(( چەپاندن ئازاردانێکی فیزیکی و دەروونیە بەرانبەر بە کەسێک، یان دەستەیەک، جا چ لە لایەن تاکەوە، یان دەستەیەک بکرێت. پێشمەرجی دروست بوونی چەپاندن هێزێکی ناتەرازە لە دۆخی نێوان چەپێندەر (ئازاردەر) و چەپێندراو (ئازاردراو) کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و درێژخایەن ڕوودەدات.*

*- ئازاردانی فیزیکی*

*- پەراوێزخستن*

*- سەرخستنەسەر*

*سێ جۆری زۆر باوی ئەم دیاردەیەن. ))*

## مۆبینگ لە ڕونگەی دەروونناسییەوە

## دان ئۆڵڤێۆس ( ١٩٣١- ) **Dan Åke Olweus**

چەمکی مۆبینگ، لە برگەیەک لە یاسای سزادانی ( مۆب Mob ) ی سۆکتلەندیەوە هاتووە، کەمانای گردبوونەوەی نایاسایی و ئاژاوەنانەوە دەدات. بە ئینگلیزیش مانای حەشاماتە( بۆنمونە ئەوانەی لە یاریگایەکدا سەیری تۆپانێ دەکەن ) .
چەمکی مۆبینگ، یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٩ دا لە سوید، دکتۆری دەروونناس، دان ئۆلڤیۆس لە گووتاریکدا بەکاریهێنا. ئیدی لەو ساڵەوە وەک چەمکێکی دەروونناسی و فێرکاری بەکاردێت.
ئۆڵڤێۆس، ئێستاکە پرۆفیسۆری بواری مۆبینگە لە زانکۆی بێرگن لە نەرویج، بەم شێوەیە پێناسەی مۆبینگ لە ٣ خاڵی سەرەکیدا دەکات:

١- کەسێک دەبێت بە مۆبەپێکراو، کە لەلایەن کەسێکەوە، یان چەند کەسێکەوە( هاوپۆلەکانی، یان مامۆستایەکەوە ) بۆ ماوەیەک (وەرزێک، یان ساڵێکی خوێندن) ڕووبەڕووی بەرخوردی (نێگەتیڤانە) نەرێیانە ببێتەوە.

٢- بەرخوردی نەرێیانە ( نێگەتیڤانە) ئەو بەرخوردەیە، کە کەسێک ( فێرخوازێک) بەمەبەست، کەسێکی دیکە (هاوپۆلێکی، یان هەر فێرخوازێکی دیکە) بێزار و ناڕەحەت دەکات، یان ئازاردەدات. یاندژی دەیەوێت و هەوڵدەدات بەرخووردێکی لەو جۆرە بکات.

٣- کاتێک کردەی بێزارکردن و ناڕەحەتکردن دەبێت بە مۆبینگ، کە توانای بەرەنگاربوونەوە و ترازووی هێز لەنێوان ئەو کەسەی کە بەرخوورده نێگەتیڤەکەی ئەنجامداوە و ئەو کەسەی، کە بەرخووردەکە دژی ئەنجامدراوە، لەبەر هەر هۆیەک (جەستەیی، پێگەی کۆمەڵایەتی، یان پیشەیی،

وەک، باوک ودایک، مامۆستا، خاوەنکار) ناتەراز و ناهاوسەنگ بێت.

گەرچی کاری سەرەکی ئۆڵڤێۆس، لێکۆڵینەوەی دیاردەی مۆبینگە لە فێرگە و لە پرۆسەی فێرکاریدا، بەڵام هاوکات کار لە بواری مۆبینگ لە شوێنیکاریشدا (کارگە و فەرمانگە) دەکات. لەیەکێک لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئاماژە بە دیاردەی مۆبینگ لە نێوان کرێکاران و فەرمانبەرانی یەکێتی ئەوروپادا دەکات و ژمارەی مۆبەپێکراوان، لەو ئاقارەدا بە ١٢ ملیۆن، دەخەملێنێت.
لەکۆتایی ئەم بەشەدا پرۆگرامی ئۆڵڤێۆس بۆ بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ لە فێرگەدا دەخەینە ڕوو.

لە ماڵپەڕی ( www.ung.no ) تایبەت بە فێرخوازان( منداڵان و گەنجان) سەبارەت بە مۆبینگ نووسراوە:

(( مۆبینگ زۆر شێوازی هەیە. ئەمە چەند نمونەیەکە، کە فێرخوازان( منداڵان و گەنجان) بە مۆبینگی دادەنێن :
کە ناتۆرەت لێبنێن
کە بۆماوەیکی درێژخایەن گاڵتەت پێبکرێت
کە پاڵت پێوەبنرێت و ڕاتبکێشن
کە پەلاماربدرێیت و لێتبدرێت
کە جانتا و کتێب و کەلوپەلەکانت فڕێبدرێت و بدڕێنرێت
کە دەنگۆ(قسە و قسەڵۆک) لەبارەتەوە بڵاوبکەنەوە
کە پەراوێزبخرێیت و فرامۆشتبکەن
کە ناچارتبکەن، پارە یان شتی دیکەیان بدەیتێ
کە بەهۆی دین و نەتەوەتەوە پەلاماربدرێت ))

لێکۆڵینەوەکانی ئۆڵڤێۆس دەریدەخەن، کە هۆکاری سەرەکی بزواندنی کردەی مۆبینگ و درێژەپێدانی پرۆسەکە سێ هۆکارن:

١- نەبوونی، یان کەمی خۆشەویستی و دەربڕینی ئەو خۆشەویستییە، لەلایەن باوانەوە بۆ منداڵان و گوێپێنەدان و بەهەندنەگرتنی بۆچوون و ئارەزووەکانی منداڵ، لەلایەن باوان و مامۆستاوە. کەسێک فێری هاودەردی و هاوسۆزی( ئێمپاتی و سێمپاتی) نەبووبێت، یان نەزانێت چییە، ئیدی ئەویش ئێمپاتی بۆ هیچ کەسێک نییە.

٢- کارنەکردن بۆ وەستاندنی کردەی مۆبینگ، سنوردیارینەکردن بۆ کەسی مۆبەکار و بەهەندنەگرتنی دیاردەکە، بە شێوەیەکی گشتی، لەلایەن گەورەکانەوە(مامۆستا و باون) ڕێگەخۆشکردن و ڕێگەپێدانە بە کەسی مۆبەکار بۆ درێژەپێدانی پرۆسەکە. بەواتایەکی دیکە قوبوڵکرنی دیاردەکەیە.

٣- چارەسەرکردنی کێشەکە، بە هەڵە. لە زۆربەی جارەکان کێشەی مۆبینگ توندوتیژی ( فیزیکی و

ڤێربال) لێدان و جنێودان، بەدوای خۆیدا دێنێت. هەڵەکە لەوەدایە، کە مامۆستا و باوان، بەهەمان شێواز چارەی کێشەکە بکەن. چارەسەری دیاردە و کێشەی مۆبینگ، کاری زۆر و نەفەسدرێژیی و زانیار و شارەزایی لەبواری دەروونناسی و زانستی هەڵسکەوتی منداڵانی دەوێت.

دیسان ئۆڵڤێۆس، مۆبەپێکراونیش بۆ دوو دەستە (کاتێگۆری) دابەشدەکات:

## دەستەی یەکەم

مۆبەپێکراوی پاسیڤ (بێهەڵوێست)

کەسانی (منداڵانی) ناو ئەم دەستەیە، کەسانێکن، وێنەیەکی نێگەتیڤ و نزمیان بەرانبەر خودی خۆیان هەیە. خۆیان بەگێل، بڕوابەخۆنەبوو، بێهێز، ناشیرین (کەناتوانن سەرنجی کەس بەلای خۆیاندا ڕاکێشن) و هیچ لەبارانەبوو دەبینن. لەبەر ئەو هۆیانە، ئەم کەسانە نە خۆیان دەتوانن مۆبەکاران و پرۆسەی مۆبەکردن بوەستێنن، نە کەسانی دیکەش( مامۆستا و باوان ) ئاگادارەدەکەنەوە، تا لەو کێشەیەدا یارمەتییان بدەن.

## دەستەی دووەم

مۆبەپێکراوی هەڵچوو(هەستیار)

ئەم دەستەیە لە مۆبەپێکراوان، خۆیان دەبنەهۆ و پاڵنەری مۆبەپێکردنی خۆیان. هۆکەش ئەوەیە، کە زۆر هەستیارن و زوو هەڵدەچن. بۆ نمونە لەکاتی پشووی نێوان وانەکان و هەر چالاکییەیکی دیکەی بە کۆمەڵ، وەک، وەرزش، گەشت و کۆبوونەوەی فێرگە و ....

بەڵام چ ئۆڵڤێۆس و چ شارەزایانی دیکەی بواری مۆبینگ، ((*تاوانی*)) کردەی مۆبینگ، یان هەر دەرئەنجامێکی دیکەی ئەو پرۆسەیە، هەر دەخرێتە ئەستۆی کەسی مۆبەکار. بێگومان ڕۆڵی باوان، مامۆستا، پرۆسەی فێرکاری، کلتور و دنیابینی کۆمەڵگەش لەبەرچاو دەگرن.

ئامار و لێکۆڵینەوەکان، نیشانی دەدەن، کە لە نەرویج و سکەندناڤیادا، ٥ تا ١٠% ی فێرخوازان، لە قۆناخی بنەڕەتیدا مۆبەدەکرێن. لەکۆتایی ئەم بەشەدا چەند ئامارێک لەو بوارەدا نیشاندەدەین.

## ڕۆنییە جانۆف بلومان ( ) Ronnie **Janoff-Bulman**

خاتو ڕۆنییە جانۆف بلومان، پرۆفیسۆری سایکۆلۆجی، لە زانکۆی ماساچۆسیتی- ئەمریکا، دەنووسێت :

(( مرۆڤ بەسروشت، وێنەیەکی پۆزەتیڤی سەبارەت بە خودی خۆی و بە جیهانیش، لە دەرووندا هەیە. بۆنمونە وەک خۆ بە کەسێکی باش و خاوەن بەها بین، کۆویست، گەشبین بەرانبەر بە کەسانی دیکە و گەشبین بەرانبەر بە جیهانیش. بەڵام بەهۆی (تراومایەکەوە) بەرخوردێکی نێگەتیڤانە و مۆبینگەوە لەلایەن کەسانی دیکەوە، زۆرجار ئەو وێنە پۆزەتیڤانە بزردەبن و وێنەی نێگەتیڤ دێنە جێگەیان و مرۆڤەکە ڕەشبین دەبێت.
مۆبینگ نیشانەی پرسیار دەخاتەسەر بەها مرۆییەکانی هەر تاکێک. لەئەنجامی جارێک، یان

چەندجار مۆبینگەوە، هەست و حەزی کۆویستی مرۆڤ لاوازدەبێت و خۆویستی و خۆپەرستی و تێڕوانینی دوژمنانە بەرانبەر بە کەسان و بە جڤاتیش، جێگەیان دەگرێتەوە.
لە ئەنجامی مۆبینگەوە، گومان، ترس، بێباوەری بەخۆ و بەکۆ، سەرهەڵدەدەن. چونکە کەسی مۆبەکراو، هەستدەکات بەها مرۆییەکانی خۆی لەدەستداوە و بووە بە هیچ لە دیدی کەسی مۆبەکارەوە ( پرۆسەی بە شتکردن دێتە ئاراوە. دواتر لە بەشی مۆبینگ لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، لە دیدی کانتەوە، دەگەڕێینەوە سەر باسی ئەم پرۆسەی بەشتکردنە)
سەرئەنجام، کەسی مۆبەکراو، بەهای خۆی لەلا نامێنێت و بەرانبەر بە خۆی، بەرانبەر بە جڤات و بە جیهانیش ڕەشبیندەبێت. ))

( لە ماڵپەڕی http://people.umass.edu/janbul/
Janoff-Bulman, R. (1992). Shattered *Assumptions: Towards a New Psychology of Trauma*. NY: Free Press.)

## پەنجەرەی جۆ- هاری Johari window

Joseoh Luft and Harry Ingham

کاتێک منداڵ دەگاتە ئاستێکی دیاریکراو لە بیرکردنەوە و خۆناسین، هەوڵدەدات وێنەیەک بۆ خودی خۆی و کەسایەتی خۆی بکێشێت. ڕەنگ و کلێشەی ئەم وێنەیە لە دەوروبەری خۆیدا دەدۆزێتەوە. بە واتایەکی دیکە، کەسانی دەوروبەری منداڵ، دایکوباوک، مامۆستا، هاوڕێ، خوشک و برای لەخۆی بە تەمەنتر، کەسانی بەناوبانگ، هونەرمەند، وەرزشوان و سەرکردە، هەندێکجاریش (فێگور) کەسایەتی کارتۆنی، دەبنە بناخە و کەرەسەی دروستبوونی وێنەی ئەو کەسایەتییەی، کە منداڵەکە بۆخۆی دەکێشێت. بێگومان سەرلەبەری پرۆسەکە، پەیوەستە بەو هێندە زانیارییەی منداڵەکە لە دەوروبەری وەردەگرێت. بنکەی ئەو زانیاریانەش، فێرگە، هاوڕێ، ماڵ و شوێنەکانی دیکەی دەرەوەی ماڵ، وەک کۆڵان، تیپ و کلوپی وەرزشی. کلوپی چالاکی کۆمەڵایەتی و میدیا و ئینتەرنێت (هەموو بەشەکانی).
ئەم وێنەیە، وەک هەردوو زانای( ئەمریکایی) دەروونناس جۆزیف لوفت و هاری ئینگهام لە هێڵکارییەکدا، کە بە پەنجەرەی جۆ – هاری ناوزەدکراوە، بەم شێوەیە نیشانیانداوە:

| | |
|---|---|
| ١- من | ٢- من و کەسانی دیکە |
| ٤- ؟ | ٣- کەسانی دیکە |

١- خانەی من، پڕە لەو زانیاری و نهێنیانەی من، کە تەنها هەر خۆم دەربارەی خۆم دەیزانم، کەسی دیکە نایانزانێت. من نامەوێت ئەو زانیاریانە بدرکێنم، یان لە تواناما نیە دەریانببڕم و وشە و پەیڤم بۆ دەربڕینیان نییە. جگە لەخۆم کەسی دیکە ناتوانێت بێتە ئەم خانەیەوە. ئەمە خانەی سۆز و حەزەکانم و تێڕوانینی کەسی خۆم و وێنای خۆمە بۆ خۆم.

٢- خانەی من و کەسانی دیکە، ئەو زانیاریانەن، کە خۆم و کەسانی دیکەش لەبارەی منەوە دەیزانن. ئەو کەسانە، یان من ڕێگام پێداون، یان بەهۆی نزیکی و تێکەڵاوییان لەگەڵمندا ئەو زانیاریانە لە بارەی منەوە دەزانن.

٣- خانەی کەسانی دیکە، لەم خانەیەدا تەنها ئەو زانیاری و تێڕوانینەی کەسانی دیکە دەربارەی من هەیە، کە خۆم نایانزانم. یان من نازانم، کە ئەوان ئەو زانیاریانە لەبارەی منەوە دەزانن، یان تەنها تێڕوانینی ئەوانە لەبارەی منەوە. لەبەر هەر هۆیەکیش بێت، ئەو زانیاریانە ناگەنە من. نزیکەی هەموو کەسێکیش سەرقاڵی ئەوەیە، کە بزانێت، کەسانی دیکە چی لەبارەیەوە دەزانن.

٤- خانەی نەزانراو. ئەم خانەیە پڕە لەو نهێنی و ڕووداوانەی، کە لە ئایندەدا دێنە پێش بۆ من و بەڕووی گشت ئەگەرەکاندا ئاواڵەیە. بەڵام لە ئێستادا، نە خۆم نە کەسانی دیکە نایزانین. ڕەنگە لەم خانەیەدا سەرلەبەری ڕێڕەوی ژیانم بگۆڕێت.

دەبێت بگووترێت، کە دیواری ناوەندی پەنجەرەکە، لە کشان و گرژان دایە. هەرکاتێک ، یەکێک لە خانەکانی بکشێن، ئەوا خانەکانی دیکە گرژدەبن.
ئەوەی لەم پەنجەرەیەدا بۆ باسی مۆبینگ گرنگە، خانەی ٣ ، خانەی کەسانی دیکەیە. زۆر گرنگە، کەسانی دیکە، وەک کانت دەڵێت، وەک شت، یان کاڵا لەمن نەڕوانن و من نەکەن بە ئامڕازی خۆشی و ڕابواردنی خۆیان. یان وەک لێڤیناس دەڵێت، ڕووخسارم ببینن.

## مۆبینگ لە ڕوانگەی فەلسفییەوە

گەرچی ئاسان نییە تێکستێکی فەلسەفی تایبەت بە دیاردەی مۆبینگ پەیدابکەیت، بەڵام هەوڵدەدەم هەندێک بۆچوون و تێڕامانی چەند فەیلەسوفێک، وەک بنەما بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی مۆبینگ، بەنمونە بهێنمەوە.

### ئیمانوئیل کانت ( ١٧٢٤- ١٨٠٤ ) Immanuel Kant

کاریگەری فەلسەفەی کانت، لەسەر کلتوری ئەوروپا، زۆر بەڕوونی دیارە. کەم فەیلەسوف و بیرمەندی مۆدێرنەتی و پۆست مۆدێرنەتی هەیە، کاریگەری کانتی بەسەرەوە نەبێت. بە تایبەتی لە بواری مۆراڵ و ئێتیکدا. ئێتیکی کانت بە ( ئەنترۆپۆسێنتێریسک – مرۆڤ لە چەقدا ) ناسراوە.
بەبڕوای کانت تەنها مرۆڤ لە ئاستێکدا، کە پێیبگووترێت (( کەس)) ( پێرزۆن - Person) و وەک

بوونەوەرێکی کامڵ دەتوانێت مۆڕاڵیانە ڕەفتار بکات. کانت، بەتەواوەتی جیاوازی لە نێوان کەس و (( شت)) (زاهـچ - Thing / Sache ) دا دەکات. نیشانەی ناسینەوەی (( کەس )) ژیری و ئازادییە، بەڵام ئازادییەک، کە دەبێت هەڵبژاردنەکانی ژیرانە(( عاقڵانە)) و لەسەر بنەمای مۆڕاڵی بێت و سنورەکانی خۆی بزانێت و ئازادی کەسانی دیکە پێشێل نەکات.

کانت، بەربەستی مۆڕاڵی بە بنچینە و پاڵنەری هەڵسوکەوتی مرۆڤ / کەس دادەنێت. هەر ئەو بەربەستە مۆڕاڵییەشە، ناچارماندەکات هەڵوەستە بکەین و بیربکەینەوە و بکەوینەوە هەڵبژاردن لەنێوان، کردن و نەکردنی کارێک.

ئەوەی بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە، ئەو تێڕوانینەی کانتە، کە بەتەواوی دژی (ئینسترۆمێنتاڵیزم ) بەشتکردن/ بەکاڵاکردنی مرۆڤە. ئەو بڕوای وابوو، کە مرۆڤ (بۆ هەر مەبەستێک بێت ) نابێت جەستەی خۆی و جەستەی کەسانی دیکە، وەک کاڵا- شت، بەکاربهێنێت. مرۆڤ هەمیشە دەبێت مەبەست بێت، نەک ئامراز / هۆکار.

لە کردەی مۆبینگدا، کەسی مۆبەکار، کەسی مۆبەپێکراو وەک کاڵایەک، یان وەک هۆکارێک بۆ پێڕابواردن و خۆئاسودەکردن دەبینێت و خەسڵەتەکانی مرۆڤبوون - کەسبوونی لێدادەماڵێت.

## ئێمانۆئیل لێڤیناس ( ۱۹۰٦ – ۱۹۹٥ ) Emmanuel Lévinas

لێڤیناس، لە لاتڤیا لە خێزانێکی جولەکەدا لەدایکبووە و دواتر بووە بە هاووڵاتی فەرەنسا.

بە شافەیلەسوفی پۆستمۆدێرنە دادەنرێت. بە بڕوای لێڤیناس، فەلسەفە و ئێتیک هەر یەک شتن و ناتوانرێت لێکدابڕێن.

لێڤیناس گەلێک لێکۆڵینەوە و ڕاڤەی فەلسەفی پڕبایەخی لەبارەی تراجیدیای هۆڵەکۆست کردووە. ئەوەی لەگەڵ باسەکەی ئێمەدا دەگونجێت، ئەو پرسیارە گرنگەیە، کە لێڤیناس هەوڵیداوە لە ڕوانگەی ئێتیکیەوە ڕاڤەیبکات و بەرسڤی بداتەوە، ئەوەیە، کە :

هۆکاری بوونی، یان ڕوودانی زەبر و توندوتیژی، چییە؟

ئەوە چ پاڵنەرێکە، کە کارەساتی وەک هۆڵەکۆست دەخوڵقێنێت؟

بە بڕوای لێڤیناس، بۆیە فەلسەفە و ئێتیک هەر یەک بابەتن، چونکە هەر پرس و ڕامانێک لە ژیان، کە شائامانجی فەلسەفەیە، هاوکات پرس و ڕامانیشە لە خودی مرۆڤ، لە (( کەس)) لە ئەوی دیکە. بینینی( کەسی بەرانبەر) ئەوی دیکە، بەرزترین پلەی ئاگامەندی مرۆڤە.

لێڤیناس، هێندە چەمکی ((ئەوی دیکە)) ی بەکارهێناوە و سیرە(تەرکیز) ی لێگرتووە، فەلسەفەکەی بە (( ئێتیکی ڕووخسار)) ناودەبرێت.

بەبڕوای لێڤیناس، بینینی ڕووخساری ئەوی دیکە، مەرجی مرۆڤبوونی ئەو و منیشە. ئەوی دیکە با لەمن جیاوازبێت، با هیچ لەمن نەچێت، بەڵام ئەیش وەک من (( کەس))ە. هەرکاتێک ئەو، ئەوی دیکەیەمان نەبینی، ئیدی دەرگای زەبر و توندوتیژی واڵادەبێت. تێڕوانینێکی وەهایە، کە کارەساتی هۆڵەکۆست( و ئەنفالیش) دەخوڵقێنێت.

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی مۆبینگەوە ئەنجامدراون، دەریدەخەن، کە لەساتی مۆبەکردندا، مۆبەکار، ڕووخساری مۆبەپێکراوی نەبینیوە، یان ئەوساتەی نایەتەوە یاد (بەرچاو)، کە مۆبەی بە یەکێکی دیکە کردووە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو بۆچوونەی لێڤیناسە.

(( بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم بۆچوونە، لە ساڵی ۱۹۹۱ دا لە نەرویج، لە لێکۆڵینەوەیەک لەگەڵ (۱۳)

زیندانییدا، کە بەتاوانی کوشتن، سزادرابوون، کرا، کەسیان ڕووخساری کوژراوکەیان، لەساتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا لەیاد نەمابوو، یان نەدەهاتەوە بەرچاویان. ))
لە زمانی کوردیشدا(بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی) کاتێک، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دوو کەسەوە، ئیتر یەکدی بە (( شت)) ناودەبەن و بەیەکدی دەڵێن (( شتێکی پیسە ! ))

## کنود لۆگستروپ ( ١٩٠٥- ١٩٨١ ) **Knud Ejler Løgstrup**

کنود لۆگستروپ، فەیلەسوف و تیۆلۆگی(دیناس) دانیمارکی، داهێنەری چەمکی (ئێتیکی لێکنزیکی) یان (ئێتیکی پەیوەندی) یە. لێکنزیکی بەومانایەیەی، کە مرۆڤەکان لە زۆر ڕووەوە لێکەوە نزیکن، وەک هەست و سۆز و ئازار و شادی. بەواتایەکی دیکە، پەیوەندییەکی ( بوونی- ئێتیکی/ ئێتیکی ئەزەلی) لەنێوان گشت مرۆڤەکاندا، وێرای جیاوازی ئاین، رەگەز، کلتور و وڵاتیانەوە، هەیە.
لۆگسترۆپ، پەیوەندی ئێتیکی، یان پەیوەندی مرۆڤایەتی بەگشتی، بە پەیوەندییەکی لێکنزیکی دەبینێت. ئێتیک، لەکن لۆگسترۆپ، هەڵبژاردنە لە نێوان ڕاست و هەڵەدا، لەو بار و دۆخەدا کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئەو ئەم هەڵبژاردنە بە ئێتیکی ڕووبەڕووبوونەوە دادەنێت. واتە ئێتیک دۆخێکە، کە تێیدا ڕووبەڕووی کەسانی دیکە دەبینەوە و دەکەوینە هەڵبژاردنەوە. گشت ڕاڤە و شیکارێک بۆ ئێتیک، لەم هەڵبژاردنە بەدەر نییە.
ئەوەی پەیوەندی بە باسی مۆبینگەوە هەبێت، لەکن لۆگسترۆپ، پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان پەیوەندی نێوان (( منێک)) و (( تۆیەکە)) واتە پەیوەندییەک نیە لەنێوان ئاین و نەتەوە و چینێکدا. ناتوانین بڵێین، ئیتیکی ئەم ئاین و ئەو نەتەوە و ئەم چینەکۆمەڵایەتیە.
گرنگە لە پرۆسەی فێرکاری و لە فێرگەدا، ئەم پرنسیپە بچەسپێنرێت و منداڵ فێربکرێت، کە ئەو تاکێکی سەربەخۆیە و پەیوەندیشی لەگەڵ هەر کەسێکی دیکەی نزیکی، هەر تاکێکی دیکەی خێزان، پۆل، فێرگە، کۆمەڵگە و جیهانیش دەبێت پەیوەندییەکی بەرابەر و هاوتەرازی نێوان منێکی ئازاد و سەربەخۆ و تۆیەکی ئازاد و سەربەخۆدا بێت.

## فۆرمی ڕومالکردنی مۆبینگ

فۆرمێک دەخەینە ڕوو، دەکرێت بۆ دەرخستنی ڕێژە و هێندی مۆبینگ، لە ئاستی پۆلدا ( پۆلەکانی، ٦، ٧، ٨، ٩ ) بەدیاربخەن. لەپڕکردنەوەی ئەم فۆرمەدا ناوی فێرخواز نابێت بنووسرێت، تەنها زایەند، تەمەن و ئاستی پۆل گرنگە. دەبێت ناوی فێرگە بنووسرێت.
لە دوواخانەدا، نووسراوە (ئایا مۆبینگ بووە؟) لەم خانەیەدا، فێرخواز دەتوانێت ڕای خۆی بە (بەڵێ) بە (نەخێر) یان، نە (نازانم) دەربڕێت.
ئەو دەرئەنجامانەی لە کۆکردنەوە و ئامارکردنی ئەم فۆرمانەوە دەستدەکەون. تەنها لای ئەو دەستەیە، یان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، کە بۆ بەدواداچوون، کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی مۆبینگ دادەمەزرێن، دەپارێزرێت و تەنها کەسانی پەیوەندیدار وەک شارەزا و لێکۆڵەری فێرکاری (تایبەتمەند) و پزیشکی دەروونناس، دەتوانن دەستیان پێبگات و بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی دیاردەکە، بەکاربیهێنن.

هێمای ( X ) لەبەردەم ئەو وشانەدا دابنێ، کە لەگەڵ تۆدا دەگونجێت
جێندەر : کوڕ ( ) کچ ( )
تەمەن : 12 ساڵ ( ) 13 ساڵ ( ) 14 ساڵ ( ) 15 ساڵ( )
پۆل : شەش ( ) حەوت ( ) هەشت ( ) نۆ ( )

| لەماوەی هەفتەی( ) مانگی( ) ساڵی( )، هاوپۆلێکم/ هاوپۆلەکانم ئەم ڕەفتارانەیان بەرانبەرم کردووە- نواندوە | هەرگیز | یەک جار | زۆر جار | ئایا مۆبینگ بوو؟ |
|---|---|---|---|---|
| ناتۆرەی لێناوم | | | | |
| ستایشی کەسایەتیمی کرد | | | | |
| سوکایەتی بە خێزانەکەم کرد (جنێوی بە خێزانەکەم دا ) | | | | |
| ئازاری فیزیکی داوم : پەلاماردان، تێهەڵدان، شەق، زللە، بۆکس، پاڵنان، ئێخەگرتن | | | | |
| دیارییەکی گچکەی پێشکەشکردم | | | | |
| فەرامۆشی کردم | | | | |
| بۆچون و سەرنجەکانمی بە هەندنەگرت | | | | |
| ستایشی ڕوخسار- جلوبەرگی کردم | | | | |
| تانە و تەشەری لە ڕوخسار- جلوبەرگم دا | | | | |
| فشاری بۆهێنام، تا پارەی بدەمێ | | | | |
| کەمێک پارەی بەقەرز دامێ | | | | |
| بەسەرهات- نوکتەیەکی خۆشێ بۆگێڕامەوە | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لەبەرچاوی هاوپۆلەکانمدا، گاڵتەی پێمکرد- شکاندمی | | | | |
| لەبەرچاوی هاوپۆلەکانمدا، ستایشی کردم | | | | |
| سوکایەتی بە (دیالێکت) شێوەزارم کرد | | | | |
| ستایشی (دیالێکت) شێوەزارمی کرد | | | | |
| بۆچون و سەرنجەکانمی بە هەندگرت | | | | |
| ستایشی گەل- نەتەوەکەمی کرد | | | | |
| سوکایەتی بە گەل – نەتەوەکەم کرد | | | | |
| لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی فێرگەدا هاوکاریکردم | | | | |
| لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی فێرگەدا بێزاریکردم و نەیهێشت کارەکانم ئەنجامبدەم | | | | |

## دیارکردنی سنوورەکانی زۆنی مۆبینگ

بەگوێرەی ئامارێکی ڕێکخراوی ساخلەمی جیهانی ( WHO ) لە ساڵی ٢٠٠٤ لە دانیمارک

١- (١٠%) لە منداڵی دانیمارکی مۆبەکراوە.

٢- منداڵی بەهێز- هار و منداڵی کەمهێز- هێمن، واتە هەردوو جۆرەکە مۆبەدەکەن. منداڵی بەهێز، لە ئەنجامی بێزاربوونەوە دەکەوێتە مۆبەکردنی منداڵانی دیکە. منداڵی کەمهێز، بۆیە دەکەوێتە مۆبەکردن، تاکو جێگەی خۆی لە(هێرارکی) هەرەمی پۆلدا بکاتەوە و نەکەوێتە دەرەوەی بازنە.

٣- هەموو منداڵێک لە زۆنی مەترسیدایە بۆ مۆبینگ، واتە چ منداڵی بەهێز و چ منداڵی کەمهێز، دەشێت ببنە مایەی مۆبینگ. ئەم زۆنی مەترسییە وابەستی هیچ کام لە هۆکارەکانی، ساخڵەمی، جوانی و ناجوانی ڕوخسار، پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان، نییە.

٤- لە دانیمارک ١٢% لە منداڵانی مۆبەکار، خۆشیان دەبنە مۆبەپێکراو، یان پێشتر مۆبەکراون. هەمان دۆخ لە سوید و نەرویج، ڕێژەکەی دەگاتە ٣%، یان ٤% .

٥- کێ دەتوانێت کەسی مۆبەپێکراو لە مۆبینگ ڕزگاربکات؟

تەنها منداڵی(کەسی) مۆبەپێکراو خۆی دەتوانێت خۆی لە مۆبینگ ڕزگاربکات، ئەوەش لەڕێگەی گوزارشت لە کردەی مۆبینگ و کەسی مۆبەکارەوە، بە ئاگادارکردنەوەی مامۆستا، باوان، یان هەر

گەورەساڵێک، کە منداڵ باوەڕی پێیەتی و جێگەی متمانەیەتی.
٦- ١ لە ٣ ی منداڵان لە ماوەی ساڵانی خوێندندا، لە قۆناخێکدا، یان لە چەند قۆناخێکدا مۆبەکراون.
٧- هەردوو رەگەزەکە، کوڕان و کچان مۆبەدەکەن و مۆبەدەکرێن.
٨- کچ- ی سەتەلیت، بەو کچە دەڵێن، کە لەپۆلەکەیدا، زیاتر هاوڕێی کوڕی هەیە تا هاوڕێی کچ، یان هاوڕێی لە پۆلەکانی دیکە زۆرتر هەیە، تا لەناو پۆلەکی خۆیدا.
(( من پێموایە، ئەم دەستەواژەیە بۆ کوڕانیش ڕاستە و وشەی( تەرە) لەهەمبەر ئەو چەمکەدا دەگونجێت، بەو مانایەی، کە ئەو منداڵە- فێرخوازە، لە پۆلەکەی خۆی تەرەبووە و لە پۆلێکی دیکە نیشیتۆتەوە.))
٩- تایبەتمەندێتی منداڵی مۆبەکار: ئەو منداڵەی وزە و توانای زۆربێت و زیادلە پێویست، چالاکبێت و دەرفەت و هۆکار و ڕێگەیەک نەبێت، کە ئەو توانا و چالاکییەی بەتاڵبکات و بڕەوێنێتەوە، هاوزەمان (کەسی) هاوسۆزی نەبێت، ئیدی ئەویش فێری هاوسۆزیی (ئێمپاتی) نابێت؛ ئەوا ئاساییە، کە پەنا بۆ مۆبینگ ببات و ببێتە مۆبەکار و هاوپۆلەکانی هەراسانبکات.
١٠- باوان دەتوانن چی بکەن تا منداڵەکانیان، چ مۆبەکار و چ مۆبەپێکراو، لە ئارێژەی مۆبینگ، ڕزگاربکەن، باوان دەبێت هەمیشە هاوسۆزیی(ئێمپاتی) پێشانی منداڵەکانیان بدەن و هەم ڕاشیان بهێنن، کە هاوسۆزی کەسانی دیکە بن.

( ئەم ئامارە، لە ماڵپەڕی www. dr. dk وەرگیراوە. )

## سەرنج و تێبینی چەند لاوێکی نەرویجی سەبارەت بە مۆبینگ

لە ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن (نەرویجی) لاپەڕەی دێبات- سی. د. Aftenposten. Debat – si. D

گەر بگەڕێینەوە لای خاڵی پێنجی ئامارەکە:
(( کەسی (منداڵی) مۆبەپێکراو خۆی دەتوانێت خۆی لە مۆبینگ ڕزگاربکات، ئەوەش لەڕێگەی گوزارشت لە کردەی مۆبینگ و کەسی مۆبەکارەوە،))
با ئەم خاڵە لەگەڵ کۆمێنتاری هێلینە، کچە خوێندکارێکی تەمەن ١٤ ساڵان لە نەرویج، بەراوردبکەین.

(( من کەسێکم هەستی یەکسانی و ڕەوایەتیم زۆر بەهێزە. هەر لە قۆناخی زارۆخانەوە تا پۆلی چوارهەمی بنەڕەتی، مۆبینگم پێکراوە. کە مۆبەکاران زۆر هەراسانیانکردم، فێرگەکەمم گۆڕی. ئەوان بردیانەوە. بەڵام منیش براوەبووم، گەر نەچوومایەتە ئەو فێرگە نوێیە، ئەوا، نە ئەم کەسە هەستبەرز و دڵسۆزانەی، کە ئێستا دەیانناسم دەبوون بە هاوڕێم و نە بۆخۆشم دەبووم بە کەسێکی متمانە بەخۆ و خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزی وەک ئەوەی ئێستە هەم!

لەو پاشخان و ئەزموونەی، کە هەمە. هەستدەکەم بەئەرکی خۆمی دەزانم کاتێک ببینم، ببیستم، یان بزانم، یەکێک مۆبەدەکرێت، من بێمەدەنگ. بەڵام واهەستدەکەم، کە لەم هەڵوێستەمدا تەنهام لە پۆلەکەمدا! تەنانەت مامۆستاکەشم، پێیگووتم کە باشترە ئەوەندە گازەندە نەکەم و بێدەنگ بم، تا خۆشم مۆبەنەکرێم! بەڕاستی بەم دید و بۆچوونە زۆر توڕەبم.
کێ ئازایە! حەزدەکەم بەختی خۆی تاقیبکاتەوە و هەوڵبدات مۆبەمبکات. هەرگیز ئەو خەونەیان نایەتەدی!
ئەوەی بەلای منەوە سەیرە، کچێک هەیە لە پۆلەکەمدا، زۆرترین مۆبەدەکرێت، کەچی هیچ بەرتەکی نیە و بێدەنگە بەرانبەر مۆبەکارانی، منم دێمە دەنگ و بەگژیاندا دەچمەوە. پێم سەیرە خەڵکی بۆ دەبێت لە کاری وەها بێدەنگبن؟!
دەزانم، ئاسان نییە خۆت بخەیتە جێگەی ئەوانەی مۆبەدەکرێن، ئەوە کارێکی زەحمەتە، بەڵام بیهێنە پێش چاوت، تۆ مۆبەپێکراو بیت، بڕواناکەم هەرگیز حەزبکەیت!
مۆبینگ هەروەک ئەوە وایە بە سەرخۆشی ئۆتۆمبیل لێبخوڕیت، هیچ پاساوێکی بۆ نیە. پاڵنەر و هۆکارەکەی هەرچییەک و هەرکەسێک بێت، هەر تۆ وەک مۆبەکار تاوانکاریت. بەداخەوە کە هیچ باج و سزایەک بۆ مۆبەکردن و مۆبەکار دانەنراوە! ))

( ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، ٢٠١١/١٠/٢٦ ، لاپەڕەی دێبات، سی،د )

با لەسەر خاڵی ٨ هەڵوەستەیەک بکەین:
(( ٨- کچ-ی سەتەلیت، بەو کچە دەڵێن، کە لەپۆلەکەیدا، زیاتر هاوڕێی کوڕی هەیە تا هاوڕێی کچ، یان هاوڕێی لە پۆلەکانی دیکە زۆرتر هەیە، تا لەناو پۆلەکەی خۆیدا.))

ئەوجا، با لەگەڵ کۆمنتاری کچە خوێندکارێکی تەمەن ١٨ ساڵی نەرویجی بەراوردی بکەین، (کچەکە ناوی خۆی نەنووسیوە) لە هەمان ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن و لە هەمان لاپەڕەی دێباتدا، لە ڕۆژی ٢٠١١/١١/١٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

((کە لە پۆلی ٦ ی بنەڕەتی بووم، خوشکەکەم نەخۆشکەوت، نەخۆشییەکەی سەخت بوو، ئیدی هەموو سۆز و میهرەبانی دایکم هەر بۆ ئەو بوو، من بەتەواوەتی فەرامۆشکرابووم.
نازانم بۆچی؟ دەشێت لەداخان بووبێت، لەگەڵ چەند کچێکی پۆلە هاوتەریبەکەماندا (پۆلی ٦ ب) بووم بە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی خۆمم فەرامۆشکرد. دوای ماوەیەک بۆمدەرکەوت، کە ئەوانە، بەڕاستی هاوڕێی من نین و پێکەوە ناگونجێین. ویستم لەگەڵ هاوپۆلەکانمدا ببمەوە بە هاوڕێ، کەسیان ڕازینەبوون هاوڕێیەتیم بکەن، ئیدی دەستیانکرد بە مۆبەپێکردنم. ئەم مۆبینگە دوو ساڵی خایاند، واتە تا قۆناخی بنەڕەتیم تەواوکرد. )) .

لەمیانەی ئەم چەند دێڕەدا، گرنگی هاوڕێیەتی(وەک لە کۆتایی بەشی یەکەمدا ئاماژەم پێدا) بۆ ڕێگەگرتن لە مۆبینگ دەردەکەوێت.

دواهەمین کۆمێنتار، سەبارەت بە مۆبینگ، بەشێک لە نووسینێکە کوڕێکی تەمەن ٢٠ساڵ سەبارەت بەو ئازارە دەروونییەی بەهۆی مۆبەکردنەوە چەشتوویەتی و چەندجار بۆ ڕزگاربوون لەو کێشەیە، هەوڵی خۆکوشتنی داوە؛ دەخەمە ڕوو، بەو هیوایەی مامۆستایان، باوان و کاربەدەستانی بواری فێرکاری لە مەترسی ئەم دیاردە زۆر باوەی ناو فێرگە و کۆمەڵگەکەمان زیاتر بە ئاگابن.

((بۆشتێکتان نەکرد؟ ))
بەدرێژی ساڵانی خوێندنی بنەڕەتی، من هەموو ڕۆژێک مۆبەکراوم. زۆرجار بیرمدەکردەوە، کە بۆ کۆتاییهێنان بەو مۆبینگ و ئازارە دەروونییەم، واباشترە خۆم بکوژم. وامدەزانی بەوکارە کۆتایی بەو گشتە سوکایەتییە دەهێنم. هەروەها وامدەزانی، کە ئەگەر ئەو کارە بکەم بۆ دواجار خۆم دەبمەوە خاوەنی ژیانی خۆم و چیدیکە کەسانی دیکە یاری بەژیانی من ناکەن. بیرۆکەی خۆکوشتن زیاتر متمانە بەخودی، لەلا دەهەژاندم.
هەرچەندە فێردەکرام، کە گەورەیەک لە کێشەکە ئاگاداربکەم، یان زۆر بە سەختی وەرینەگرم و زۆرجار مۆبەکاران فرامۆشبکەم. بەڵام ئەو کارانە بێسود بوون.
زۆرجار پێیاندەگووتم، با گەورەبن، گشت شتێک باشدەبێت. بەڕاستی ئەمە سەیربوو، واتە دەبوو من چاوەڕێبم تا مۆبەکاران گەورەدەبن و کەمێک عاقڵدەبن و چیدیکە مۆبەم ناکەن!
دەبوو ئێوەی گەورەساڵ، کارێکتان بکردایە. زیاتر بەئاگابونایە و هەوڵی زۆرترتان بدایە و ڕێگە و شێوازی دیکەتان بگرتایەتەبەر بۆ ڕێگرتن لە مۆبینگی من و ڕەهاکردنم لەو گشتە ئازارە دەروونیە.
ئێستا تەمەنم ٢٠ساڵە و چەندجارێک سەردانی پزیشکی دەروونناسم کردووە، باشتر بووم وەلێ ئەو کەلێنەی کە مۆبینگ، لە دەروون و نەست و بیرکردنەوەمدا جێیهێشتووە، کاریگەرییەکەی هەرماوە. باوەڕیشناکەم هەروا بەئاسانی لەکۆڵم ببێتەوە. ))
(قوربانییەکی مۆبینگ. تەمەن ٢٠ساڵ)

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، ٢٠١٢/٥/٤ لاپەرەی دێبات، سی.د.

گەر سەرنجێکی وورد بدەین، دەبینین، ئەم قوربانییەی مۆبینگ، هەرچەندە تەمەنی ٢٠ساڵیشە، بەڵام هێشتا کاریگەرییە نەرێییەکانی مۆبینگ، لە دەروونیدا پەنگیان خواردۆتەوە و تاڕادەیەکی زۆریش ڕەشبینی بە گووتەکانییەوە دیارە.
هاوکات، ئەو بەئەرکی گەورەکانی (باوان و مامۆستایانی) دەزانێت، کە دەبوو، کاری زۆرتر و کاریگەرتریان بکردایە و هەڵی زۆرتریان دابا بۆ ڕێگەگرتن و بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ و

مۆبەکاران.
لەڕاستیشدا ئەرکی سەرەکی و گرنگ بۆ کەمکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ، دەکەوێتە ئەستۆی باوان و مامۆستا و فێرکارانەوە.

## گرنگیدان بە کێشەی مۆبینگ لە نەرویجیدا

دەکرێت خاڵەکانی ئەم بەشە، وەک پێشنیار و نموونەی کارکردن بۆ کەمکردنەوە- بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ، لە فێرگەکانی کوردستاندا، لەلایەن وەزارەتی فێرکاری( پەروەردە) و دەستەڵاتدارانەوە، چاوی لێبکرێت.
کێشەی مۆبینگ، یەکێکە لەو کێشە سەخت و گەورانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی نەرویج، بەگشتی و پرۆسەی فێرکاری بۆتەوە. چەندەها کۆڕ و سیمینار و دێبات، سەبارەت بەم کێشەیە سازدەکرێت. چەندەها گووتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەربارە دەنووسرێت. وەزارەتی فێرکاری و تەنانەت پەرلەمان و سەرۆک وەزیرانیش، هاتوونەتە- دێنە ناو ڕێڕەوی کێشەکەوە و کاری ڕاستەوخۆیان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ڕەهەندەکانی ئەم کێشە کردووە- دەکەن.
لەکۆتایی ئەم بەشەدا، دیسان گوڵبژێرێک لەو تێبینی و سەرنجانەی، کە لە ڕۆژنامەی (ئافتن پۆستن) دا، لەماوەی ساڵێکدا بڵاوکراونەتەوە، دەخەمە ڕوو، بەو نیازەی ببێتە ڕێنیشاندەرێک، هەم بۆ کاربەدەستانی بواری فێرکاری و هەم بۆ حکومەتی کوردستانیش، کە دەبێت کاری زۆر جدی بۆ کەمکردنەوەی مۆبینگ بکرێت. لێرەدا باس لە بنەبڕکردنی ئەو کێشە- دیاردەیە ناکەین، چونکە بنەبڕکردنی مۆبینگ کاری کردەنی نییە! دیاردەی مۆبینگ دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، واتە هەر لەسەرەتای گردبوونەوەی مرۆڤەکانەوە، ئەم دیاردەیە سەریهەڵداوە.
ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، گەورەترین ڕۆژنامەی نەرویجە و ڕۆژانە چاپی بەیانیان و ئێوارانی هەیە (نزیکەی یەک ملیۆن دانەی لێ چاپدەکرێت) لە ڕۆژی ٢٠١١/١١/٢٣ دا، ووتاری سەرەکی و چەند ڕاپۆرتی ژمارەی ئەو ڕۆژەی بۆ ڕووناکی خستنەسەر کێشەی مۆبینگ تەرخانکردووە.

(( بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ، دەبێت توندتربکرێت ))
((بەگوێرەی ئامارێک، لە ساڵی ٢٠١١ دا لە فێرگەکانی نەرویج (بنەڕەتی و ئامادەیی) هەشت و نیو لە سەد (٨،٥ %) لە فێرخوازان ڕووبەڕووی مۆبینگ بوونەتەوە، ئەم ڕێژەیەش، نزیکەی بەرابەر هەمان ڕێژەیە، کە لەساڵی ٢٠٠٧ دا ئامارکراوە.
لەم چەند ساڵەی دوواییدا (کێشەی) مۆبینگ، کەمتر بایەخ و سەرنجی دراوەتێ. لەکاتێکدا، دەساڵێک لەمەوبەر، سەدان فێرگە بە پرۆگرامی دژە مۆبینگەوە پەیوەستبوون، لەئێستادا ژمارەی ئەو فێرگانە بەتەواوی کەمبۆتەوە. لەم بارەیەوە، تایبەتکار و لێکۆڵەر لە بواری (پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان)

هەڵسوکەوتدا، ئێرلینگ ڕۆناڵد، کە لەم دەساڵەی ڕابووردوودا، لێکۆڵینەوەی لەبارەی کێشەی مۆبینگەوە کردووە، بە دەرئەنجامێک گەیشتووە، کە مۆبینگ، لەم ماوەی دەساڵەدا، بێمانا لەئاستێکی بەرزدا ڕاوەستاوە.
ڕۆناڵد هۆکاری ئەم بەرزبوونەوی ڕێژەی مۆبینگە، بۆ ئەو ڕیفۆرمەی، کە ساڵی ٢٠٠٦ هاتە ئەنجامدان و بە (ڕیفۆرمی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیار لە سیستەمی فێرکاریدا) ناسراوە، دەگەڕێنێتەوە. فێرگەکان بە جێبەجێکردنی ئەم ڕیفۆرمەوە، سەرقاڵن و نایانپەرژێتە سەر ئاوڕدانەوە لە کێشەی مۆبینگ.
هەرچۆنێک بێت، ئەم دۆخە بەهیچ جۆرێک قابیلی قبوڵ نییە. هەموو منداڵێک مافی خۆیەتی لە ژینگە و کەش و دۆخێکی ئارام و دوور لە مۆبینگدا بخوێنێت و گەورەببێت. نابێت پیادەکردنی ڕیفۆرم و شیوازی نوێ لە سیستەمی فێرکاریدا ببێتە ڕێگری بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ.
لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆی ئامارەکە، ئاماژە بۆ دیارەدەیەکی زۆر ترسناک دەکەن، ئەویش ئەوەیە، کە مامۆستا، ئەو کەسەی دەبێت، ڕێگربێت لە مۆبینگ و بنەبڕکردنی، کەچی ئەو خۆی دەبێتە مۆبەکار. ئەم دیاردە ترسناکە ڕەهەندێکی نوێ دەدات بە کێشەکە.
دەبێت هەنگاوگەلێکی بەپەلە هەڵبهێنرێت بۆ ئەوەی کێشەی مۆبینگ پشتگوێ نەخرێت. دەبێت کێشەی مۆبینگ لە گشت فێرگە و گشت کۆمۆنەیەک ( شار، شارۆچکە و گوند) بهێتە باسکردن و چارەسەرکردن. لەمانەش گرنگتر، دەبێت بکرێتە بابەت و باسێکی سیاسی دیار و ئاشکرا.
حکومەت لەم بوارەدا کەمێک درەنگ کەوت، ساڵی ٢٠٠٩ وەزارەتی فێرکاری و خودی وەزیری فێرکاری جەنگی دژە مۆبینگ و بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگیان ڕاگەیاند.
فەرمان بە گشت بەڕێوەبەریەتییەکانی فێرکاری درا، کە بە ووردی چاودێری فێرگەکان بکەن، بۆ ئەوەی لە جێبەجێکردنی یاساکانی فێرکاری و دابینکردنی کەشیکی لەبار بۆ فێرکاری و دوور لەمۆبینگ بۆ فێرخوازان، کەمتەرخەمی نەکەن.
نزیکەی ساڵێک بەر لە ئێستاش، خودی سەرۆک وەزیران، مانیفێستی دژەمۆبینگی واژۆکرد.
بە هاوکاری نێوان حکومەت و چەند ڕێخراوێکی دیکەی چالاک لەم بوارەدا دەکرێت شائامانجی "مۆبینگ بەهیچ جۆرێک قبوڵ نییە!" لە وشەی سەرکاغەزەوە، بەکردەوە پیادەبکرێت. بەڵام کاتێک، بەگوێرەی ئامارەکان، دەبینین، کە مۆبینگ لەهامان ئاست و ڕێژەی چوارساڵ لەمەوبەردایە، ئیدی ئەوە ئاماژەیە بۆ کەموکووڕی و ناتەوای ئەو هەنگاوانەی لەم بوارەدا نراون.
بەگوێرەی جاڕنامەی مافی زارۆکان، لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان (*وڵاتانی یەکگرتوو*) منداڵ مافگەلی بیروباوەڕی سیاسی، سڤیل، کۆمەڵایەتی و کولتوری، هەیە. لە ڕوانگەی ئەم مافگەلەوە، ئێستا، کاتی داڕشتنی یاساگەڵێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ، لەسەر ئاستی نەتەوەیی(وڵات) و نێونەتەوەیی(جیهان) هاتووە. بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ بەهەندگرتن و ڕێزگرتنە لەو مافگەلە. جەنگی دژە مۆبینگ دەبێت ببێتە ئەرکی ڕۆژانەی فێرگە و دەبێت پاڵپشتی سیاسیشی هەبێت.))

هەر لە هەمان ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا. ڕاپۆرتێک لەلایەن لێکۆڵەرێکی تایبەتکار ( ئێرلینگ ڕۆناڵد ) کە لە سەرگووتارەکەدا ناوی هاتووە، بڵاوکراوتەوە. تێدا ئاماژە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی مۆبینگ، لەم چوارساڵەی دواییدا دەکات، لە کاتێکدا ساڵی ٢٠٠٤ ڕێژەی مۆبینگ بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزیوە بەهۆی ئەوەی سەرۆک وەزیران و وەزیری فێرکاری ئەو سەردەمە زۆر شێلگیرانە خۆیان لە قەرەی کێشەی مۆبینگ دەدا و کەمپینی دژەمۆبینگیان(نزیکەی) لە گشت فێرگەکاندا ڕاگەیاند. لەو ساڵانەدا، چەندەها جار کەمپینی دژەمۆبینگ سازکرا، فێرخوازان تیشێرتی(بلوزی) تایبەت بە دژەمۆبینگ، کە لەسەری نووسرابوو (هاوڕێکەم مۆبە مەکە! ) لەبەردەکرد.

هەر لەهەمان ژمارەدا، دیدارێک لەگەڵ کچێکی ١٩ساڵان کراوە، کە خۆی یەکێکە لەو کەسانەی مۆبەی پێکراوە و ئێستا کەمپینی دژەمۆبینگ سازدەکات و وەزیری فێرکاریش لەو کارەدا هاوکاری دەکات.
ئەو مێتودەی ئەم کچە، بەکاریگەری دادەنێت بۆ کەمکردنەوەی مۆبینگ، بەکورتی لە دوو خاڵدایە:

١- پاڵپشتیکردن و هاوسۆزیکردنی کەسی مۆبەپێکراو، بە هەموو شێوەیەک.
٢- هاوکاریکردنی کەسی مۆبەکار، تا لە گرفتی مۆبینگ و مۆبەکردن ڕزگاری بێت.

## مامۆستایانیش دەبنە مۆبەکار

گەر جارێکی دیکە سەرنجی سەرگووتارەکە بدەینەوە :
(( لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆی ئامارەکە، ئاماژە بۆ دیارەدەیەکی زۆر ترسناک دەکەن، ئەویش ئەوەیە،کە مامۆستا، ئەو کەسەی دەبێت، ڕێگربێت لە مۆبینگ و هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی بدات، کەچی ئەو خۆی دەبێتە مۆبەکار. ئەم دیاردە ترسناکە ڕەهەندێکی نوێ دەدات بە کێشەکە. ))
لە سەرگووتارەکەدا، کردەی مۆبینگ لەلایەن مامۆستاوە، بە ((دیاردەی ترسناک)) ئاماژەی بۆکراوە، چونکە مامۆستا هەمیشە دەبێتە نموونەیەکی بەرچاو بۆ فێرخوازان.
بە بڕوای دەروونناسان، منداڵ چاو لە کردەوەی گەوران دەکات و دووبارەیان دەکاتەوە. بەکوورتی :
(( منداڵ چاو لە کردارت دەکات، نەک گووتارت. ))

بەگوێرەی( www.fvn.no ) کە سایتێکی تایبەتە بە مۆبینگی مامۆستایان بۆ فێرخوازان. نزیکەی یەک لە دەی (١٠/١) فێرخوازان لەلایەن مامۆستاکانیانەوە مۆبەدەکرێن.

لە ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، لە ڕۆژی ٢٠١١/٩/٥ دا هەواڵێک، کە بڵاوکراوەتەوە:
((ڕێکخراوی دژە هەڵاواردنی دەوڵەتی (ڕەسمی) (OMOD ) لە ڕاپۆرتێکدا دەریخستووە، کە نزیکەی

پازدەهەزار (١٥٠٠٠) فێرخواز لەلایەن مامۆستاکانیانەوە مۆبەکراون، بەڵام ڕاپۆرتی ئەنجوومەنەکانی خوێندکاران خۆیان، ئەو ژمارەیە بە بیستهەزار (٢٠٠٠٠) دەخەمڵێنن.))
هەمان ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، لە پایزی ٢٠١١ دا، تەوەرێکی تایبەتی لەسەر بابەتی مۆبەکردن لەلایەن ماۆستایانەوە، لەژێر سەردێڕی (( کاتێک مامۆستا مۆبەدەکات )) کردەوە. وتارگەلێکی، خوێندکاران و مامۆستایانی بڵاوکردەوە. لە ٢٠١١/١١/٢٢ دا، دواهەمین وتار، کە لەهەمانکاتدا بە باشترین وتاری ئەو تەوەرەش دەستنیشانکرابوو، لە لایەن کچێکی ١٩ ساڵان، بەناوی ((کریستینا)) نووسرابوو، بڵاوکردەوە.

(( جارێکی دیکەش وەڵامی ڕاپرسیەکانی خوێندکاران و ئامارەکانی خوێندنگە، وەک جارەکانی پێشوو، ئاماژە بۆ بوونی دیاردەی مۆبینگ و مۆبەکاران، لەنێو خوێندکاراندا، بەڕێژەیەکی زۆر، دەکەن. بەڵام ئەوە تەنها هەر بەشێک لە خوێندکاران نین، کە خەریکی مۆبەکردنن، بەڵکۆ هەندێ لە مامۆستایانیش چالاکانە خەریکی ئەو کارەن.
منداڵان و لاوان، دنیا لە ڕوانگەی خۆیانەوە، ئێستا و لێرە، دەبین و تاک ڕەهەندانە لێیتێدەگەن. ئەوان، وەک گەورەکان ئەزموونیان نیە، تا دنیا فرە ڕەهەندی ببینن و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەگەرەکان هەبێت و بەچاوی رەخنەوە لە بابەتەکان بڕوانن. ئەم کەماسییە لەو بوارەدا بێدەستەڵاتیان دەکات و ناچاردەبن چاوەڕێی کۆمەک لە گەورەساڵانی دەوروبەریان بن. ئەو گەورەساڵانەی، کە دەبێت ڕێگری لە مۆبینگ بکەن. لەو کارەشدا، مامۆستا دەبێت ڕۆڵی چالاکی هەبێت. بەڵام گەر مامۆستا خۆی ببێتە مۆبەکار، ئیدی ئەوە بۆ فێرخوازان، منداڵان و لاوانیش، کارەساتە. )) ( کریستینا، ١٩ ساڵ )

ئەم ئامارانە بەڵگەی پێشێلکردنی مافی فێرخوازن (منداڵن) لە نەرویج، کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی (یوئێن) لە ساڵی ٢٠١١ دا (وەک پێنج ساڵی ڕابووردوو) باشترین وڵاتی جیهان بووە بۆ ئاستی ژیان و گوزەران، بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە :

Global Human Devlopment Report , UN , 2011, GHDR www.undp.org

بەگوێرەی هەمان راپۆرت، لە کۆی ١٨٧ وڵات، نەرویج لە پلەی (١) و عێراق لە پلەی (١٧٦) دان.
(( ئاماری تایبەت بە باشووری کوردستان، لەبەردەستدا نییە، خۆ ئەگەر وادابنێین، کە بارودۆخی کوردستان، لە عێراق، باشترە، ئەوپەڕی چەند پلەیەک لە ئاست عێراق دەچێتە سەرەوە ! ))

لەکوردستان، مۆبینگ لە فێرگەدا دیاردەیەکی زۆر ئاشکرایە، چ لەنێوان فێرخوازاندا و چ لەلایەن مامۆستاوە بەرانبەر فێرخواز، تەنانەت مامۆستایەک، بێباک لە سزای یاسایی و بێباک لە ڕێزگرتنی

مافی مرۆڤ و بەتایبەتی مافی منداڵ، گرتەی ڤیدیۆیی مۆبینگ- هەراسانکردنی منداڵێک لە (یوتوب) دا پەخشدەکاتەوە.

*((ئەو مامۆستایەی منداڵەکەی دەقەرری ڕەواندوز دەخاتە گریان، جەختدەکاتەوە، کە بۆ سوبعەت و پێکەنین، ئەو کارەی کردووە. پسپۆڕێکی دەرونینیش ڕادەگەێنێت:*
*" ئەوە هیچ سوبعەت نییە ووێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی، خۆی لەخۆیدا توندوتیژییە."*
*وەزارەتی پەروەردەش هێشتا نەگەیشتۆتە دوا بڕیار لەو بارەیەوە.))*
(سایتی هاوڵاتی، ڕۆژی ٢٠١١/٥/٢٣ ، بەشی پەروەردە.)

ئەو بەڕێوەبەر و مامۆستایەی کچە خوێندکارێکیان بە (قۆپی) یەوە گرت و وەک سزادان و بۆ ئەوەی خوێندکارەکانی دیکەی پێ چاوترسێن بکەن، بە گشت پۆلەکانی فێرگەکەدا گەڕاندیان. کچەش لە شەرمان، ڕۆژی دواتر، خۆی کوشت. ئەوانە لە مامۆستایانی مۆبەکارن.
(لەسەر ئەو کارەش کەس سزانەدرا!)
تەنها دوو نمونە لەسەر سزادانی مامۆستا لە نەرویجدا دەخەمەڕوو، ئیدی خوێنەر خۆی دەتوانێت بەراوردی ڕووداوەکان بکات.
((لە ناوەڕاستی مانگی ٢٠١١/١١ دا لەشاری ڤێستەرئۆڵن، لەکاتی چالاکی یەکێک لە فێرگەکانی ئەو شارەدا، لە هۆڵی چالاکییە کلتورییەکان، فێرخوازێکی ١٣ ساڵان، زۆر ناڕەحەتی دەکات و ئارامی هۆڵەکە دەشێوێنێت؛ مامۆستایەک داوای لێدەکات شوێنەکە بەجێبهێڵێت. منداڵەکە بەگوێی ناکات و ناڕوات. مامۆستاکە توڕەدەبێت و بە ڕقەوە منداڵەکە دەدات بەکۆڵیدا و دەیباتە دەرەوەی هۆڵەکە و ناهێڵێت بێتەوە ژوورێ.
بەگوێرەی (ئیفادەی) فێرخوازەکە، گوایە، مامۆستاکە فڕێیداوتە سەر زەوی و پێلەقەیەکیشی لێداوە، بەڵام مامۆستاکە ئەو تۆمەتەی ڕەتکردۆتەوە، تەنها هەڵگرتن و کردنەدەرەوەکەی سەلماندووە.
پارێزەری فێرخوازەکە گووتوویە : ((منداڵەکە، لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەی مامۆستاکەدا، توشی شۆک بووە و ڕاپۆرتی پزیشکیش ئاماژە بۆ پەڵەی شین ومۆر لە کەللە و لاملیدا دەکەن.))
داوەریش گووتوویە: ((هەرچەندە ڕەفتاری ئەو فێرخوازە جاڕسکارانە و ناپەسەند بووە، بەڵام مامۆستا، کە ڕۆڵی پێشڕە و نموونەی لە فێرگەدا هەیە، نەدەبوو ڕەفتاری وا بنوێنێت و مافی ئەوەی نییە ئازاری جەستەیی فێرخواز بدات،))
ڕۆژی ٢٠١٢/٢/٨ دادگای ڤیستەرئۆڵن، سزای ٦ مامگ زیندان و قەرەبووکردنەوەی فێرخوازەکە و هەقدەستی پارێزەر و گشت تێچووی کردەی دادگاییەکەی بەسەر مامۆستاکەدا سەپاند.
لە نەرویجدا،هەر مامۆستایەک سزای زیندانی بدرێت، ئیدی بۆی نییە کاری مامۆستایی بکات.
(سایتی ئافتن بلادە. نۆ. www.aftenbladet.no)

(( لە شارۆچکەی ڕینگەساکەر، لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا مامۆستەیەک لە کارەکەی دەرکرا. ئەمە سەردێڕی زۆربەی ڕۆژنامە و هەواڵی تەلەڤیزیۆنەکان، لە ڕۆژی ٢٠١٢/٢/٩ بوو.
دوای ئەوەی، کە بەڕێکەوت، چەند فێرخوازێک و چەند باوانێکی فێرخوازەکان، لە یوتوبدا چەند فیلمێکی مامۆستا (شێتیل وانگن) دەبینن. مامۆستای ناوبراو وەک خولیا، خەریکی نواندنی ڕۆڵە لە فیلمی یوتوب و ئەوفیلمانەی لە نێتدا بڵاودەکرێنەوە. لەو چەند فیلمەدا، ئەو مامۆستایە ڕۆڵی کەسێکی دڕ و شەڕانی و خوێنڕێژ دەبینێت. باوانی فێرخوازەکان، ئەم کارەی ئەو مامۆستایەیان، بە شکاندنی پرینسیپەکانی سیستەمی فێرکاری و ڕۆڵی پێشەنگی مامۆستا، ئەژمارد. هەر هەمان ڕۆژ لەگەڵ شارەوان(قایمقام) ی شارۆچکەکە کۆبوونەوە و داوایانکرد ئەو مامۆستایە لەسەرکار لاببرێت. شارەوان، داواکەیانی پەسەندکرد و لە ڕۆژی ٢٠١٢/٢/١٠ مامۆستا شێتیل، دەرکرا. ))
ئەو مامۆستایە مافی نییە هیچ تانەیەک لە بڕیاری شارەوان بدات.

(www.vg.no سایتی ڤ.گ. نۆ)

لە سیستەمێکی فێرکاری مۆدیرن و منداڵپارێزدا، ڕەفتاری مامۆستا، تەنانەت لە دەرەوەی فێرگە و لە کاتی ئازاد و خولیاشدا، هەر ماڵە بەسەریەوە. ئەمە سەرباری خۆئامادەکردنی ڕۆژانەی مامۆستا بۆ ٧ تا ٨ سەعات کار لە فێرگەدا.

## پرۆگرامی OLWEUS

پرۆفیسۆر، دان ئۆکە ئۆڵڤیوس، دکتۆری دەروونناس لە زانکۆی بێرگن( ڕۆژئاوای نەرویج ) لە ساڵی ١٩٦٩ دا پلەی دکتۆرا، لە دەروونناسیدا بەدەستدەهێنێت و لە ساڵی ١٩٧٠ دا سەرقاڵێ شیکاریکردنی دیاردەی مۆبینگ بووە، لە ڕوانگەی دروونناسیانەوە. لەم بوارەدا پرۆژەیەکی تایبەتی، بۆ کەمکردنەوەی مۆبینگ داڕشتووە، کە لەساڵی ١٩٧٣ دا لە وڵاتانی سکەندناڤیا و لە ساڵی ١٩٧٨ دا لە ئەمریکادا بڵاوکراوەتەوە.
لە ساڵی ١٩٨٣ وە، وەزارەتی فێرکاری نەرویج پرۆژەکەی پەسەندکردووە و هەرهەمان ساڵ لە (٤٢) فێرگەدا پەیڕەوکراوە. لەساڵی ٢٠١١ دا لە (٥٠٠) فێرگەدا پەیڕەوکراوە.
ئۆڵڤێۆس. لە بواری شارەزایی لە دیاردەی مۆبینگدا، بە پێشڕەو دادەنرێت. بنکەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی مۆبینگی دامەزراندووە و لێکۆڵینەوە و کاری زانستی بۆ کەمکردنەوەی دیاردەکە دەکەن و بەرهەمەکانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی ئەو بنکانە، لەلایەن وەزارەتی فێرکاری و بەڕێوەبەرایەتی فێرکاری دەڤەرەکان و فێرگە تایبەتییەکانەوە(فێرگەی ئەهلی) دەکرێت.
بۆنمونە، ساڵی ٢٠١١ وەزارەتی فێرکاری نەرویج بڕی ( ٥٠ ملیۆن کرۆن، نزیکەی ٩ملیۆن دۆلار) ی بۆ

پرۆژەکان و هەڵمەتەکانی کەمکردنەوەی مۆبینگ، خەرجکردووە. بە گوێرەی ئەو ئامارانەی دوای هەڵسەنگاندی ئەم پرۆژانە لە چەندین فێرگەدا، کە پرۆگرامی ئۆڵۆڤێۆسیان بەکارهێناو، ڕێژەی مۆبینگ لە ( ٣٠% تا ٧٠% ) کەمیکردووە.

## کورتەیەکی پرۆگرامەکە:

شائامانجی پرۆگرامەکەی ئۆلۆڤێۆس، کارکردنە بۆ کەمکردنەوەی گشت دیاردەکانی مۆبینگ لە فێرگە بنەڕەتییەکاندا؛ ئەویش بە ڕێنماییکردنی زانستیانە و سازکردنی کۆرس و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ستافی فێرگە ( بەڕێوەبەر، مامۆستا، فێرخواز و گشت کارمەندانی دیکەی فێرگە) و باوانی فێرخوازانیش.

ئامانجی سەرەکی و ئامانجی گشتی:

پرۆگرامەکە ٤ ئامانجی سەرەکی هەیە

١- بەئاگاهێنانەوە، هۆشیارکردنەوە و چالاککردنی، فێرخوازان و مامۆستایان، لەهەمبەر دیاردەی مۆبینگدا.

٢- دیاریکردن و بەهێزکردنی ڕۆڵی مامۆستا، وەک ڕابەر و پێشڕەوەی پۆل- فێرگە.

٣- ڕاگرتن و کەمکردنەوەی مۆبینگ.

٤- تۆمارکردن- دۆکۆمێنتکردنی دەرئەنجامی کار( پرۆژەکە)

ئامانجە گشتییەکانی پرۆگرامەکە:

١- ڕاڤەکردنی مۆبینگ و پێدانی زانیاری، ئامار، شێوازی بەرەنگاربوونەوە مۆبینگ، بۆ ستافی فێرگە

٢- هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و تێڕوانینی دیاردە و ئاریشەی مۆبینگ، بە دیدێکی ڕیالستیانە، واتە نە قەبەکردنی دیاردەکە و نە چاوپۆشیکردن لە دیاردەکە.

٣- چالاککردن و ڕێنمایکردنی مامۆسایان و باوانی فێرخوازان، تا زیاتر چاودێری سەرهەڵدانی دیاردەی مۆبینگ بن و بەرەنگاری ببنەوە؛ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەشدا ڕیالستی بن.

٤- ڕێنمایکردنی ستافی فێرگە، بەتایبەتی مامۆستایان، بۆ کۆمەککردنی منداڵ/ فێرخوازی مۆبەپێکراو.

٥- پەخشکردنی زانیار و سازدانی چالاکی و کەمپینی دژەمۆبینگ، بە بەردەوامی و بەپێی نەخشەی کار، وەک:

- کەمپین: هەڵواسینی پۆستەر، وێنە، لەبەرکردنی ( تی. شیرت) ئەم ڕستانەی لە سەر نووسرابێت

(( من هاوڕێکەم مۆبەناکەم ! )) (( ئێمە هیچ کەسێک مۆبەناکەین! ))

(( گەر ببینم تۆ فێرخوازێک مۆبەدەکەیت، دەچم بە مامۆستاکەم دەڵێم ! ))

- نمایشکردنی فیلم و دۆکۆمێنتی تایبەت بە مۆبینگ و ڕاڤەکردنی کاریگەری نەرێیی مۆبینگ.

- سازدانی کۆبوونەوەی پۆل، کۆبوونەوەی گشتی فێرگە، بۆ گشت فێرخوازان و باسکردنی نەرێیی

دیاردەکە و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر دەروونی کەسی مۆبەپێکراو.
- سازدانی کۆبوونەوە بۆ باوانی فێرخوازان و باسکردن و ڕاڤەکردنی دیاردە و کێشەی مۆبینگ.
- سازدانی کۆبوونەوەی مامۆستایان و باوان و باسکردن و ڕاڤەکردنی دیاردەکە.
٦- لەکاتی ئاشکرابوونی حاڵەتێکی مۆبینگدا، دەبێت مامۆستا، بەتایبەتی مامۆستای ڕابەری پۆل، زۆر چالاکانە کاردانەوەی هەبێت و ئەم هەنگاوانە هەڵبێنێت:
- کۆمەککردن و هاوسۆزی نواندن بۆ کەسی مۆبەپێکراو
- هەوڵدان و کارکردن بۆ نەهێشتنی کردەی مۆبینگەکە، واتە وەستاندن- ڕاگرتنی کەسی مۆبەکار
- سازدانی کۆبوونەوە و دانیشتن لە نێوان مۆبەکار و مۆبەپێکراودا، گەر کێشەکە لەوێدا کۆتایی نەهات، ئەوا دەبێت باوانی هەردوولاش بانگهێشتی کۆبوونەوە بکرێن.

دوای هەڵسەنگاندی پرۆگرامەکە، لەلایەن هەر فێرگەیەکەوە، کە دەیەوێت ئەم پرۆگرامە پیادەبکات؛ ئیدی ئەو فێرگەیە لەلایەن ئۆفیسی پرۆگرامی ئۆڵۆڤێۆس، سەرپەرشتی و ڕێنمایی دەکرێت.
لە کۆتایی ساڵی خوێندندا، ئۆفیسی پرۆگرامی ئۆڵۆڤێۆس، لە کۆبوونەویەکی فەرمی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی فێرگەکەدا، دەرئەنجامەکان، لەسەر بنەمای فۆرمەکانی ڕۆماڵکردنی مۆبینگ و هەوڵ و چالاکی مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی فێرگە و باوانی فێرخوازان، بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی مۆبینگ، هەڵدەسەنگێن. بەشێوەی گشتی، پرۆژەکە دوو ساڵی خوێندن بەردەوامدەبێت.

## مۆبینگ لەڕێگەی هۆکاری تەکنەلۆجیای مۆدێرنەوە

وەک لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان پێدا، کە دیاردەی مۆبینگ، نزیکەی هێندەی تەمەنی گردبوونەوەی مرۆڤ، لە کۆمەڵگەدا درێژە، بۆیە بەگوێرەی پێشڤەچوونەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەم دیاردەیەش گۆڕانی بەسەرداهاتووە.
ئێستا مرۆڤ لە چاخی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵدا دەژی، بە پێیەش دیاردەی مۆبینگ چۆتە ئاستێکی دیکەوە. بەکورتی لەم سەردەمەدا تەکنۆلۆژیای دیجتاڵ بۆ مۆبینگ بەکاردێت. واتە مۆبەکاران لەڕێگەی مۆبایل، ئیمەیل، فەیسبووک و یوتوبەوە، درێژە بە کردەی مۆبینگ دەدەن.
لەبەرئەوەی لەم سەردەمەدا دەستڕاگەیشتن بە ئەم هۆکارانە زۆر ئاسان بووە و زۆرینەی بەکارهێنەرانیشی منداڵان و لاوانن، ئیدی بۆتە مەیدانێکی بەرفراوانی مۆبەکردن.
زۆر گرنگە باوان و سەرپەرشتیارانی منداڵان، لەماڵەوە ئاگاداری بەکارهێنانی ئەم هۆکارانە بن و ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی بگرن. هاوکات مامۆستا و فێرکارانیش لە فێرگەدا هەمان ڕۆڵ بگێڕن.

لە کتێبی بەرەنگاریی چەپاندن، نووسینی، ئەرلینگ ڕۆنالد و گرێتە سوێرنسن ڤالاند، تەرجەمەی لە نۆروێژیەوە، محەمەد مدیری، کۆمەک، ئۆسلۆ ٢٠١١ نووسراوە:

*(مۆبینگ) چەپاندن لەڕێگەی هۆکاری تەکنەلۆجیای مۆدێرن*

*((لە کتێبی بەرگری لە چەپاندن دا، نوسەرەکان تەنها ئاماژەیان بە چەپاندن لەڕێگەی مۆبایل*

تەلەفۆنەوە کردوە، چونکە ئەم دەزگایە لەم سەردەمەدا لەگشت جیهاندا، بە کوردستانیشەوە، بڵاوبۆتەوە و زۆربەی منداڵان- فێرخوازان، ئەم دەزگایە لەگەڵ خۆیاندا بۆ فێرگە دێنن. بەڵام هۆکارە ئەلەکترۆنیە نوێیەکانی دیکەش، وەک کۆمپیتەر، هەروەها خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنییەکانی وەک ئینتەرنێت(ماڵپەڕ و ئیمەیڵ) فەیس بوک، یوتوب، توێتەر، بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت و هەندێکیان کاریگەرییەکەیان زۆر لە کاریگەری مۆبایل زۆرتر و فراوانترە. گەر مۆبایل فۆن، تەنها کەسی چەپێندراو دەیبیستێت و دەیبینێت، ئەوا ئەو شێواز و ڕێگەیانەی دیکە، کەسانی دیکەش جگە لە کەسی چەپێندراو دەیبینن. لەم ئاقارەوە، دیاردەکە دەبێت بە دیاردەیەکی گشتگر و بگرە دیاردەیەکی جیهانیش. وەک ئەوەی لە یوتوبدا دەگوزەرێت.

## (مۆبینگ) چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە

پێویستە ئاماژە بکەین بە جۆریکی نوێی چەپاندن کە لەم ساڵانەی دوایدا لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەکرێت، وەک قسەی ناشرین پێ وتن و نوسینی نامەی بێ سەروبەر. وا دەردەکەوێت ئەکتەرەکانی ئەم جۆرە چەپاندنە کەسانێکی دیکە بن جودا لەو چەپێندەرە ئاساییەی پێشتر باسمان کرد، هەر چەند هێندێک ڕێژەکەیان لە هەر دوولا تەرازترە.

چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە، ئەمەش بە هۆی بڵاو بوونەوە و زۆر بەکارهێنانی وەک ئامێرێکی پەیوەندی ڕۆژانەیە. چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە هەم بەشێوەی ئاخافتنە و هەم بەشێوەی ناردنی نامەی sms

لە هەردووک حاڵەتدا ئەم جۆرە چەپاندنە خۆی جیا دەکاتەوە لەو چەپاندنەی لە جفاتدا باوە، جیاوازیەکە یەکتر نەبینینی ئازاردەر و ئازاردراوە کاتیک دیاردەی چەپاندن ڕوودەدات.

چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە لە نێوان کوڕان پترە لە کچان، هەر چەندە کوڕان پتر لە کچان ئازاری کەسانی دیکە دەدن بە مۆبایل، جیاوازی زایەند کەمترە لە چاو چەپاندنی ئاسایی.

جیاوازی ڕێژەی نێوان ئەو گروپانەی بەر چەپاندنی ئاسایی و چەپاندنی مۆبایل دەکەون زۆر نیە. بەڵام ئەو کەسانەی لە ڕێگەی مۆبایلەوە ئازاری هاوفێرخوازانان دەدەن جیان لەو کەسانەی بەشدارن لە چەپاندنی ڕووبەڕوودا.

بەرز بوونەوەی ڕێژەکە لە نێوان کچ و کوڕدا یەکسانە. کاتێک ئاماژە بە پتر بوونی ئازاردان بەپێ تەمەن و بەکارهێنانی مۆبایل دەکەین، کێشەکە زۆر بە خێرایی لە پۆلەکانی باڵا بەرفرەوانتر دەبێت.

هۆکار و مێکانیزمی دۆخی چەپاندن بە مۆبایل وەک چەپاندنی ئاسایی شرۆڤە نەکراوە. هێندێک نیشانەی هاوبەشیان هەیە، بەڵام کەسانی چەپێندەر و چەپێندراو لەم دوو جۆرەی چەپاندن بە تەواوی جیاوازن. هەر بۆیە پێویستە بگەڕێین بەدوای هۆکار و تایبەتمەندیەکانی چەپاندن بە مۆبایلدا. چاوەڕوان دەکرێت هێندێک بەربەست و پێوانەی تایبەت بە کاربهێنرێت بۆ کەم کردنەوە و ڕیشەکێش کردنی ئەم دیاردەیە. کاتێک دەبینین چەپاندنی مۆبایل گرێدراوە بە هاوفێرخوازان و

*پەیوەندیەکانی نێوان فێرگە و فێرخوازەوە، دەبێت لە سەرەتاوە هەر هەمان ستراتێژی و شێوازە بە کار بهێنین کە بۆ چەپاندنی ئاسایی بە کار دەهێندرێت، ئازاردانی هاوفێرخوازان بە مۆبایل، پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە ئاستی پۆلەوە هەیە و رێژەکەش وەک پێشتر باسمان کرد بەپێ تەمەن پتر دەبێت.*
*هەم لە چەپاندنی ئاساییدا و هەم لە چەپاندن لە رێگەی مۆبایلەوە دەستەیەک گرووپێک هەیە کە هەم چەپێندەرە و هەم چەپێندراو. لە چەپاندنی ئاساییدا ئەم دەستەیە زۆر کەمە و بەپێ تەمەنیش کەمتر دەبێت. تایبەتمەندی رۆڵی چەپاندن لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا زەقتر دەبێتەوە. ئەم رێچکەیە پێچەوانەیە لە چەپاندنی مۆبایلدا، لەم گرووپەدا رێژەی هەردوو لایەن (چەپێندەر و چەپێندراو) هەتا رادەیەک لە یەک ئاستدا هەڵدەکشن و لەگەڵ تەمەنیشدا پتر دەبن. زۆر جار رۆڵی ئازاردەر و ئازاردراو بەپێ هەڵکشانی تەمەن زۆرتر تێکەڵ دەبێت. ))*

سەبارەت بە دیاردەی مۆبینگ لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵەوە بەسەرنجی کوڕێکی (١٣ ساڵان) کۆتایی بەم باسە دەهێنێن.

(( مۆبینگ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بۆ زۆرێک بۆتە کێشەیەکی سەخت و لە هەڵکشانیشدایە.
ئێستا، زۆرینەی مۆبەکاران ئینتەرنێت بەکاردێنن، چونکی نابینرێن و دەگمەنە ئاشکرابن.
بەبڕوای من دەبێت، ئاستی تەمەنی ئەوانەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن، بەرزتر بکرێتەوە و بەتەواویش ڕێگری لەبەکارهێنانی لەلایەن کەمتەمەنانەوە بکرێت.
بڕواشم وایە باوان، لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەبینن. دەبێت چاودێری منداڵە کەم تەمەنەکانیان بن لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تۆرانە و تۆڕی ئینتەرنێت بەگشتی.
هاڵڤارسن، ١٣ ساڵ ))
سەرچاوە : ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، ٢٠١٢/٥/٢٥ لاپەرەی دێبات، سی. د.
(( بەپێی ڕێسای فەیسبووک، نابێت کەسێک تەمەنی ژێر ١٣ ساڵ بێت، ئەم تۆرە بەکاربهێنێت ! ))

## دەرئەنجام

گەرچی سنوورەکانی نێوان، گاڵتەکردن- گاڵتەپێکردن، پێڕابواردن، لاساییکردنەوە، هەراسانکردن، چەپاندن، سەرخستنەسەر، زۆرکاڵ و تێکچڕاوون، بەڵام مۆبەکردن پانتاییەکە، گشت ئەو دیاردانە لەخۆدەگرێت.
لە کۆمەڵگا و وڵاتێکی دیموکراتی و پێشڕەفتەی وەک نەرویج، کە مافی تاکەکەس، لە گشت بوارێکدا بەرانبەر دەوڵەت- دەستەڵات، یاسا، ئاین و بیروڕای سیاسی، بەپێی یاسا و دەستوور و بە کردەوەش، پارێزراوە، کەچی دیاردە و کێشەی مۆبینگ هێندە زەق و کاریگەرە.
ئەدی لە کۆمەڵگەیەکی نادیموکرات و پاشڕەفتەی وەک باشووری کوردستان، کە باڵادەستی ئاین لە گشت بوار و جومگەیەکی کۆمەڵگا، یاسا، گووتاری سیاسی(حیزب) دا، بەئاشکرا دیارە، ڕێزگرتن لە

تایبەتمەندێتی تاکەکان و ڕیزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بە شێوەیەکی گشتی، لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، دەبێت لە چ ئاستێکدا بێت؟

هاوکات پەیوەندییە خێڵەکیەکان لەناو کۆمەڵگادا زۆر بە زەقی دەبینرێت، سوڵحی عەشایری، لەبری سەروەی یاسا. شانازیکردن بە خێڵ، عەشرەت و ناوچەوە، لەبری هەستی هاووڵاتی بوون، بەئاشکرا لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێن و پراکتیزە دەکرێن.

لەبار و دۆخێکی وەهادا، لەگەڵ هەگبەیەک وشەی مۆبینگ لە زمانەکەماندا، کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئاماژەن بۆ مۆبەکردن. وەک:

(( پێڕابواردن، سەرخستنەسەر، تەشقورەپێکردن، هەراسانکردن، قەشمەرپێکردن، جاڕسکردن، لاقرتیپێکردن، ناتۆرەلێنان، تانەلێدان، گاڵتەپێکردن و چەندی دیکەش.)) و گووتنەوە و بەکارهێنانی ڕۆژانەیان، لە ماڵ، لە فێرگە، لە سەرشەقام و ناو بازاڕدا، تەنانەت لە میدیا و فەرهەنگی سیاسیشدا. ئیدی گەرای مۆبینگ لە ژینگەیەکی لەمجۆرە، زۆر بە ئاسانی گەشەدەکات و بڵاودەبێتەوە.

ئەم دیاردەیە، یان ئەم کێشە و گرفتە، دەبێت لەسەر گشت ئاستەکاندا بهێتە باسکردن و گوتوبێژ. دەبێت بیروڕای فێرخوازان و مامۆستایان و پزیشکانی دەروونی لەسەر دیاردەکە وەربگیرێت. لە هەمووشی گرنگتر، هان و یارمەتی کەسی مۆبەکراو بدرێت، تا بوێرێت مۆبەپێکردنەکەی بە ئاشکرا بدرکێنێت و کەسی مۆبەکار بناسێنێت.

وەزارەتی فێرکاری و بەڕێوەبەرایەتییەکانی فێرکاری، دەبێت پلانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ هەبێت، بۆ نمونە ( پرۆگرامی ئۆلۆڤێۆس) و پرۆگرامی دیکەی لەو جۆرە. کاری تۆژەرەی کۆمەڵایەتی دەبێت چالاک بکرێت و کۆرسی تایبەتیان لەو بوارەدا بۆسازبکرێت. مێدیا بەگشتی و تەلەڤیزیۆن بە تایبەتی، دەبێت بەرنامەی دۆکۆمێنتاری و دێبات و بەدواداچوونی لەسەر ئەم دیاردەیە هەبێت. دەبێت، ئەم دیاردەیە، باس و بابەتی سەرەکی بێت، لە گشت کۆبوونەوەکانی فێرگەدا، چ کۆبوونەوەی فێرخوازان و مامۆستایان، چ کۆبوونەوەی دایک و باوکان.

گرنگە کەسانی ناسرا و دیاری کۆمەڵگە؛ سیاسەتمەداران، وەزیرەکان، ئەندامانی پەرلەمان، هونەرمەندان، وەرزشوانان و نووسەران، گەر لە منداڵیدا مۆبەکار، یان مۆبەپێکراوبوون (( بەدڵنیاوە هەندێکیان مۆبەپێکراو و هەندێکیش مۆبەکار بوون)) لە دیدار و کۆبوونەوە گشتییەکاندا باسی ئەم دیاردەیە بکەن و باس لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی بکەن. بەو کارەیان دەبنە ڕەچەشکێنی باس و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگ و سەخت، کە ئەگەر باسنەکرێت و کار بۆ کەمکردنەوەی نەکرێت، زیانێکی دەروونی گەورە لە کۆمەڵگا دەدات.

دەبێت وەزارەتی فێرکاری، هەڵمەتی دژە مۆبینگ لە گشت فێرگەکانی وڵاتدا دەستپێبکات. دەبێت

مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان، لە کۆرسی بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگدا، لەلایەن دەروونناسانەوە زانیارییان پێبدرێت. دەبێت لە کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنەکان، لە رۆژنامە و بەرنامەکانی ڕادیۆدا کەمپینی دژە مۆبینگ ڕابگەینرێت. دەبێت لە شوێنە گشتییەکان و شەقامە سەرەکییەکانی ناو شارەکاندا پۆستەر و وێنەی دژەمۆبینگ هەڵبواسرێت. دەبێت بە ڕێککەوتنی وەزارەتی فێرکاری و چەند کۆمپانیا و کارگەی بەرهەمهێنان ( بۆ نمونە کارگەی بەرهەمهێنانی ئاوی بوتڵ، خواردنەوی گازی- کۆکاکۆلا و هەر بەرهەمێکی دیکەی خۆماڵی، کە ڕۆژانە بەکار دەهێنرێت) تێکستی دژە مۆبینگ بنووسرێت، تا زۆرترین خەڵک بیبینێت و بیخوێنێتەوە.
دەبێت لە وانەی مافی مرۆڤ و کۆمەڵناسیدا، تیشک بخرێتە سەر دیاردەی مۆبینگ و ببەسترێتەوە بە ڕێزگرتنی مرۆڤ و مافی تاکەکەسەوە. ئەوانەی فێرگەکاندا پێیاندەگووترێت (( تۆژەری کۆمەڵایەتی )) کۆرسی تایبەتیان سەبارەت بە مۆبینگ بۆ سازبکرێت. وەزارەت دەبێت پسپۆڕی دەروونناس لەم بوارەدا بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامادەبکات و لە زووترین کاتدا بگاتە هەر فێرگەیەک، کە دوای ڕووماڵکردنی دیاردەی مۆبینگ، دەرکەوت، ڕێژەی مۆبینگ و مۆبەکاری لەو فێرگەیەدا بەرزە؛ بۆ یارمەتیدانی مۆبەپێکراوان و مۆبەکارانیش. دەبێت بزانین، کە کۆمەککردنی مۆبەکاران، هێندەی کۆمەککردنی مۆبەپێکراوان گرنگە.

بەکورتی، ئەمانە هەندێک پێشنیار و ڕێگەچارەن، کە دەکرێت وەک هەنگاوی بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ و دژەمۆبینگ، هەڵبهێنرێنەوە. بێگومان، کە مۆبینگ چووە بەرنامەی کاری وەزارەتی فێرکاری و حکومەتەوە، ئیدی دەتوانرێت دەروونناسی تایبەتمەند لەم بوارەدا پەیدابێت و ڕێگەچارە و شێوازی گونگاوتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ پەیدابکەن.

## بەشی سێیەم

## بەرپرسیاریەتی

بەرپرسیاریەتی چییە؟
بەرپرسیاریەتی چەمکێکی فراونە و گەلێ ڕەهەندی هەیە، هاوکات بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لە دوو ڕەهەندی زۆر بەرفراواندا بەکاردەبرێت.

١- ڕەهەندی ڕەوشتی- ئاکاری (مۆراڵی- ئێتیکی)
٢- ڕەهەندی یاسایی- ڕێسایی
ڕەهەندی یاسایی، لە گشت ڕەهەندەکانی دیکە، سنورەکانی دیارترە و تاک، بەپێی تێکستێکی نووسراو، بەرپرسیاریەتەکەی دیاریکراوە.
لە بەرانبەر بەجێنەگەیاندنی ئەو بەرپرسیارییەتییەی، کە بە یاسا ڕێکخراوە و دیاریکراوە، سزا هەیە. لەبەرهەندێ، لەم حاڵەتەدا، بەرپرسیاریەتی دەبێتە ئەرکێک.

دەنا لە ڕەهەندەکانی دیکەدا، بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی دانوستان و سازشکردنەوە. لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا، چەمکی بەرپرسیاریەتی(زۆربەی جار) ئەم ڕەهەندانەی ووندەکات و لە زەمینێکی بێسنوردا بەکاردەهێنرێت، کە بە ئاسانی مانای چەمکەکە نادۆزرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، بەرپرسیاریەتی لەڕێگەی پەروەردەکردنەوە فێری منداڵ- فێرخواز دەکرێت. بێگومان دەبێت دواتر منداڵ- فێرخواز هێندەی ئازادی هەبێت و زەمینەیەکی بۆ بڕەخسێنرێت، تا بتوانێت ئەو بەرپرسیاریەتییە بە کردەوە(پراکتیک) ئەنجامبدات. ئەگەر ئازادی مرۆڤ، لەبەر هەر هۆیەک، سنوردارکرا، ئەوا ئەو مرۆڤە ناتوانێت بەرپرسیاریەتی لەئەستۆبگرێت. بەواتایەکی دیکە، نابێت چاوەڕێی بەرپرسیاریەتیمان لە مرۆڤی نائازاد هەبێت.
فێرکردنی ئاکاری (ئێتیکی) بەرپرسیاریەتی، فراژوتنی کردەی پەیوەستکردنی نێوان مرۆڤەکانە. ئێتیکی بەرپرسیاریەتی کار لەسەر پەیوەندییە مرۆڤایەتییە هەنووکەییە- ئایندەییەکان دەکات. بەکورتی، ئاکاری بەرپرسیاریەتی سەرئەنجام دەبێت چوار خەسڵەتی پەسەند لە مرۆڤدا بڕسکێنی و چوار خەسڵەتی ناپەسەندیشی تێدا بمرێنێت. خەسڵەتەکانیش ئەمانەن :

١- بوێر بێت، نەوێر نەبێت.
٢- کۆویست(بەخشندە) بێت، خۆویست (پیسکە) نەبێت.
٣- هۆشیار (زانا) بێت، کەللەپوت(نەزان) نەبێت.
٤- دادپەروەر(ڕەواخواز) بێت، بێداد(ناڕەوا) نەبێت.

## پەروەردەکردن:

ڕاڤەکردنی چەمکی پەروەردە، کارێکی ئاسان نییە؛ بەڵام دەکری بەم شێوەیە ڕاڤەی بکەین. پەرەردەکردن، ئەو پرۆسە ئاڵۆز و فرەلایەنەیە، کە جڤات (دەوڵەتیش وەک دامەزراوەیەکی جڤاتی) لەڕێگەی خێزان(باوان) و سیستەمی فێرکاری(مامۆستا) وە، دید و دنیابینی و بەهاڕەوشتییەکانی خۆی بۆ نەوەی نوێ(منداڵان) دەگوازێتەوە، یان دەسەپێنێت.
بەکورتی، مانای پەروەردە لە دوو خاڵی سەرەکیدا چڕ و کورت کراوەتەوە:
هەڵوێست و کەسایەتی، کە ئەمانیش لە وێنەیەکی چڕ و ئاڵۆزدا گشت ئەم ڕەهەندە مرۆڤانانە دەگرنەخۆ: دید، ڕەوشت، کەسایەتی، بەها، خوو، پەیوەندی کۆمەڵایەتی.
چەمکەکە هێندە بەرفراوان و ئاڵۆزە، کە تەنانەت، بیر و بڕوا و تێڕوانینی کولتوری و ئاینی و ئاستی ڕۆشنبیری و سۆزداریش، لە سنووری پەروەردەدا جێگەیان دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە، پەروەردە مرۆڤ دەکات بە کەسێکی خاوەن ( ئاکاریی ئەرکی = دێۆنتۆلۆج ) واتە لە گشت بابەتێکی ڕەوشتی وەک ئەرک دەڕوانێت.
( دێۆنتۆلۆجی چڕبوونەوەیە لەسەر یەک کردەی دانوستاند، بۆ نمونە درۆکردن. ئایا درۆکردن ڕەوایە؟ گەر درۆکردن ڕەوا نەبێت، ئەوا لە ڕوانگەی دیۆنتۆلۆجیەوە، هەموو جۆرە درۆیەک ناڕەوایە. گەرچی

درۆی سپیش بێت، یان درۆکردن لەگەڵ دوژمنیشدا بێت! )
تێکڕای ئەم ڕەهەندانە، پەیوەندییەکی چڕیان لەگەڵ پرۆسەی فێرکایدا هەیە، کە کار دەگاتە ئەوەی زۆرکەس و زۆر گەل، بە تایبەتی گەلانی دواکەوتو و نامۆدێرن، کە دیدی ئاینیی تێدا زۆر زاڵە، تەواوی پرۆسەی فێرکاری ناودەنێن پەروەردە، بۆ نموونە کوردستان، سعودییە، عێراق و ...... .

ڕ. س. پێتەرس، (١٩١٩ - ٢٠١١ ) **Richard Stanley Peters**

بەگوێرەی ڕاڤەی فەیلەسوفی پێداگۆگ، ڕ. س. پێتەرس، (پرۆفتسۆری فەلسەفەی فێرکاری، لە ئامۆژگای فێرکاری بریتانیا، تا ساڵی ١٩٨٣ ) دەبێت ٤ (کریتێریا) مەرجی سەرەکی هەبن، لە هەر پرۆسەیەکدا، تا وەک پرۆسەی پەروەردەکردن بهێتە ئەژمار:

١- ئەو زانیاری و دنیابینی و ڕاڤانەی لە پرۆسەی پەروەردەکردندا دەدرێن بە منداڵ و فێردەکرێن، دەبێت خۆیان هەڵگری مانا، مەبەست، بەها و پەیام بن.
٢- کەسی پەروەردەکراو، دەبێت( لەڕێگەی پرۆسەی پەروەردەکردنەوە) هێندە زانیار و زانست (وەربگرێت) فێربکرێت، تا بتوانێت لە دەوروبەری خۆی و داکەوت(واقع) تێبگات و دەرکیبکات.
٣- پرۆسەی پەروەردەکردن، دەبێت پرۆسەیەکی مۆراڵی، بێت.
٤- منداڵ- فێرخواز، دەبێت لە پرۆسەکە تێبگات و وێنایبکات.
لە دەرئەنجامی پەروەردەدا، دەبێت منداڵ هێندەی دەرک هەبێت، کە بتوانێت پرسیاری لەمجۆرە، لە خۆی بکات، بۆ نموونە:
- باشترین ڕێگاچارەی ڕەوشتی بۆ کێشە و گرفتێک چییە؟
- ئایا مرۆڤ دەبێت بەرژەوەندی خۆی، یان بەرژەوەندی گشتی زیاتر بپارێزێت؟
- ئایا درۆی سپی(درۆیەک لەپێناو کەمکردنەوەی کێشە و گرفت، یان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا) ڕەوایە، یان درۆکردن بەهیچ شێوەیەک ڕەوانیە؟
زۆر پرسیاری دیکەی لەم بابەتە.

بەکورتی :
دوا ئامانجی پرۆسەی پەروەردەکردن، دەبێت منداڵ بکات بە بوونەوەرێکی جڤاتی و بیخاتە هەمبەر پرسە مرۆڤایەتییەکان. لەم پرۆسە چڕ و سەخت و فرەلایەنەشدا، بەرپرسیاریەتی پانتاییەکی زۆر فراوان داگیردەکات. کردەی بەرپرسیاریەتی لە چوار دیدگای جیاوازەوە لێیدەڕوانرێت.
لە دەلاقەی ئەم دیدگایەنەوە پرۆسەی فێرکاری چۆن کردەی بەرپرسیاریەتی فێری منداڵدەکات و وەک ئەرکێکی ڕەوشتی ئەو پرسە لە هزری منداڵدا دەچێنێت، تا لە ئایندەدا، کە ئەو منداڵە گەورە بوو، ڕۆڵی شیاوی خۆی لە جڤات و لە جیهانیشدا بێگرێت.

چوار دیدگاکانیش ئەمانەن:

١- دیدگای ترادیسۆنی(نەریتی)

ئەم دیدگایە، پەیرەوی بنەمای (پرینسیپە مۆراڵییەکان) کۆنترۆڵ و لێپرسینەوە دەکات.

٢- ئیدیالستی(ناوەکی)

ئەم دیدگایە پەیڕەوی بنەمای دەروونناسی مرۆڤدۆستانە (هیومان سایکۆلۆجی) و دەروونناسی جڤاتی (سۆشیال سایکۆلۆجی) دەکات. بەواتایەکی دیکە، پاڵنەرە ناوەکییەکانی مرۆڤ بە بنەما وەردگرێت.

٣- سۆلیدارێتی( جڤاتدۆستی)

ئەم دیدگایە پەیڕەوی بنەمای جڤاتدۆستی دەکات. واتە هۆکار و ئامانجی فێرکاری هەر جڤاتە. بەواتایەکی دیکە، فێرکاری دەبێت لە جڤاتەوە بۆ جڤات بێت و بەرپرسیاریەتیش هەر بۆ خزمەتی جڤات بێت.

٤- ئەنالیتیکی(دەرەکی)

ئەم دیدگایە، پرسە دەرەکییەکان، واتە شێوازی سیستەمی فێرکاری و دنیابینی ناو کۆمەڵگا، بە فاکتەری سەرەکی بەرپرسیاریەتی دادەنێت.

## بەرپرسیاریەتی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە

### جان پۆڵ سارتەر ( ١٩٠٥ – ١٩٨٠ ) **Jean-Paul Sartre**

سارتەر بڕوای وابوو، کە ئازادی بەرپرسیاریەتییە، واتا مرۆڤی ئازاد دەبێت بەرپرسیاریەتی هەبێت. ئەمەش جارێکی دیکە، سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە، کە ئەگەر ئازادی مرۆڤ، لەبەر هەر هۆیەک، سنوردارکرا، ئەوا ئەو مرۆڤە ناتوانێت بەرپرسیاریەتی لەئەستۆبگرێت. بەواتایەکی دیکە، نابێت چاوەڕێی بەرپرسیاریەتیمان لە مرۆڤی نائازاد هەبێت.

دەکرێت لە خۆمان بپرسین، کە ئایا منداڵانی کوردستان بەگشتی و فێرخواز بە تایبەتی، لەماڵەوە و لە فێرگە، چەندە ئازادن؟

### پلاتۆن ( ٤٢٧ – ٣٧٤ پ.م. ) **Plato**

پلاتۆن، لە دیالۆگی کۆماردا، لەزاری سۆکراتەوە دەنوسێت:

(( هێزی فێربون لەهەموو دەرونێکدا هەیە، ... ئەوەی پەروەردە نەکرابێت نازانێ ڕاستی چییە. ئەوانەی بەتەواوەتیش پەروەردەنەکراون و قۆناخەکانی فێربوونیان تەواونەکردووە، بۆ فەرمانڕەواییکردنی شارەکەمان (ئەسینا) لەبار نین.))

( کۆمار، ئەفلاتۆن، و. د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩ )

بەگوێرەی بۆچوونەکەی سۆکرات، ئەوەی پەروەردە و فێرکاری دروستی نەبێت، ناتوانێت بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی شار و وەڵات، لەئەستۆبگرێت. بەڵام دەشبێت پەروەردە و فێرکاریەکە،

بەشێوەیەکی ساخلەم و ڕاست بێت؛ نەک هەرئەوەی مێشک و دەرونی فێرخواز بە زانیاری و فاکت و ژمارە، بئاخنرێت، بەڵکو دەبێت (( پەروەردە ڕێگای ڕاستی- حەقیقەت نیشانی فێرخواز بدات. ))

## هاننە ئارێندت ( ١٩٠٦ – ١٩٧٥ ) Hannah Arendt

هاننە ئاریندت، (خانمە فەیلەسوفی ئاڵمانی) دانوستاند، دەکات بە بنەمای بەرپرسیاریەتی. واتە لەڕێگەی پرۆسەی دانوستاندوە، بەرپرسیاریەتی بە دوو قۆناخ، یان دوو ئاست ( بەرکار و کار ) دێتە ئاراوە.

بەرکار :

بەمانای درێژەدان بە دانوستاندێکی، کە لەپێشتر، بەگەڕکەوتوە، ( توانای تەکنیکی دانوستاند )

کار :

بەمانای توانای دەستپێکردن بە پرۆسەی دانوستاند ( توانای- هونەری ئەفراندنی دانوستاند )

بەبڕوای ئارێندت، لەم دوو ئاستەدا بەرپرسیاریەتی دەخەملێت. هەروەها هەر تاکێک، بەرپسە لە هەڵسوکەوتی خۆی، بۆیە گرنگە هەر مرۆڤە و مێتۆد و ڕێبازی خۆی هەبێت لە پرۆسەی دانوستاندا. (هاننە ئاریندت، ڤیتا ئاکتیڤا، و. کریستیان یانس، دەزگای پاکس، ئۆسلۆ، نەرویج، ١٩٩٦)

لە فەلسەفەی بونگەرایدا، بەتایبەتی لە دیدی، هایدگەر و سارتەردا، مرۆڤ بە بوونەوەرێکی بەرپس پێناسکراوە. لەڕوانگەی ئەم فەلسەفەیەوە، مرۆڤ بەرپرسە لەگشت کردارێک، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەیکات. بەوپێیەی لە ڕوانگەی ئەم فەلسەفەیەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە و هیچ هێزێک لەسەروو بیری مرۆڤەوە نیە، تا بڕیار لەسەر چارەنووسی بدات. ئیدی مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە ئازادییەکەی خۆی و لەهەمانکاتیشدا بەرپرسە لەگشت کردەی دانوستاندنێک، کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات. بەواتایەکی دیکە، ئازادی دەبێتە پەرپرسیاریەتییەکی ڕەوشتی.

## هابەرماس، یۆرگن ( 1927- )

لەکن هابەرماس، پەیوەندی مرۆڤەکان تەنها پەیوەندیەکی ئاکاریی بەسەردا سەپاو نیە، کە لە ڕێگەی (عەقلانیەت) ئاوەزیی خودییەوە سەرچاوەی گرتبێت و پەرەی سەندبێت، وەک ئەوەی کانت بڕوای پێبوو، بەڵکو پەیوەندییەکان دەچنە پلەیەکی باڵاتر، ئەویش دۆزینەوەی ڕێگەچارەیە بۆ کێشە و ناکۆکیە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و سیاسیەکان، لەڕێگەی دیالۆگەوە.

هابەرماس بڕوای وایە، کە دەبێت گشت لایەنەکان لەهەر کێشەیەکدا، مافی وەک یەک و بەرابەریان هەبێت بۆ داکۆکیکردن لە ڕاوبۆچوون و دیدگاکانیان.

بە بڕوای هابەرماس، مرۆڤ لە سێ جیهانی دانوساندنی جیاوازدا دەژی و بە سێ ئاستی جیاواز دەپەیڤێ. ئەم سێ جیهانە جیاوازە، کۆمەڵە مەرج و ڕێسای خۆی بۆ ڕەوایەتی و قبوڵکردن هەیە، کە

مرۆڤ لە کاتی دانوساندندا پەیڕەویان دەکات:

1- جیهانی(ئۆبجێکتیڤی) بابەتی
2- جیهانی(سۆشیاڵ) کۆمەڵایەتی

3--جیهانی(سۆبجێکتی) خودی

جیهانی(ئۆبجێکتیڤی) بابەتی:
جیهانی دەرەوەی من، جیهانێکە، بابەتە دەرەکییەکان بەرجەستەی دەکەن. جیهانی ماتریاڵی و فاکتەکانە. مرۆڤ لەکاتی دانوساندندا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی و ڕاستی و ناڕاستی بەڵگەکان (ئەرگومێنتەکان)، دەتوانێت ئاماژەیان بۆبکات.

جیهانی(سۆشیال)کۆمەلایەتی:
جیهانی ئێمە، جیهانێکە بەها و ڕێسا ڕەوشتیەکان (نۆرمەکان)، بەرجەستەی دەکەن. ئەم جیهانە لە زنجیرە دانوساندن و پەیوەندییەکی مرۆیی پێکهاتووە، کە مرۆڤ هەردەم، بۆ ڕەواییدان بە بەها و نۆرم، ئاماژەیان بۆ دەکات.

جیهانی(سۆبجێکتیڤی) خود:
جیهانی من، جیهانێکە بۆچوونی تاکەکەسی، حەز، ویست، هەست و سۆز و بڕوای تاکەکەسی بەرجەستەی دەکات. بۆ ڕەواییدان بە تێڕوانینە تاکەکەسییەکان، ئەم جیهانە ئەزموونە خودییەکان دەکات بە پێوەر.

## گەشەی ئێتیکی منداڵ

مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی بەرپرس، دەبێت گەشەی مۆراڵی و ئێتیکی لە ئاستێکدا بێت، کە لە بەها تێبگات (مەبەست ڕەهەندەکانی بەهایە) بۆ تێگەیشتن لە بەها، فاکتەرگەلێک هەن، مۆری خۆیان لە گەشەی ئاگامەندی منداڵ دەدەن. ئەو فاکتەر گەلە بریتین لە :
١- خێزان
٢- هاوڕێ
٣- مامۆستا
٤- فێرگە (سیستەمی فێرکاری)
٥- ژینگە ( شوێنی ژیان، ئەمیش دوو بەشە)
* ژینگەی بەرتەسک : کۆڵان، گەڕەک، دێ، شار
* ژینگەی بەرفراوان: دەڤەر، وڵات، جیهان

٦ – جڤات(ئەمیش سێ بەشە)
* ئاین
* کلتور
* دنیابینی جڤات

## قۆناخەکانی ئاگامەندی، لە گەشەی ئێتیکی منداڵدا

لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، گەشەی مۆراڵی منداڵ، بە چەند قۆناخێکی ئاگامەندیدا تێدەپەڕێت. لەو قۆناخانەدا بەدیاردەکەوێت، کە هەر منداڵێک ( دواتر وەک تاکێکی سەربەخۆ) چۆن لە پرس و کردە مۆراڵییەکان دەڕوانێت و چۆن لە ئەنجامی گەشەی ئەو قۆناخانەدا، دانوستاند ئەنجامدەدات. ئەم ڕێبازەش دەروونناس و پێداگۆگی سویسری ژان پیاژێ (١٨٩٦- ١٩٨٠) دایهێناوە.

## ژان پیاژێ (١٨٩٦ – ١٩٨٠ )

( پیاژێ، زانایەکی بایۆلۆژی بوو، دواتر خویدایە لێکۆڵینەوەی دەروونناسی و بوو بە بەناوبانگترین زانای دەروونناسی لە سویسرادا. )
پیاژێ بڕوای وابوو، کە فێربوون وابەست و پەیوەستی گەشەی عەقڵە ( مێنتاڵ) و بە چوار قۆناخدا دەڕوات. هەریەک لەم قۆناخانەش توانا و سنوردارییەتی خۆیان هەیە.
ئەم قۆناخانەی گەشەسەندنە، سروشتیانە دەچنە پێش و وابەستەی کولتور نین و لە دەرەوەی مەوداکەیدان. بۆ گشت منداڵانیش، بە جیاوازی ژینگە و کولتوریانەوە وەک یەک دەچنە پێش.
قۆناخەکان ئەمانەن:
١- قۆناخی هەستەکی ( هەستیاوەری)

## لەورێنس کۆهڵبێرگ (١٩٢٧ – ١٩٨٧ ) Lawrence Kohlberg

کۆهڵبێرگ( ئەمریکی و شاگردی ژان پێژێ بووە) بەناوبانگترین زانای دەروونناسییە، کە لێکۆڵینەوەی زۆر قوڵ و پڕ بایەخی لە بواری گەشەی ئاگامەندی مۆراڵی و ئێتیکی منداڵدا ئەنجامداوە.
کۆهڵبێرگ، مێتودی بڕیاردان، یان ڕاستتر بڵێین (حکومدان) ی گرتوتەبەر بۆ دەستنیشانکردن، یان دیاریکردنی ئاستی گەشەی مۆراڵی و ئێتیکی منداڵ.
مێتۆدەکەی کۆهڵبێرگ( لە ساڵەکانی ١٩٥٠ دا) بریتی بوو لەوەی، کە چیرۆک، یان بەسەرهاتێکی مۆراڵ ئامێزی بۆ منداڵان (هەندێکجار گەورەساڵانیش) دەخوێندەوە، یان باسدەکرد. دواتر داوای دەکرد منداڵەکان سەرنجی خۆیان لەسەر ئەو کێشە ئێتیکی و مۆراڵییەی ناو چیرۆکەکە دەرببڕن. بەڵام هاوکات داواشی دەکرد، کە دەبێت پاساو بۆ ئەو بۆچوون و سەرنجانەیان بهێننەوە. لەکن هۆڵبێرگ گرنگ نەبوو کام وەڵامە ڕاستە، بەڵکو ئەوەی لەکن ئەو گرنگ بوو پاساوی وەڵامەکە بوو.

بەواتایەکی دیکە پاڵنەری وەڵامەکە بوو. واتە دەبوو منداڵ(کەسی وەڵامدەر) هۆکاری وەڵامەکەی خۆی بزانێت و ڕاڤەی بکات و بڵێت لەبەر ئەم هۆیە !
ئەم نمونەی یەکێک لە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی کۆهڵبێرگە، کە دەتوانێت دنەی بیرکردنەوەی منداڵ بدات، تا پاساوی لۆجیکانە بۆ هەڵوێستە مۆراڵی و ئێتیکییەکانی خۆی بهێنێتەوە.

(( دوو کوڕ هەبوون، کوڕی یەکەم ویستی لە کاری ناوماڵدا یارمەتی دایکی بدات. سینییەکی هێنا دە (١٠) پەرداخی لەسەر بوو. بەڵام خلیسکا و سینییە پەرداخەکەی لەدەست کەوتەخوارێ و گشتیان شکان.
ڕۆژێکی دیکە، کوڕی دووەم، لەگەڵ دایکیدا لەسەر شتێک ناکۆک بوون، دایکە لە کوڕە تووڕە بوو. کوڕە، لەوکاتەدا پەرداخێکی بەدەستەوە بوو، لەداخان دای بەزەویدا و شکاندی. ))

پرسیارەکانی کۆهڵبێرگ ئەمانەن :
-کام لەو دووکوڕە، خراپ ڕەفتاریانکرد؟
- بۆچی؟ هۆکارەکەی چییە؟
کۆهڵبێرگ، کۆی وەڵامەکانی لە سێ(٣) کۆمەڵە دا چڕکردۆتەوە:

١- کوڕی یەکەم کارێکی خراپی کردوە، چونکە دە (١٠) پەرداخی شکاندوە و دایکی تووڕەکردووە.
٢- کوڕی دووەم کارێکی خراپی کردووە و دایکی توڕە کردووە.

بەڵام دایکە لە کوڕی یەکەم تووڕە نەبوو، چونکە ئەو کوڕێکی (ئاقڵ) میهرەبان بووە.
٣- کوڕی یەکەم کارێکی خراپی نەکردووە، چونکە ئەو ویستوویەتی یارمەتی بدات، ئەوەش کارێکی درووستە. بەڵام شتشکاندن، بە ئەنقەست، کارێکی خراپە، هەرچەندە لە ساتە وەختێکی تووڕەییدا کوڕی دووەم ئەو کارەی کرد، لەبەر ئەوە، ڕەنگە ئەو هەڵوێستەی کوڕی دووەم، نەچێتە خانەی پرسی مۆراڵەوە.

کۆهڵبێرگ، گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە گەشەی ئاگامەدنی مۆراڵی و ئێتیکی مندال بۆ سێ(٣) قۆناخ دابەشدەبێت هەریەک لەم قۆناخانەش بۆ دوو(٢) بەشەقۆناخ، دابەشدەکات:
ئێمە ناوی دەنێین (( *پلیکانەی کۆهڵبێرگ* ))

قۆناخی پێش باو/ پێش ئاسایی ( پری کۆنڤێنشناڵ pre conventional )
١- گوێڕایەڵی و سزا
٢- بەرابەری/ وەک یەکی

قۆناخی باو/ ئاسایی ( کۆنڤێنشنەڵ  the conventional )
٣- پێشبینی/ چاوەڕێیی و پەیوەستەگی
٤-  ئەرک و سیستەمی کۆمەڵایەتی

قۆناخی پاش باو/ پاش ئاسایی ( پۆست کۆنڤێنشنەڵ post conventional )
٥- مافە بنەڕەتییەکان و پەیمان( پەیمانی ئەرکی)
٦- بنەما ڕەوشتییە هەمەکییەکان

هێڵکاری قۆناخەکانی گەشەی ئێتیکی منداڵ، بەگوێرەی دابەشکردنەکەی کهۆڵبێرگ :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦- بنەما ڕەوشتییە هەمەکییەکان | ٥- مافە بنەڕەتییەکان و پەیمان ( پەیمانی ئەرکی) | ٤-  ئەرک و سیستەمی کۆمەڵایەتی | ٣- پێشبینی چاوەڕێیی و پەیوەستەگی | ٢- بەرابەری وەک یەکی | ١- گوێڕایەڵی و سزا |
| III post conventional | | II the conventional | | I pre conventional | |

مەبەستی کۆهڵبێرگ لە چەمکی ( کۆنڤێنشنەڵ ) ئەو ئێتیکە، یان خوە باوانەی ناو کۆمەڵگایە.

## پڕۆکۆنڤێنشناڵ

لەم قۆناخەدا، منداڵ هێشتا بە ئیتیک و خوەکانی ناو کۆمەڵگە ڕانەهاتووە و نەبوونەتە بەشێک لە مۆراڵی ناوەکی منداڵ. بەواتایەکی دیکە منداڵ هێشتا لە پرس و بابەتە مۆراڵییەکان تێنەگەیشتووە. هێشتا بە پاڵنەرە سروشتیەکان، فیزیکییەکان، ڕێڕەوی هەڵسوکەوتی منداڵ ئاڕاستەدەکەن.

هەرچەندە بۆ گشت قۆناخەکان، لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، منداڵ لە زارۆخانەوە تا ساڵەکانی یەکەمی فێرگە ( تا پۆلی ٣ ) لەم قۆناخە تێناپەڕێت.

## ١-گوێڕایەڵی و سزا

لەم بەشە قۆناخەدا، منداڵ لەڕوانگەی ( ئێگۆسەنتەریزم/ خۆپەرستی/ خۆویستی ) یەوە لە داکەوت و دەوروبەر دەڕوانێت و وادەزانێت، کە گشت کەسانی دەوروبەری، حەز و ئارەزووی وەک ئەویان هەیە. هەروەها لە ڕوانگەی ترس لە سزاوە هەڵسوکەوت دەکات و هەوڵدەدات گوێڕایەڵ بێت، تا لە سزا ڕزگاری بێت. کە دەڵێین سزا، باس لە لێدان ناکەین؛ گەلێک جۆری سزا هەیە.

## ٢- بەرابەری/ وەک یەکی

لەم بەشە قۆناخەدا، منداڵ هەوڵدەدات داواکان و خواستەکانی خۆی و کەسانی دەوروبەریشی بهێنێتەدی. هەروەها حسابێکی وورد بۆ بەدەستهێنای ڕەزامەندی گەورەکان و ئاسودەیی و حەزەکانی خۆیشی دەکات. بەواتایەکی دیکە هەمیشە لە هەڵسەنگاندن و بەراووردکردنی دەستکەوت و زیانی هەر کردەوە و هەڵوێستیکی خۆیدایە. هاوزەمان پرینسیپی (( هەق بە هەق)) لە کاردەنەوەدا پەیڕەودەکات. لەم بەشە قۆناخەدا منداڵ بەرانبەر دەستکەوت(هەرشتێک، یان دەرفەتێک) کە لەگەڵ منداڵانی دیکەدا، یان خوشک و براکانی، پێیدەدرێت ( بۆنمونە گەر چەند دەنکە نوقڵێک لە نێوانیاندا بەشبکەین، یان سواربوونی جۆلانە) چاوی دەکاتە پێوەر و ترازوی هەستیار، تا بزانێت کێ لەو زیاتر، یان زۆرتر وەردەگرێت. هەرکات هەستی نابەرابەری بکات، خێرا ناڕەزایی دەردەبڕێت.

## کۆنڤێنشناڵ

لەم قۆناخەدا ووردەووردە، ئێتیک و خووە باوەکان بەرەو جێگیربوون دەچن و لە هەڵسوکەوت و کاردانەوەی منداڵدا بەکاڵی/ بەتەنکی دەبینرێن. واتا، خووەکان و ئێتیکی دەوروبەر، بەرەو ئەوە دەچن، کە لەکن منداڵ ببن بە بەها. هەروەها منداڵ چاوەڕێی ئەوەدەکات، کە ڕێزی لێبگیرێت و چ خۆی وەک تاکەکەس و چ سەرنج و تێبینی و ڕوانینەکانی، بە هەند بگیرێت و پاداشت بکرێت.

خاڵێکی زۆر دیاری ئەم قۆناخە ئەوەیە، کە منداڵ لەژێر کاریگەری ئەوی دیکەدا هەڵوێست و کاردانەوە ئێتیکییەکانی، وەردەگرێت، یان هەڵدەبژێرێت.

## ٣- پێشبینیی و چاوەڕوانی

لەم بەشە قۆناخەدا منداڵ، هەوڵی ئەوە دەدات، کە ئەو پێشبینی(تەوەقوع) و چاوەڕێییەی باوان و خوشک و برا و هاوڕێیان و مامۆستاکانی، لێیان هەیە توانیبێتی هێنابییەتە دی. هاوکات خۆشی چاوەڕیی ئەوەیە، کە ئەو کەسانە، ئەو کردەی هێنانە دییەی بۆ بسەلمێنن و بیبینن. بەواتایەکی

دیکە، منداڵ لە پەژارەی ئەوەدایە، کە نادیدە بگیرێت.
هەر لەم ئاستەشدایە، کە هاوسۆزی (ئیمپاتی) منداڵ گەشەدەکات، واتە منداڵ هەوڵدەدات، لە دید و گۆشەنیگای ئەوی دیکەوە (( شتەکان)) ببینێت و خۆی دەخاتە شوێنی ئەوانی دیکە، بۆنموونە، لەکاتی ئێشوئازار و تەنگوچەڵەمەدا. بەڵام هێستا دۆخە ئێتیکیەکەی چەسپاو نییە و ئێتیکێکی تایبەت بەخۆی نییە.

## ٤- ئەرک و سیستەمی کۆمەڵایەتی

لەم ئاستەدا، رەفتارکردن لە ڕوانگەی کۆمەڵێک باوەڕ و پرنسیپی چەسپاوەوە ئەنجامدەدرێت. منداڵ هەوڵدەدات، ئەو ئەرکانەی وەک تاکێکی کۆمەڵ لەسەرشانییەتی، جێبەجێیان بکات و ڕێزی یاسا و ڕێساکانیش بگرێت. هەوڵدەدات یاساشکێنی نەکات، مەگەر ئەو یاسایەی کە دەیشکێنێت، لەگەڵ یاسایەکی لەخۆی ڕەواتر، یان بەهێزتردا، ڕووبەڕوو بوەستنەوە. لەم ئاستەدا، زیاتر ڕووەو ئارامی دەچێت، تا ئاژاوە و گێرەشوێنی.

## پۆست کۆنڤێنشوناڵ

ئەمە دوا قۆناخی گەشیی ئێتیکی منداڵە، هاوکات لەم قۆناخەدا منداڵ بۆتە مرۆڤێکی گەورە، واتا ١٨ ساڵ و بەرەوژورە. هەڵوێستی ئێتیکی و هەڵبژاردن، لە دیدێکی سەربەخۆ و لەسەربنەمای پرنسیپە ئێتیکییە هەمەکییەکان و مافگەلە هەمەکییەکان وەردەگیرێت.

## ٥- مافە بنەڕەتییەکان و پەیمان( پەیمانی ئەرکی)

لەم ئاستەدا منداڵ/لاو گەیشتۆتە ئاستێکی کامڵبوونی ئێتیکی، کە لە مافگەلە بنەڕەتییەکان تێبگات و باوەڕی پێیان هەبێت و بۆ گشت مرۆڤێکیان، لە هەموو شوێنێک، بەڕەوا ببینێت. هەر لەم بەشەقۆناخەشدایە، کە مرۆڤ ڕێزگرتن بردنەسەری پەیمان و ڕێکەوتن، بەئەرکێک دەزانیت و خۆی پابەندی جێبەجێکردنیان دەکات.

## ٦- بنەما ڕەوشتییە هەمەکییەکان

ئەم بەشەقۆناخە لوتکەی گەشەکردنی ئێتیکی و مۆراڵی مرۆڤە. ئیدی بنەما ئێتیکییە هەمەکییەکان (یونڤێرشاڵ) ەکان دەبنە پاڵنەری ڕەفتار. هەر یاسا و ڕێسایەک، دژ بەو بنەمایانە بن ( بۆ نموونە ئێتیکی، کانت و لێڤیناس و لۆگستتروپ) مرۆڤ بۆی هەیە پەیڕەوییان نەکات و دژیان بوەستێتەوە. هەر ئەمەشە، کە نەوەی نوێ دژی ئێتیکە باوەکان(ترادیسیۆنیەکان) دەوستنەوە.

لەڕاستیدا، ئەم (( پلیکانەیەی کۆهلبێرگ )) ڕاڤەی زۆرتری دەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی باسەکەی

ئێمە، نە تایبەتە بە پرسی ئێتک و نە بەدەروونناسی منداڵ، بۆیە هەوڵمدا زۆر بەکورتی و زۆر بە سادەیی ڕاڤەی بکەم، دەنا هەر ئەم باسە بەتەنها چەند کتێبێکی دەوێت، تا ڕوونبکرێتەوە !

## جۆرەکانی بەرپرسیاریەتی

لەبەرئەوەی، شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ جۆراوجۆرە، بەوپێیەش، بەرپرسیاریەتی لەگۆشەنیگای جوداوە دەبینرێت، بەڵام هەرجۆرە بەرپرسیاریەتییەک، بەدەر لە پرۆسەی دانوستاندبێت و مرۆڤەکان تێیدا هاوتەراز و بەرابەرنەبن، ناکرێت بە پرۆسەی دانوستاند ناوببرێت، ناشبێتە بەرپرسیاریەتی.

هاننا ئاریندت، دەنووسێت :

(( تەنها مرۆڤە لە دۆخێکدایە، کە توانای دانوستاندی هەبێت. ئەمەش مانای بەهای مرۆڤبوونێتی. بەڵام -کێشەکە ئەوەیە - مرۆڤ ناتوانێت بەتەنها دانوستاند بکات، بەڵکو ئەو پرۆسەیە هەر دەبێت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا ئەنجامبدات. ))

(هاننا ئارندیت، و. ئەینار ئۆڤەرینگە، دەزگای پەخشی زانکۆ، ئۆسلۆ، نەرویج، ٢٠٠٣ )

کاتێک هەر تاکێکی کۆمەڵ، بەگوێرەی توانایی خۆی و لەپێشتر ئامادەکردنی بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی، لەرێگەی پرۆسەی فێرکارییەوە، لە کۆمەڵگەدا بەرپرسیاریەتی پێدەسپێردرێت. ئیدی تاک بەرپرسیاریەتی لەبواری تایبەتمەندێتی و دەستەڵاتی خۆیدا، لەلا دەبێت بەئەرک و لە ڕوانگەی ئێتیکەوە لە کردەی بەرپرسیاریەتەکە دەڕوانێت.

لەم ڕێگەیەوەیە، مرۆڤ بەرهەمهێن و کارا دەبێت و هەستی سەربەکۆمەڵگە و سەربەگروپبوونی لەلا بەهێزتردەبێت.

شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرپرسیاریەتی ئەمانەن :

### بەرپرسیاریەتی ژیانی پێکەوەیی (دەستەجەمعی) دەئافرێنێت

مرۆڤ بەسروشت، زیندەوەرێکی گەلەییە، یان پۆلییە، واتە ناتوانێت هەر خۆی بەتەنها بژی. بەڵکو دەبێت لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆیدا بژی. ئەم سیفەتە سروشتییەی، بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی خستوتە ئەستۆی هەر مرۆڤێک، کە بەرانبەر بەو گروپەی لەگەڵیاندا دەژی دەبێت هەیبێت.

بەواتایەکی دیکە، بەرپرسیاریەتیکەی مرۆڤ، لە دوو دۆخدایە:

### دۆخی یەکەم:

بەرپرسیاریەتی هەنوکەیی، واتە ئەو بەرپرسیاریەتییەی، کە مرۆڤ بەرانبەر خێزان، گروپ، نەتەوە و کاروپیشە، هەیەتی. دەکرێت ئەم دۆخەی بەرپرسیاریەتیە، بە بەرپرسیاریەتی لەپێناو مانەوەدا ناوببرێت.

دۆخی دووەم:
بەرپرسیاریەتی ئایندەیی، واتە ئەو بەرپرسیاریەتییەی، کە مرۆڤ بەرانبەر نەوەکانی داهاتو و گشت مرۆڤایەتی و سروشت و ژینگەیشدا هەیەتی.
دەکرێت ئەم دۆخەی بەرپرسیاریەتی، بە بەرپرسیاریەتی ئاکاری- ئێتیکی ناوببرێت.

## بەرپرسیاریەتی بەهای مرۆڤانە دەئافرێنێت

لە کۆمەڵگە ترادیسۆنیەکان (تەقلیدیەکان) دا.کۆمەڵگەی کوردستانیش یەکێکە لەوان. بەهاگەلێک هەبوون، کە بە بەها پیرۆزەکان دەناسران. چەندەها نەوە پەیڕەوی ئەو بەهایانەیان دەکرد و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بە میرات جێدەهێشت.
هۆی سەرەکی تەمەندرێژی و نەمری ئەو بەهاگەلە، دابەشنەکردنی بەرپرسیاریەتی و دەستەڵات بوو. لەبەرهەندێ، نەوە نوێیەکان تەنها ئەرکی دووبارە سەلماندنەوەی ئەو بەهاگەلەیان پێدەسپێردرا و ئازادی ئەفراندنی بەهای نوێیان نەبوو، یان زۆرکەمبوو. لەم سەردەمەدا، بەهۆی پێشڤەچوونی تەکنەلۆجیا و بەتایبەتی بواری بێتەل و ئینتەرنێت، ئیدی پێگەی بەهاگەلە ترادیسۆنیەکان لەقبوون و بەهاگەلی نوێ جێگەیانی گرتۆتەوە. زۆربەی ئەم بەهایانە، لە ئەفراندنی لاوانە و لە ئەنجامی هەست بە بەرپرسیاریەتی دەستەجەمعیانەدا خوڵقاون.

## بەرپرسیاریەتی بەهای ماتریاڵی دەئافرێنێت

کاتێک باس لە بەرپرسیاریەتی دەکەین، لەهەمانکاتیشدا مەبەست لە دابەشکردنی دەستەڵاتە. گەر هەرکەسە و بەپێی توانا و ئاستی فێربوونی خۆی بەرپرسیاریەتییەک لەئەستۆبگرێت و گشت بەرپرسیاریەتی و دەستەڵاتەکان لە سەنتەرێکدا خڕنەبنەوە، ڕۆتین، کەمدەبێتەوە و لەڕووی تێچونەوە قازانجێکی گەورە بۆ کۆمەڵگە و سامانی نیشتمانی دەگەڕێتەوە.

(لە سیستەمی کارگێڕایەتی ئەمڕۆکەی باشوری کوردستاندا، لەبەرئەوەی بەرپرسیاریەتی دابەشنەکراوە و دەستەڵات لە سەنتەردا خڕکراوەتەوە، بەتەنها گەر سەرنجێکی کاربەڕێوەبردنی فێرگەکان بدەین، دەبینین بۆ ئاسانترین کار، بەڕێوەبەری فێرگە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و ئەوانیش بۆ هەموو کارێک دەبێت بگەڕێنەوە بۆ وەزارەت.
زۆربەی جارەکان کارێکی ئاسایی فێرگەیەک، دەبێت تەنها لە وەزارەتەوە سازبکرێت.نە بەڕێوەبەری فێرگە و نە بەڕێوەبەرایەتی فێرکاری دەڤەرەکەش هێندەیان دەستەڵات و بەرپرسیاریەتی نیە، کە ئەوکارە ئاساییانەی خۆیان ڕاپەڕێنن و پێویست بەو هەموو سەرکەوتنە بەسەر پەیژەی ڕۆتینیاتەدا نەکات، کە زیانێکی زۆر بە سامانی نەتەوەیی دەگەیەنێت.)

## بەرپرسیاریەتی ڕێگرە لە دیکتاتۆری

وەک ئاماژەی پێدرا، دابەشکردنی دەستەڵات و بەرپرسیاریەتی، تاکەکانی کۆمەڵ دەخاتە بەردەم ئەرکی مرۆڤانەی خۆیان و لە پرۆسەی دانوستاندا بەدیدی هاوبەهایی، لەیەکدی دەڕوانن و هەرکەس ئەرک و کاری خۆی دەزانێت و سنوری دەستەڵات و بەرپرسیارییەتەکەی دیاریکراوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئیدی، نە بوارێک بۆ دیکتاتۆریەت دەرەخسێت، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی بژێنێت و نە دەرفەتێکیش دەمێنێت تا زەمینە بۆ گەندەڵی سازبکات.

## بەرپرسیاریەتی ئەرکە لە هەمبەر سروشت و ژینگەدا

دەرئەنجامی بەرپرسیاریەتی بەتەنها مرۆڤ ناخاتە بەردەم ئەرکی دانوستاند لەگەل مرۆڤەکانی دیکەدا، بەڵکو ناچاریشی دەکات هەمان پرۆسەی دانوستاند لەگەڵ سروشتیشدا لە فۆرمێکی دیکەدا بخاتەگەڕ. ڕاستە مرۆڤ، تەنها لە سرۆشت دەسێنێت و ناتوانێت هیچی پێبداتەوە، بەڵام مرۆڤ بەرپرسیاریەتیەکی ئێتیکی- مۆراڵی، لەهەمبەر کەمتر پیسکردنی سروشتدا هەیە. سروشت و ژینگە بەتەنها هی ئێمە نیە، بەڵکو هی گشت ئەو زیندەوەر و ڕوەک و ئەو نەوانەشە، کە دوای ئێمە دەژین. لەبەرهەندێ، پاراستنی ژینگە و پارستنی سروشت (هەموو هەسارەی زەوی) بەرپرسیاریەتی و ئەرکی هەر هەموومانە.

## بەرپرسیاریەتی وەک هۆکارێکی فێربوون

بەرپرسیاریەتی بنەمایەکی گرنگە بۆ فێربوون، لەمیانەی پراکتیزەکردنی بەرپرسیاریەتیەوە، مرۆڤ دەتوانێت ئەزموونی نوی بەدەستبخات. لەگەڵ ئەزموونە نوێیەکانیشدا ئاسۆی بیرکردنەوە و فراژوتن و زانین فراوانتر دەبێت. لەگەڵ پراکتیزەکردنی بەرپرسیاریەتیدا خوێندکار بە خولیا و ئارەزوەکانی خۆی ئاشنادەبێت و ئاسانتر دەتوانێت پیشە و کاری پاشەڕۆژی خۆی دەستنیشانبکات.
گەر لە پرۆسەی فێرکاریدا، خوێندکار تەنها وەرگرێکی پاسیڤ- ناچالاک بێت، ((وەک لە سیستەمی فێرکاری ئەمڕۆکەی باشوری کوردستاندا منداڵ- فێرخواز دەبێت گوێ لە مامۆستا بگرێت و زانیاری لەمەڕ بابەت و وانەکانەوە تەنها لە زاری ئەو وەربگرێت و بەشدارنەبێت لە پرۆسەی خۆفێرکردندا )) ئەوا هەر لەدەستپێکەوە دەرفەت بە منداڵ نادرێت، کە بەرپرسیاریەتی ئەزموونبکات و وەک مێتۆدێک بۆ خۆپێشخستن و فرەزانی، کەڵکی لێوەربگرێت. بەبڕوای ژان پیاژێ، فێربوون پرۆسەیەکی چالاکڤانیە و منداڵ- فێرخواز، لەڕێگەی ئەزموون و دانوستاندوە فێری فێربوون دەبێت.

## بەرپرسیاریەتی لە پلانی فێرکاریدا

لە کتێبی پلانی فێرکاری بۆ قۆناخی بنەرەتیدا لەژێر سەردێڕی، ئەرک و بەرپرسیاریەتی، نووسراوە:

*ئەرک و بەرپرسایەتی.*

*((فێرخوازان دەبێت، لە چالاکیدا بەشداربن تا هەستی بەرپرسایەتیان لە هەمبەر هاوپۆل و هاوڕێکانیاندا بەهێزتر بکات. هەروەها دەبێت هەردەم ئامادەی هاوکاری و کاری هەرەوەزی تێدا بێت، ڕۆڵی خۆی لە هەمبەر جڤاتدا ببینێت. ئەم پرۆسەیەش دەبێت هەر لە یەکەم ڕۆژی فێرگەوە دەست پێبکات، فێرخواز دەبێت هەر لە سەرەتاوە ئەرکی پێبسپێدرێت و بەرپرسایەتیشی بدرێتێ. مەبەست لە ئەرک، تەنها ئەرکی فێرگە و وانەکان نیە، بەڵکوو هەندێ وردەکاریی فێرگە، بۆ نموونە، چاودێری پۆل، بەرپرسایەتیی بەشێکی باخی فێرگە و چاودێری کردن و هاوکاریی منداڵانی لە خۆی کەمتەمەنتر، ئەوانەی تازە دێنە فێرگە. بەرپرسایەتی لە چاودێری کردنی کەلوپەلەکانی پۆلدا. ئامانج لەم هەوڵە ئەوەیە فێرخواز هەر لە سەرەتاوە هەستی بەرپرسایەتی تێدا پەرە بستێنێ و ئامادەی وەرگرتنی بەرپرسایەتی بێت و بتوانێت پەیوەندیە جڤاکیەکانی پتەوتر بکات. ئەو منداڵەی لە ماڵەوە، یان لە گەڕەکدا دەرفەتی ئەوەی نەبێت، یان بۆی نەلوێت بەرپرسایەتی و ئەرک وەربگرێت، ئەوا دەبێت لە فێرگەدا ئەو دەرفەتەی بدرێتێ. پیادەکردنی بەرپرسایەتی و ئەرک لە تەمەنێکی بەراییەوە ئەم توانایە لە لای منداڵ دروست دەکات و لە ئایەندەدا ئەرک و بەرپرسایەتی بێگرفت لە هەمبەر جڤاتدا جێبەجێ دەکات. فێر کردن و پەرەپێدانی ئەم تێرمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی فێرگەیە. دەبێت منداڵ، ئامادە بکرێت تا لە ئایەندەدا و بەپێی قۆناخەکانی تەمەنی و بەپێی جۆری خوێندنەکەی، هەست بە بەرپرسایەتی بکات. بێگومان ئەم ئەرک و بەرپرسیارییەتییەش دەبێت لە کەش و ژینگەیەکی ئارام و ئاسوودە و پڕ لە بەرپرسایەتیدا فێری منداڵ بکرێت، منداڵ خۆشی ڕۆڵی لە دیاری کردنی ئەرک و بەرپرسایەتیدا هەبێت.))*
(پلانی فێرکاری بۆ فێرگەی بنەڕەتی، کەریم مستەفا، ڕێکخراوی کۆمەک، ٢٠٠٩ )

ئەزموونێک
وەک سەرەتاش ئاماژەم پێدا، مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم ئەزموونە، نیشاندانی ڕۆڵی دایک و باوک و مامۆستایە، لە بەرەنگاربوونەوەی مۆبینگ و کۆمەککردنی، نەک هەر کەسی مۆبەپێکراو، بەلکو یارمەتیدانی مۆبەکارانیشە، تا لە کێشەی مۆبەکردن ڕزگاریان بێت.
هاوکات دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە ئێمەش دەتوانین ئەزموونەکانی خۆمان وەک ڕێگەچارەک بۆ کێشەکان، باسبکەین. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بزانین، کە هیچ ڕێباز و چارەسەرێکی ئایدیاڵ و بێ خەوش، بوونی نیە. ئەمە تەنها یەکێکە لە ڕێگەچارەکان.
سەرەتا بە پێویستی دەزانم باسی یەکەم ڕۆژی فێرگە بکەم.

## یەکەم ڕۆژی چوونە فێرگەی منداڵان لە نەرویج

لە نەرویج، یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی فێرگە، بۆ منداڵانی پۆلی یەک زۆر گرنگە. لەم ڕۆژەدا ڕێزێکی زۆر لەو منداڵانە دەگیرێت، کە یەکەم ڕۆژی چوونە فێرگەیانە. بەڕێوەبەر و گشت مامۆستاکانی فێرگەکە لە گۆڕەپانی فێرگەدا پێشوازی لە فێرخوازە نوێیەکان و دایک و باوکیان دەکەن. دەبێت، دایک، باوک، یان هەر کەسێکی دیکە، کە سەرپەرشتکاری منداڵەکەیە، لەوێ ئامادەبن. بەڕێوەبەر و

مامۆستای پۆڵ یەکە، یەکە تەوقە لەگەڵ منداڵەکان دەکەن و خۆیانیان پێدەناسێنن و ناوی منداڵەکان دەپرسن.



یەکەم ڕۆژی فێرگە،بەڕێوەبەرێک خۆی نووشتاندۆتەوە و تەوقە لەگەڵ منداڵێکی پۆلی یەکدا دەکات.

گەر ژمارەی منداڵەکان زۆربوو، ئەوا بە پێی ئەلفوبێی ناوەکانیان، پۆلەکانیان بۆ جیادەکەنەوە.
دەگمەنن ئەو فێرگانەی، کە لە دوو (پۆلی یەک) زیاتری هەبێت. مامۆستایەک، کە پێشتر بەڕێوەبەر دەستنیشانی کردووە، دەبێتە مامۆستای پۆل و تا کۆتایی پۆلی سێ هەر ئەو مامۆستای سەرەکی گشت وانەکانە، مەگەر لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا مامۆستایەکی دیکە هاوکاری بکات.
ئەم شێوازی یەک مامۆستاییە زۆر گرنگە بۆ ئارامی و دڵنیابوونی منداڵ و بنیاتنانی پردی پەیوەندی و متمانە لە نێوان منداڵ و مامۆستا و فێرگە بەگشتی. گەر لە ڕۆژێکدا پێنج، یان شەش مامۆستای جیاواز بێنە پۆلێکەوە، بۆ منداڵێکی شەش ساڵان ئاسان نییە، بتوانێت پەیوەندییەکی هاوڕێیانە و متمانە ئامێز لەگەڵ ئەو گشتە مامۆستایەدا بنیات بنێت.
هەر ئەو ڕۆژی یەکەمە، بەڕێوەبەرایەتی فێرگە ( فادەر ) کە لەوشەی باوکەوە هاتووە، یان چاودێرێک بۆ هەریەک لە منداڵەکانی پۆلی یەک دیاریدەکات. گەرچی ئەمە یاسا نیە و ڕێسایە، واتە فێرگەکان ئازادن لە کردن، یان نەکردنی ئەم کارە خۆیان بڕیاردەدەن. بەڵام زۆربەیان پیادەیدەکەن. کاری فادەر ئەوەیە لەکاتی پشووەکاندا ئاگای لەو منداڵە بێت و گەر پێویست بکات، یارمەتیشی بدات. بەڕێوەبەرایەتی فێرگە هەوڵدەدات فادەرەکان، کە منداڵانی پۆلی سێ و چوارن،

دراوسێ، یان لە هەمان کۆڵان و بلۆکی منداڵەکانی پۆلی یەک بن. تا لەکاتی هاتن و گەڕانەوەش ئاگایان لە منداڵەکان بێت. بەم کارە، منداڵەکانی پۆلی یەک زیاتر هەست بە ئارامی و متمانە دەکەن.

هاوسەرەکەم و من، سێ جار(سێ منداڵمان هەیە) لە ڕێوڕەسمی یەکەم ڕۆژی فێرگەدا(لە نەرویج) بەشداریمان کردووە. هەر سێ جارەکە، خەمێکی سەخت، دەروونمی دەئاخنی، ئاخر هەر سێ جارەکە یەکەم ڕۆژی چوونە فێرگەی خۆمم بیردەکەوتەوە.

*((گۆشتی بۆ تۆ ئێسقانی بۆ من ! ))*

((باوکم و خاڵەکانم، قەساب بوون. بەتەمەنی شەش ساڵی، لە دوکانی خاڵم شاگرد بووم. ئەمە پێشێلکردنی ماف و ئازادی منداڵە. یەکەم کارکردنە بە منداڵ و دووەم زوەتکردنی منداڵی منداڵە. ئاخر منداڵ لەو تەمەنەدا دەبێت، لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا گەمە بکات و ساتەکانی منداڵی خۆی تێپەڕێنێت، نەک بچەوسێنرێتەوە و ڕۆژانە شەش تا هەشت سەعات لەبەر دوکان کاری پێبکرێت.

چێشتهەنگاوی ڕۆژێکی کۆتایی هاوینی ١٩٦٦، دایکم هات بۆ دوکانی خاڵم لە گوزەری قەسابەکان لە بازاڕی بەر بەلەدییەکەی سلێمانی و پەلی گرتم و بەرەو فێرگەیی کانێسکانی دووەم ( دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە گۆران، ئێستا خوێندنگەی جەواهیری یە) بەڕێکەوتین.

نە من خۆم هیچم دەربارەی فێرگە دەزانی، چونکە یەکەم منداڵی خێزانەکەمان بووم، دەخرامە فێرگە، هەرچەندە خوشکێکی لە خۆم بەتەمەنترم هەبوو، بەڵام ئەو نەخرابووە فێرگە؛ نە دایکیشم هیچی دەربارە دەزانی، تا بۆمی باسبکات. ئەویش خۆی نەخوێندەوار بوو.

ئەو شەقامەی، کە دەیگەیاندینە فێرگەکە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو. لەو بەرەی ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین، لای دەستە ڕاستمان گشتی خانووی گەورە گەورە بوو. لای دەستە چەپمان، باخی گشتی، یانەی فەرمانبەران و ماڵی یەکێک لە دادوەرە بەناوبانگەکانی ئەوکاتەی شار بوو( دواتر کرا بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆ) و فێرگەی کانێسکان بوو. ( کانێسکانی یەکەم و دووەم، لە هەمان بینادا بوون) ڕۆژەکەی زۆر گەش و ئاسمان شین و بێ هەور بوو! زۆر بەئاسانی لە شەقامەکە پەڕینەوە، چونکە بەدەگمەن ئۆتۆمبیلی پێدا تێدەپەڕی. بە درێژایی ڕێگاکە، دایکم هەر پەلی ڕادەکێشام، بیریشم نایەت، لە (( دەبڕۆ، دەخێراکە)) زیاتر، گوێم لە هیچی دیکە بووبێت! مەکتەبەکە دەرگایەکی دووتاکی باریکی ڕەنگ خۆڵەمێشی هەبوو، تاکی لای ڕاستیان لەسەرپشت بوو. هەر کە پێمان نایە ناو دەرگاکەوە، دەبووایە بە سێ پلیکانە، کە لە چیمەنتۆیەکی زۆر ساف دروستکرابوو، بچینە خوارەوە. پلیکانەکان بە پیادەڕەوێکی. نزیکەی یەک مەتر پان و دە مەتر درێژەوە، پەیوەست بوو. بە دوو پلیکانەی بەرز و پان کۆتایی دەهات، کە دەیبردیە ناو دەرکی سەرەکی بینای فێرگەکەوە. ئەملاوئەولای پیادەڕەوەکە، دوو پانتایی بە چیمەن داپۆشرا و چواردەور بە گوڵی دەمەشێر و مێخەک، ڕازاوە بوو. دەمەشێرەکان ڕەنگاوڕەنگ بوون، بەڵام مێخەکەکان گشتیان سوور بوون. یەکەمجارم بوو هێندە گوڵ ببینم، دیمەنەکەم زۆر لەکن جوان بوو. دوای چلوشەش ساڵ لەو ڕۆژە، ئێستاش گوڵی مێخەک، بەتایبەتیش مێخەکی سوور، لەلام جوانترین گوڵە!

دیمەنی باخچەکە، تەواو سەرسامی کردبووم. نەمدەزانی چرکەساتی ئایندە چی ڕوودەدات! بەڵام لەپڕ دەنگێکی گڕ بەئاگای هێنامەوە. پیاوێک جلی کوردی لەبەردابوو، بە چیچکانەوە جگەرەی دەکێشا گووتی: (( ها ! بۆکوێ؟ )) نە تۆنی دەنگ و نە نیگای کابرا، دۆستانە نەبوو! من هەنگاوێک

خۆم خستە پشت دایکمەوە. دایکم گووتی: (( برام هاتووم ئەم کوڕەم داخڵی مەکتەب بکەم)) کابرا گووتی : (( حەی! خۆ وا مەکتەب تەواو دەبێت! )) من تێنەگەیشتم مەبەستی چییە؛ وابزانم دایکیشم هەر لە مەبەستی کابرا تێنەگەیشت! ( دواتر بۆمان ڕوونبۆوە، کە مەبەستی ئەوە بووە، هەفتەیەکە خوێندن دەستیپێکردوە و ئەو ڕۆژەش، کە دایکم منی تێدا ناونووس کرد، نزیکی نیوەڕۆ بوو، تەنها یەک وانەم خوێند) پیاوەکە بە نابەدڵی، جگەرەکەی، هەرچەندە زۆر کورتیش ببووە، لەسەر لێواری پلیکانەی دووەم دانا و گووتی (( دەی! وەرە)) لە دەرکی سەرەکی چووینە ژوورەوە. کابرا بەرەو لای ڕاست ڕۆیشت و ئێمەش بە دوایدا. پیاوەکە لە دەرگایەکی دا هیچ وەڵام نەبوو، جارێکی دیکەی لێیدایەوە و چاوەڕێی وەڵامی نەکرد و دەرگاکەی کردەوە. تا دەهات من زیاتر نیگەران دەبووم و دڵەڕاوکی و ترس دایدەگرتم.

کە دەرگاکە کرایەوە، ژوورێکی، هەرچەندە زۆر فراوان نەبوو، بەڵام زۆرجوان ڕازابۆوە و بە تاقمێک قەنەفەی جوانیش پڕکرابۆوە. پیاوێکی(ئەفەنی) چاکەت وپانتۆڵ لەبەر، لە پشت مێزێکی گەورە، کە پارچە شوشەیەکی لاکێشەی لەسەر دانرابوو، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو خەریکی نووسین بوو. دوای چەند چرکەیەک سەری هەڵبڕی و ڕوویکردە کابرا و گووتی ((ها! چییە؟)) کە ڕووخساری ئەو پیاوەم بینی، نەک هەر ڕووخساری نادۆستانە، بەڵکو زۆر بەسامیش بوو، ئیدی نیگا نادۆستانەکەی کابرای یەکەمم لەبیرچۆوە. کابرای جل کوردی لەبەر، وەڵامیدایەوە و گووتی : ((قوربان ئەمە هاتووە ئەو منداڵە داخڵبکات)) گەرچی سیمای ئەو ئەفەنییە زۆر بەسام بوو، بەڵام قژی زۆر سەرنجی ڕاکێسام، چونکە زۆر چەور بوو، یەکپارچە ڕۆن بوو، دەبریقایەوە! لەو گێژەنی دڵەڕاوکێ و ترس لە هەڵوێستی نادۆستانەی ئەم دوو پیاوە، من پرسیارێک هاتبووە مێشکمەوە. حەزمدەکرد لەو ئەفەنیە بپرسم، کە بەچی قژی وا چەور بووە، ئایا دوگی لێداوە؟ بەڵام جورئەتم نەکرد ئەو پرسیارەبکەم. دیتم دایکم قسە بۆ ئەفەنییەکە دەکات، بەڵام من هەر داڵغەم لە قژی کابرا دابوو؛ گوێم لە قسەکانی دایکم نەبوو. لەپڕێکدا دەستی پیاوە جل کوردی لەبەرەکە، شانی ڕاوەشاندم و بەئاگای هێنامەوە. زۆر بە تووڕەییەوە گووتی (( کورە، جوان ڕاوەستە)). بیرم نایەت ناشیرین، یان خراپ ڕاوەستابم! بەڵام پێدەچوو ئەو پیاوە دەرکی بەوە کردبوو، کە من زۆر بەسەرسامییەوە سەرنجی قژی ئەفەنییەکەم دەدا، ئەویش بە ئەرکی خۆی زانیبوو، کە بەرپێوەبەرەکەی (گەورەکەی) لە نیگای گوماناوی بپارێزێت، بۆیە وا دڕندانە شانی ڕاوەشاندم! ئیدی پۆلەباڵندەی سرکی پرسیار، هێلانەی ئەندێشەمیان جێهێشت و لە پەنجەرەی ژووری ئەفەنییەکەوە دایان لەشەقەی باڵ و فڕین. دیاربوو لەمێژبوو من چووبوومە دنیای پرسیار و ئەندێشەوە، چونکە کە کابرا بەئاگای هێنامەوە، گفتوگۆی دایکم و ئەفەندییەکە لە کۆتایی نزیک ببۆوە. وێنەیەکی گچکەی خۆمم بەدەست ئەفەنییەکەوە بینی، خەریکبوو بە (مەکینەی دەرزی) دەینوساند بە دەفتەرێکی گەورەوە، بە بۆڵەیەکە و بە تۆنێکی بێ زارییەوە، بێ ئەوەی سەیری دایکم بکات، گووتی (( جا ئەمە ڕەسمە؟!)) کە گوێم لەم ڕستە ناتەواوە بوو، ملم درێژکرد سەیری وێنەکەی خۆم بکەم بزانم چییەتی وا ئەو پیاوە بەدڵی نییە! ئەو ئەفەنییە، کە تا ئەو چرکەساتە نیگایەکی منی نەکردبوو، زۆر نادۆستانە سەرنجی دام و گووتی: (( بڕۆ دواوە)) دوای ئەو نیگا و تۆنی دەنگە زۆر نادۆستانەیی جەنابی ئەفەنی، ئیدی گومان و نیگەرانییەکم بوو بە ترس! هەر کە بەمنی گووت بڕۆ دواوە، ڕوویکردە کابرای جل کوردی لەبەر و گووتی: (( بیبە بۆ سنفەکەی مامۆستا......... )) کابرا لەوە دەچوو، زۆر پەرۆشی جێبەجێکردنی فەرمانێکی وەها بووبێت، یەکسەر هات و شانی چەپمی گرت و گووتی: ((پێشمکەوە!))

هەمان کات ڕوویکردە دایکم و پێیگووت ((دەی تۆش برۆ)) کابرا منی دابووە پێش خۆی و لە ژووری ئەفەنییەکە هاتبووینە دەرێ، من ئاوڕێکم بۆ دایکم دایەوە، ئەو هێشتا لە بەر دەرگای ژوورەکە بوو، بە کابرای ئەفەنی گووت: (( ئیتر مامۆستا گیان هەروەک عەرزمکردی، گۆشتی بۆ تۆ و ئێسقانی بۆ من!)) کە گوێم لەم گووتەیە بوو، هێندەی دیکە ترس دایگرتم. هاوکات گوێشم لە وەڵامی کابرای ئەفەنی بوو، بە بێ زارییەوە دەیگووت: (( باشە دەبڕۆ دایکم!))

لە دوکان، هەموو ڕۆژێک دەمدیت، چۆن گۆشت لە ئێسقان دەکەنەوە. لە (قۆکابۆلەری) فەرهەنگی زمانی قەسابان، بەو کارە دەگووترێت، داڕوتاندن.

ئیدی کابرای جل کوردی لەبەر، بەتەواوی دڵنیا بوو، کە لەمڕۆوە تا شەش ساڵی دیکە (هەرچەندە بۆ من بوو بە هەشت ساڵ) میوانی بەندینخانەکەیانم، بۆیە بە گشت هێزی دەستی ڕاستی ، لە ئاستی پشتملمدا یەخەی کراسەکەی توند گرتبووم. هێندە توند گرتبووی، دوگمەی کراسەکەم لە قوڕگم توووند ببوو، ئازاری دەدام. ئیدی منێکیش، کە هەمیشە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆمم لە مێشکمدا بەرجەستە دەکرد، خۆم بە ئێسکەپەیکەرێک دەهاتە بەرچاو، کە تەواوی کوتە گۆشتەکانی جەستەی لەسەر شووشەی مێزی ژوورەکەی ئەفەندی تۆپەڵ کرابوو. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیشدا بەرەو پۆلەکی، کە بۆی دەچووین؛ پارچەیەک ئێسکم هەڵدەوەری، پێکانم، لوولاقەکانم، بڕبڕەی پشتم، شووڵی پەراسووەکانم، دەفەی شانەکانم، گەردەملم. تا گەیشتینە بەر دەرگای پۆلە، وام هەستدەکرد تەنها کەللەم ماوە! )) کاتێک، کابرا تەقەی لە دەرگای پۆلە هەڵساند، منیش بەئاگا هاتمەوە، سەیرێکی جەستەی خۆمم کرد. باشبوو گشت پارچەکانی مابوون ! ))

ساڵی ١٩٩٣، دوای دووساڵ و نیو جێگیربوون لە باکوری نەرویج، من و خێزانەکەم(هاوسەر و سێ منداڵ) کۆچمانکرد بۆ ئۆسلۆ(پایتەخت). لە وڵاتێکی گچکە و کەم حەشاماتی وەک نەرویج، بواری خوێندن و کارکردن، هەر لە پایتەختدا زۆرە.

کچە گەورەکەمان، ساڵێک پێشتر. لە باکوور چووبووە فێرگە و لە پۆلی یەک، لەگەڵ منداڵەکانی دیکەی پۆلەکەی(گشتیان نەرویجی بوون) و مامۆستاکانیشدا باش گونجا بوو. زۆر ئاسوودە بوو. لە گشت چالاکییەکانی پۆل و فێرگەشدا بەشداریدەکرد.

کاتی کۆچەکەمان، بۆ ئۆسلۆ، کەوتە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایز. کاتی دەستپێکردنی ساڵی خوێندن. هەتا ماڵمان گواستەوە و خانوومان دەستکەوت، دوو هەفتەی خوێندن بەسەرچوو. ئەم ماوەیە بۆ منداڵ، بەتایبەتی ئەوانەی تازە دێنە پۆل و فێرگەی نوێ، زۆرگرنگە.

بەیانی ڕۆژی دووشەمە، وەک پێشتر لەگەڵ بەڕێوەبەرەکە ڕێکەوتبووم، سەعات حەوت و نیو، کچەکەمم برد بۆ فێرگەکە(نزیکەی پێنج خولەکێک بە پێ ڕۆیشتن، لە ماڵەکەمانەوە دووربوو) بەڕێوەبەرەکان هەمیشە زوو دێنە دەوام. کە لە دەرگای ژووری بەڕێوەبەرمان دا، خەریکی نووسین بوو، یەکسەر بە ڕوویەکی گەشەوە بەرەوپیرمان هات(من پێشتر بۆ ناونووسکردنی کچەکەم چووبووم) و تەوقەی لەگەڵ کچەکەم کرد و خۆی پێناساند. ئەوجا ناوی لێپرسی و زۆر بەخێرهاتنی کرد و کەوتە ستایشی قژە ڕەشەکەی و جلوبەرگ و جانتاکەی، دواتر لەسەر کورسییەک لە تەنیشت خۆیەوە داینا و هەندێک پرسیاری دەربارەی باکووری نەرویج لێکرد و گووتی، کە باوکی ئەویش خەڵکی باکوورە.

دواتر پرسی، کە ئایا خوشک و برای دیکەی هەیە، ناویان چییە، تەمەنیان چەندە، ناوی مامۆستاکەی

لە فێرگە کۆنەکەی و، ئیدی پرسیاری لەم بابەتانە، تا دواتر گووتی، کە ئێستا مامۆستای پۆل دێت و لەگەڵ خۆی دەتباتە پۆلە نوێیەکەت و بە هاوپۆلەکانت دەناسێنێت. دوای ئەم پرسیارانە، چوو پاکەتێکی هێنا، کە ناوی کچەکەمی لەسەر نووسرابوو. پاکەتەکە گشت ئەو کتێبانەی تێدابوو، کە لە پۆلی دوودا دەخوێندرێن.(لەڕاستیدا کتێب دابەشکردن، هەر بەشێوەیەکی ئاسایی لە پۆلدا دەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی کچەکەی من دوو هەفتە دوواکەتبوو، بۆ ئەوەی هەست بە نامۆیی نەکات) هەمان کات لەگەڵ هاتنی کتێبەکاندا مامۆستای پۆلیش گەیشت. ئەویش بەهەمان شێوە خۆی پێناساند و ناوی ئەوی پرسی و هەندێک  پرسیاری هاوشێوەی پرسیارەکانی بەڕێوەبەری لێکرد.
هەر مامۆستایەک کلیلی ژووری پۆلی خۆی پێیە، پێش هاتنی فێرخوازەکان بە چەند خولەکێک پۆلەکە دەکاتەوە و چاوەڕێیان دەکات و یەک یەک  بە ناوی خۆیانەوە بەیانی باشیان پێدەڵێت.
ئەو ڕۆژە، مامۆستای ئەو پۆلەی، کە کچەکەم بۆی دەچوو، لەبەرئەوەی فێرخوازە نوێیەکە، واتە کچەکەم، تووشی دڵەڕاوکێ و شەرم نەبێت، لەگەڵ خۆی، لەبەردەرکی پۆلەکە وەستانی و یەک یەک، بە منداڵەکانی ناساند. گەرچی دووهەفتە بوو خوێندن دەستی پێکردبوو، بەڵام من پێش ئەوە، بە چەند ڕۆژێک، کچەکەمم ناونووس کردبوو، بۆیە بەپێی پیتی یەکەمی پاشناوەکەی(ناوی فامیلی) جێگەیان لە پۆلەکەدا بۆ دیاریکردبوو. دوای ئەوە، من و بەڕێوەبەرەکە، کە تا ئەو دەمە، لەبەر دەرگای پۆلەکەدا وەستابووین، بەرەو ژووری بەڕێوەبەر بەڕێکەوتین. بەڕێوەبەر داوای لێکردم، کە تا وانەی یەک تەواو دەبێت لەلای بمێنمەوە، نەکوو کچەکەم پێویستی بەمن بێت. هەرچەندە من دەمزانی کچەکەم دەتوانێت لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەڵبکات، چونکە لە تەمەنی دووساڵییەوە، تا تەمەنی پێنج ساڵی، ئاوارەی سێ وڵات ببوو!
بەڕێوەبەر، بردمیە ژوورەکەی خۆی و قاوەی بۆهێنام و بەدەم کارکردنەوە پرسیاری لەبارەی هۆی هاتنمان بۆ نەرویج، بارودۆخی کوردستان، کیمیای باران و جەنگ و پرسیاری لەوبابەتانە. دواتر پرسیاری دەربارەی کلتوری کوردی و خووخدەی خەڵکی کورد و سیستەمی خوێندن و فێرگەی کوردستان، لێدەکردم. پێش تەواوبوونی وانەکە داوی لێکردم، کە بچێنە بەر پۆلەکە. هەر لەگەڵ لێدانی زەنگی پشوودا، چوینە پۆلەکەیان و یەکسەر بەڕێوەبەر چووە لای کچەکەم و لە تەنیشت مێزەکەیەوە بەچیچکانەوە، کەوتە پرسیارلێکردنی. ئایا پۆلەکەی لەلا خۆشە؟ مامۆستاکەی بەدڵە؟ و چەند پرسیارێکی دیکەی لەو بابەتە.
لە نەرویج، مامۆستایانی قۆناخی سەرەتایی هەمیشە بەجۆرێک دەوەستن، کە لە ئاست منداڵەکاندا بن، بۆئەوەی منداڵ هەست بە ئارامی بکات و واتێنەگات، کە مامۆستا زاڵە بەسەریدا.
(هەردەم، کە ئەم دیمەنە دەبینم مامۆستاکانی  خۆمم بیردەکەوێتەوە، ئەوان نەک هەر زاڵبوون بەسەر ئێمەی منداڵدا، بەڵکو وەک میرغەزەب(سەرۆکی ئەشکەنجەدەران) حەیزەرانیشیان پێبوو!)
دوای ئەوەی بەڕێوەبەر و مامۆستای پۆلیش، لێیان پرسی و دڵنیابوون، کە کچەکەم هەست بە ئارامی دەکات و لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەڵدەکات، ئەوجا ڕێگەیاندام بڕۆم.
هەر ڕۆژێک لە کچەکەممان دەپرسی، کە کێ لە پۆلەکەدا بووە بە هاوڕێی، وەڵامی نەبوو. هەفتەیەک تێپەڕی، دایکی و من، پێمان ئاسایی بوو. بەڵام هەفتەی دووەم و سێیەمیش، بەهەمان شێوە بوو. ئیدی هەستمان کرد، کە کار وەک پێویست ناڕوات. ئێمە دەمانزانی هەڵسوکەوتی کچەکەمان دۆستانەیە و زوو هاوڕێ پەیدادەکات، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا هەندێک گۆڕان لە هەڵسوکەتیدا ڕوویدا. لەگەڵ خوشک و باکەیدا، نادۆستانە دەجولایەوە. زوو توڕە دەبوو. زوو دەگریا.

دوای ئەوەی دایکی و من، زۆر لەگەڵی خەریک بووین، کە هۆکاری ئەم هەڵسوکەتە نادۆستانەیەی چییە؟ ئاشکرای کرد، کە ئەو لە پۆلەکەیدا تەنهایە و هاوڕێی نییە. کەس یاری لەگەڵدا ناکات و لە هیچ چالاکییەکدا بەشداری پێناکەن. لەکۆی ٢٣ منداڵ لەو پۆلەدا، تەنها ئەو و دوو منداڵی دیکە نەرویجی نەبوون. گەرچی هاوسەرەکەم پێیوابوو، کە هۆیەکەی(ڕاسیستتی) ڕەگەزپەرەستی یە.
(ئەم بۆچوونە، لەناو خێزان و خەڵکی پەناهەندە، بەتایبەتیش، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین، زۆر باوە. هەرچی هەڵەیەک و لێکدی تێنەگەیشتنێک لەنێوان نەرویجی و نانەرویجیدا ڕوویدات، یەکسەر هۆیەکەی بە ڕاسیستی نەرویجییەکان دادەنێن!) بەڵام. من هاوڕای نەبووم. گەر وابووایە، ئەدی بۆ ئەو دوو منداڵ نانەرویجییە، کە یەکێکیان سۆماڵی و ئەوی دیکە، تامیلی سریلانکی بوو، بۆ نەبوون بە هاوڕێی. هۆکارەکەی ئەوەبوو، ئەو منداڵانە زۆربەیان، چەند ساڵێک لە باخچەی منداڵان و ساڵێکیش لە (قۆناخی پێش فێرگە) پێکەوە بوون و گشتیان خەڵکی یەک گەرەک و زۆربەشیان دراوسێی یەکدی بوون. ساڵێکیش لە پۆلی یەک پێکەوە بوون، ئیدی، چوونە ناو گرۆپێکی تۆکمەی لەو جۆرە، بۆ منداڵێکی، کەمێک شەرمنی وەک کچەکەی ئێمە، هەروا ئاسان نەبوو.
بڕیارماندا بچینە لای مامۆستاکەی. تا چارەسەرێک بۆ کێشەکە ببینینەوە.
لە قۆناخی بنەڕەتی، پۆلی ١ تا ٣، لە کۆتایی هەفتەدا دوو سەعات/ دوو وانەین هەیە، بەناوی وانەی خۆشبەسەربردن، یان چالاکی جۆراوجۆر. پێشنیارمان بۆ مامۆستاکەی کرد، کە ڕێگەمان بدات، جارێک ئەو دوو وانەیە، ئێمە ڕێکی بخەین. پلانەکەمان بۆ مامۆستاکە ڕوونکردەوە. ئەو ڕەزامەندی نیشاندا و زۆریشی لەلا باش بوو، بەڵام دەبوایە ڕەزامەندی بەڕێوەبەر و باوانی منداڵەکانیش وەربگرین.
دوای ئەوەی پلانەکە بۆ بەڕێوەبەریش ڕوونکرایە، نەک هەر ڕازی بوو، بەڵکو سوپاسی کردین، کە لە کێشەیەکی وادا، هاوکاری فێرگە دەکەین( ئاخر فێرگەی ڕاستەقینە، کێشەیەکی لەو جۆرە، بە کێشەی خۆی دەزانێت!) ئێمە پێشنیارمان کرد، کە ئەو دوو سەعاتە، لە کۆتایی هەفتەدا نەبێت، بەڵکو گۆڕانێک لە پلانی هەفتەدا بکرێت، بەشێوەیەک، کە ئەو دوو وانەیە بکەوێتە ناوەڕاستی هەفتەوە، نەک، کۆتایی هەفتە. مەبەستیشمان ئەوەبوو، گەر کۆتایی هەفتە بێت، واتە هەینی، ئەوا دوو ڕۆژ پشووی کۆتایی هەفتەی لەدوایە. منداڵەکان ڕۆژی دووشەمە دەگەڕێنەوە فێرگە، ڕەنگە زۆربەی ڕوداوەکان و پرۆگرامەکەیان لەبیربچێتەوە! چونکە ئێمە دەمانویست، منداڵەکان ڕا و سەرنجی خۆیان، سەبارەت بەو شتانەی لە پرۆگرامەکەدا دەیبینن، بەگووتن، یان بە نووسین و وێنە، دەرببڕن! وەک ئەوەی ویستمان، لە ناوڕاستی هەفتەدا، دوو وانەی کۆتایی ڕۆژی چوارشەمە، درا بەئێمە.
پرۆگامەکە، بەم شێوەیە بوو:
چالاکییەکە، لەدەرەوەی فێرگە بێت، بۆیە ڕەزامەندی باوانی منداڵەکان، پێویست بوو. مامۆستای پۆل منداڵەکانی هێنایە شوێنی دیاریکراو. خۆشبەختانە ڕۆژەکەی هەتاو بوو!
خواردنی نەرویجی و کوردی(خواردنی سەرپێی، کە قاپ و کەوچکی نەوێت) وەک سۆسیج و شفتە و نوقڵ و شوکولادە. بە شێوەیەکی گشتی، منداڵی نەرویجی، تەنها جارێک لە هەفتەدا شیرینی، نوقڵ و شوکولادەی بۆ دەکڕن، ئەویش لە ڕۆژی شەمەدایە. ئێستا لە ناوەڕاستی هەفتەدا بیخۆن، گۆڕانێکە! نیشاندانی ئەلف وبێی کوردی و نەخشە و ئالای کوردستان.
نیشاندانی هەندێک وێنەی کچەکەمان، کە لەگەڵ بابەگەورە و نەنکی گرتبووی. لە زۆربەی چالاکی منداڵەکان لە فێرگەدا، وەک گروپی مۆسیقا، تیپی فۆتباڵ و ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندندا، نەنک

و پاپیری زۆربەیان بەشدار دەبن. چونکە، زۆربەی، نەنک و باپیرە، لە باوان زۆرتر نازی منداڵەکان دەکێشن، منداڵەکان زۆر شانازی بە نەنک و باپیریانەوە دەکەن!
لەگەڵ مامۆستاکە، ڕێککەوتبووین، کە گشت، یان زۆربەی کارەکان، کچەکەمان بیکات، وەک: خواردن و شیرینی دابەشکردن، نیشاندانی ئەلف وبێی کوردی و بەراوردکردنی بە ئەلف وبێی نەرویجی.
مەبەست ئەوەبوو، کە بۆ منداڵەکانی بسەلمێنین، ئەو کچەی، یان ئەو هاو پۆلەی، کە ئێوە هیچ حسابێکی بۆناکەن و نایکەن بە هاوڕێی خۆتان، زۆر شتی لە توانادا هەیە، کە ئێوە، نەک هەر ناتوانن، بەڵکو، نەشتان دیوە و نەشتان بیستووە!
دابەشکردنی خۆراک، لەلای منداڵانی سەرەتایی، لە نەرویج، بە کارێکی گرنگ دادەنرێت. لە فێرگەی سەرەتاییدا، منداڵان شیر وەردەگرن. بەپێی خشتەیەک هەر ڕۆژێک یەکێک لە منداڵەکان پاکەتە شیرەکان، لە بەڕێوەبەرایەتی وەردەگرێت و لە پۆلدا دابەشی دەکات. بەوپێیە، لە پێنج تا شەش هەفتە جارێک ئەو کارە دەکات. نزیکەی گشت منداڵەکان کارەکەیان لەلا گرنگە. لەڕاستیشدا، ئەزموونکردنی بەرپرسیاریەتییە. لە ڕۆژی پرۆگرامەکەدا، کچەکەمان دووجار، ئەو کارەی ئەنجامدا. جارێک خواردن و جارێک شیرینی دابەشکرد. دواتر وێنەکانی خۆی، کە لەگەڵ نەنک و باپیریدا، هاوینی هەمان ساڵ، دوای نزیکەی شەش ساڵ لە ئاوارەبوون، بۆ یەکەمجار سەردانی کوردستانمان کرد، گرتبووی، نیشانی هاوپۆلەکانی دا و باسی بۆدەکردن، کە بابەگەورەی بەڕێوەبەری فێرگە بووە. بۆی باسدەکردن، لەبەر دوورییە، کە نەنک و باپیری ئەو ناتوانن، لە چالاکییەکانی فێرگەدا، لێرە بەشداربن. دوای نیشاندانی ئەلف و بێی کوردی و بەراوردکردنی بە ئەلف و بێی نەرویجی، ناوی گشت هاوپۆلەکانی بە ئەلف و بێی کوردی لەسەر پەڕەکاغەز بۆ نووسین. منداڵەکان، کە هەرگیز ئەلف و بێی(بەگووتەی خۆیان) واسەیریان نەدیبوو، سەریان سوڕمابوو، کە چۆن ئەو دەتوانێت بەو ئەلف و بێ سەیرە بنووسێت! لای ئەوان سەیربوو، بەڵام کچەکەمان دەیتوانی بە کوردی بنووسێت و بخوێنێتەوە. پێشتر لە ماڵەوە، دایکی فێری کردبوو؛ هەر کە لەو فێرگەیەش وەرگیرا، داوای وانەی کوردیمان بۆکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو تاکە منداڵێکی کورد بوو لە فێرگەکەدا، لەسەر بودجەی فێرگەکە، دایکی بوو بە مامۆستای زمانی کوردی بۆ کچەکەمان. لە کوردستان هاوسەرەکەم وەک مامۆستا کاری کردبوو. لە نەرویجدا، هەر منداڵێکی نانەرویجی، مافی ئەوەی هەیە فێری زمانی خۆی، یان، (زمانی دایکیی) ببێت. ساڵانە بودجەیەکی زۆر بۆ ئەو پرۆسەیە خەرج دەکرێت.
(لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا، بە ملیۆنەها منداڵی کورد، لەم مافە سروشتییەی، کە لە هەردوو جاڕنامەی ڕێکخراوی –یوئێن- بۆ مافی مرۆڤ و مافی زاڕۆکاندا ئاماژەی پێدراوە، بێ بەشن)
دواجاریش هەندێک گۆرانی منداڵانە و گەمەی منداڵانەی کوردی، بەتایبەتی هەڵماقۆ بۆ کچان و ماتانێ/ هەڵماتێن بۆ کوڕانمان نیشاندان. منداڵەکان ئەو یاریانەیان زۆر لەکن خۆش بوو. ئاخر هەرگیز یاری لەو جۆرەیان نەدیتبوو!
وەک ئاماژەم پێدا، بەمەبەست چالاکییەکەمان خستە ناوەڕاستی هەفتە، چونکە داوامان لە مامۆستای پۆلەکە کردبوو، کە ڕۆژی دوای ئەوە داوا لە منداڵەکان بکات، سەرنجی خۆیان، سەبارەت بەو چالاکییە دەرببڕن. مامۆستاکە، وانەی یەکەمی ڕۆژی دوای چالاکییەکەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبوو. گشت منداڵەکان بە شێوەیەک لەم شێوانە، ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیبوو. هەندێک وێنەی کێشابوو، هەندێک کۆمێنتاری نووسیبوو، هەندێکیش بەزارەکی. تا ئێستا، دوای ١٩ ساڵ، گشت ئەو وێنە و کۆمێنتارانەمان پاراستووە. مامۆستا و بەڕێوەبەریش، چالاکییەکەیان لەکن پەسەند بوو.

بەکورتی، کچەکەی ئێمە لەلایەن هاوپۆلەکانیەوە، پەراوێزخرابوو. پەراوێزخستنیش جۆرێکە لە مۆبەکردن، واتە کچەکەی ئێمە مۆبەدەکرا. بەڵام ئێمە وەک دایک و باوک، لەلایەک، هاوکاری مامۆستاکە و بەڕێوەبەرایەتی فێرگەش لەلایەکی دیکەوە، کارێکمان کرد، کە توانیمان بەرەنگاری مۆبەکردن ببینەوە.
ڕۆژی دوای چالاکییەکە، گەلێک دەستخۆشیمان لەلایەن باوانی منداڵەکانەوە، چ ڕووبەڕوو، یان بە نامە و بە تەلەفۆن بۆهات. هەر ئەو ڕۆژەش، دووان لە هاوپۆلەکانی کچەکەمان، هاتن بەمیوانی. ئیدی پەراوێزخستن نەما و دەرگای هاوڕێیەتی بۆکرایەوە و پەیوەندییەکی زۆر بەتینی لەگەڵ زۆربەی هاوپۆلەکانیدا پەیداکرد، تەنانەت تا ئێستاش، دوای ١٩ساڵ، لەگەڵ چەند کەسێکیاندا، هەر هاوڕێیە.
............................

---

## سەرچاوە

### کوردییەکان

* پلانی فێرکاری بۆ فێرگەی بنەڕەتی، کەریم مستەفا، ڕێکخراوی کۆمەک، ٢٠٠٩
* کۆمار، ئەفلاتۆن، و. د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩
* ئێمیل، ژان ژاک ڕۆسۆ، وەرگێڕانی. ڕەسوڵ سوڵتانی، هەولێر ٢٠٠٨
* کتێبی بەرەنگاریی چەپاندن، نوسینی، ئەرلینگ ڕۆنالد و گرێتە سوێرنسن ڤالاند، تەرجەمەی لە نۆروێژیەوە، محەمەد مدیری، کۆمەک، ئۆسلۆ، ٢٠١١
* سایتی ئاوێنە، لە ٢٠١١/١/٢٥

### عەرەبییەکان

- هكذا تكلم زرادشت، فردريک نيتشه. ت. فليكس فارس، دار القلم، بيروت-لبنان.
- النبی، ل، ٦٦ و ٦٧. جوبران حەلیل جوبران، ئەلنەوفەل، بەیروت، لوبنان، ٢٠٠٦

### ئینگلیزییەکان

/http://people.umass.edu/janbul
(Janoff-Bulman, R. (1992). *Shattered Assumptions: Towards a New Psychology of Trauma*.

Global Human Devlopment Report , UN , 2011, GHDR
www.undp.org

نەرویجییەکان

**DEN NIKOMATISKE ETIKK**

Aristoteles

Oversatt av : Øyvind Rabbås og Anfinn Stigen

Bokklubben Dagens Bøker

Oslo, 1999 ,

**LÆRING AV ANSVAR**

Per Bjørn Foros
Univerisitetforlaget, Oslo, 1989

**MOBING**

Gudmund Sandsleth

Gyldendal Norsk forlag AS. Oslo, Norge 2007

**DEN ANDRE**

Etikk og filosofi i skolen

Leiv Geir Eidhanar, Paul Leer Salvesen, Vigdis Hølen

Høyskoleforlaget . Kristiansand, Norge 2010

**JOHN DEWEYs PEDAGOGISKE FILOSOFI**
Jora Assen
Oplandske Bokforlag, 2008. Valset, Norge

**VITA ACTIVA**

Hanna Aren

Christian Janns

Pax Forlag a/s . Oslo, Norge 1996

ڕۆژنامەکان

Aftenposten. Debat – si. D. 5/9/2011

Aftenposten. Debat – si. D 26/10/2011

Aftenposten. Debat – si. D. 15/11/2011

Aftenposten. Debat – si. D 22/11/2011
Aftenposten. Debat – si. D 4/5/2012
Aftenposten. Debat – si. D 25 /5/2012

ماڵپەڕەکان
www. dr. Dk
www.fvn.no
www.undp.org
www.p4ckurd.net
www.komak.nu
www,ung.no

## This book

This is a short summary of this book.

This book consists of three parts, the first is friendship, the other is bullying, and the third is accountability (responsibility).
I brought some of the main points from the best-known philosophers, educators, psychologists and some authors, who wrote about these three tasks.

The goal is to put a manual in front Kurdish government and parliament, and especially the Department of Education to have the guidance in their future plans. And the book can be a means of helping teachers and parents to establish a good friendship between them and the students and their children. It's also a good overview of bullying and how to help prevent it, the last part, it's about how to teach childrens accountability (responsibility).

Finally there is an event or an experience, that my wife and I help our daughter to get rid of bullying problemms she underwent was it, when she started at a new school.

## Friendship

Friendship is a relationship between two people who hold mutual affection for each other. Friendships and acquaintanceship are thought of as spanning across the same continuum. The study of friendship is included in the fields of sociology, social

psychology, anthropology, philosophy, and zoology. Various academic theories of friendship have been proposed, including social exchange theory, equity theory, relational dialectics, and attachment styles. The value of friendship is often the result of friends consistently demonstrating the following:

-The tendency to desire what is best for the other.

- Sympathy and empathy.

- Honesty, even in situations where it may be difficult for others to speak the truth.

- Mutual understanding and compassion; ability to go to each other for emotional support.

- Enjoyment of each other's company.

-Trust in one another.

- Positive reciprocity - equal give-and-take between the two parties.

- The ability to be oneself, express one's feelings and make mistakes without fear of judgement.

## Bullying (Mobbing)

Mobbing in the contecxt of human beeings means bullyingof an individual by the group in any conetxt

Bullying is a form of aggressive behavior manifested by the use of force or coercion to affect others particularly when the behavior is habitual and involves an imbalance of power. It can include verbal harassment, physical assault or coercion and may be directed repeatedly towards particular victims, perhaps on grounds of race, religion, gender, sexuality, or ability. The "imbalance of power" may be social power and/or physical power. The victim of bullying is sometimes referred to as a "target".

Bullying consists of three basic types of abuse – emotional, verbal, and physical. It typically involves subtle methods of coercion such as intimidation. Bullying can be defined in many different ways. The UK currently has no legal definition of bullying, while some U.S. states have laws against it.

Bullying ranges from simple one-on-one bullying to more complex bullying in which the bully may have one or more 'lieutenants' who may seem to be willing to assist the

primary bully in his or her bullying activities. Bullying in school and the workplace is also referred to as peer abuse.[6] Robert W. Fuller has analyzed bullying in the context of rankism.

Bullying can occur in any context in which human beings interact with each other. This includes school, church, family, the workplace, home, and neighborhoods. It is even a common push factor in migration. Bullying can exist between social groups, social classes, and even between countries. In fact, on an international scale, perceived or real imbalances of power between nations, in both economic systems and in treaty systems, are often cited as some of the primary causes of both World War I and World War II.

## Responsibility

Diffusion of responsibility is a sociopsychological phenomenon whereby a person is less likely to take responsibility for an action or inaction when others are present. Considered a form of attribution, the individual assumes that either others are responsible for taking action or have already done so. The phenomenon tends to occur in groups of people above a certain critical size and when responsibility is not explicitly assigned. It rarely occurs when the person is alone and diffusion increases with groups.

Diffusion of responsibility can manifest itself:

- In a group of people who, through action or inaction, allow events to occur which they would never allow if they were alone. This is referred to as groupthink and groupshift.

- In a group of people working on a task who lose motivation, feel less responsibility for achievement of group goals, and hide their lack of effort in the group (social loafing).

- In hierarchical organizations, when subordinates claim to simply be following orders and supervisors claim that they merely issue directives and do not perform the actions under question. The difficulty of identifying the culpable party is often seen in trials regarding crimes against humanity.